KURDISTAN




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ١٣

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

ڕووح و ڕەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٠٥ لاپەڕووە ٢٠ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- پرسی هەنوکەی ڕۆژهەڵات(٨ بەش) ..................................................... د.ڕێبوار فەتاح ......... ٤
٢- بزووتنەی ژینا و شەڕی سەمبۆلەکان ................................................ چیا کاویان ............ ٤١
٣- کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران بڕیاری جووت حیزبی بۆ پشتگیریی لە نارەزایەتییەکانی دژی ڕێژیم لە ئێرانی پەسەند دەکات ..................................................... کەماڵ حەسەن پوور ...... ٤٥
٤- مژگێنی! .................................................................... گۆران ئەمیری ............ ٤٨
٥- ماشێنی کوشتاری لاوان دەفریای ڕێژیمی فاشیستی نایە ................................ برایم جەهانگیری ........ ٥٠
٦- حیجاب لە نێوان کولتوور و سیاسەتدا ............................................. رابون کرماشانی ......... ٥٢
٧- سەرجەم نیشانەکان و خوێندنەوەیەکی هێماناسانە بۆ شۆڕشی ژینا، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی گەیوە . ................................................................................ ناسر باباخانی ...... ٥٦
٨- ڕەنگدانەوەی کێشە ئابوریەکان لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا ........................ ئەنوەر کەریم ........ ٥٨
٩- ئینسان کوشتن ڕژیمی ئیسلامی لە ڕوخانی حەتمی ڕزگار ناکات ............................ سایتی پەیام ........ ٦٩
١٠- شۆڕشی ڕۆژهەڵات شۆڕشی ژینایە ....................................................... شەمزین ئەحمەدنەژاد ..... ٧١
١١- ڕۆژهەڵاتییەکان چی بکەن؟ ........................................................... سەردار عەزیز ........ ٧٣
١٢- "ژ" وێنەی ژن ........................................................................... سپێدە ساڵحی ........ ٧٧
١٣- شۆڕشی ژینا و ڕۆڵی ژنان ................................................................ سولماز دوروودی ....... ٨١
١٤- حکومەتی ئیسلامی وەک هێزێکی داگیرکەر لە کوردستاندا هەڵسوکەوت دەکات ............. سایتی پەیام .......... ٨٤
١٥- شۆڕشی ژینا پارانەوە هەڵناگرێ .................................................... برایم جەهانگیری .... ٨٦
١٦- سێ مانگ خۆپیشاندانو نارەزایی لەئێران ........................................ ماڵپەڕی هاوڵاتی ...... ٩٠
١٧- دژە ژن ترین حکومەتی دنیا لە کومسیۆنی پێگەی ژن وەدەرنرا ............................ سایتی پایام .......... ٩٧
١٨- دەسکەوتەکانی تا ئێستای ڕاپەڕینی ژینا لە ئێران و کوردستان .............................. سمایل شەرەفی ........ ٩٩
١٩- ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێراندا ................. برایم جەهانگیری ..... ١٠١
٢٠- بۆچی ئێران لە ئاژانسێکی جیهانی دەرکرا؟ ........................................... هیوا سەید سەلیم ..... ١٠٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پرسی هەنوکەی ڕۆژهەڵات



**د.ڕێبوار فەتاح**

**بەشی یەکەم**



**لەسەرکوتکردنی کوردان، جەرگی دایک گەلێک سوتان**
**هەموو مەرگێ دەرختێ بوو، پڕبوو لەهیوا بۆ ژیان**
**شەوێک پیاوێ لەبەفرا ما، نەمرد لەدور دی ئاگرێ**
**بەڵێ، من نائومێد نابم، دەنا دڵ بۆچی گڕدەگرێ**

**- وەرچارخان لەپیرەمێرد-ەوە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

من بەهیوابوم، کوردانی ڕۆژهەڵاتو هاوڕێیان، پاش چەندان هەفتە لەڕاپەڕین، لەدنیای خۆرئاوادا، تۆڕێکی چالاکی کۆمەڵایەتیان لەسەرتاسەری جیهاندا دابمەزراندایەو ڕەشنوسی دەستوری - یان ناسنامەی داهاتوی - ئێرانیان بنوسیبایە؛ چالاکانە لەگەڵ ڕێکخراو، پەرلەمانو حکومەتی وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، بەریتانیادا لەگفتوگۆی گەرمدا بونایە تا گوشاربخەنەسەر ئێران؛ چرکە بەچرکە هەواڵی ئێرانیان پێ ڕابگەیاندینایە تا میدیای فەرمی چەواشەمان نەکات.

گەر پێش ڕاپەڕین کوردان نەیانتوانیبێ خۆیان ڕێکبخەنو بینای هزر دابڕێژن بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ڕاپەڕیوو، گلەییم زۆر نەدەبوو. هەڵبەت گەر لەڕەوتی ڕاپەڕیندا نەتوانن خۆیان ئامادەبکەن، دەبێ داخۆ چ کارەبن!

## ڕۆڵی حزبی ئەمڕۆ؟

گلەییم لەحزبیش نییە، هەموو ژەنگیان گرتووەو ئامانجیان لەسنوری چەند دروشمێک زیاتر تێنەپەڕیوە، هەرگیز نەیانتوانیوە لەشکستی هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە، دوای دامەزراندنی ڕژێمی ئیسلامی، بێنەوەسەر سەکۆی سیاسیو کۆمەڵایەتی، نەک جیهان، بگرە ئێرانیش، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی، زانستیو تەکنەلۆجی دنیا، لەسەر ئەمان کاریگەر نەبوە. نەیانتوانی لەنێوەندی بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتیدا جێی خۆیان بکەنەوە.

بەدڵێکی شکاوەوە دەڵێم، هەموویان - بەکۆمینستەکانیشەوە - وەک خێڵ لەهەرێمی کوردستان - عێراق، لەشەڕی یەکدابون، نەک دارشتنی نەخشەڕێ بۆ ڕۆژهەڵاتو ئێران. خۆیان پارەو پەرتکردو ڕۆژهەڵاتیش بێهیوا. لەو پانتاییە فراوانەی خەباتدا کە ژیانی ئەمڕۆ دەیبەخشێ، ئەمان بەکلاشینکۆفی ژەنگاویەوەو هەڵدەکوتنەسەر گوندێک. ئەمجار هەر دوای ئەمان، هێزی ڕژێم دەگاتو گوند خاپوور دەکاتو خەڵکیشی بەدبەخت. کوشتن هەرگیز نە خەباتەو نە ڕەوا، تۆڵەسەندنە؛ کاردانەوەیەو هیچیان هەڵوێستی دروست نین لەزوڵمی ڕژێم.

لەدوای شکستی هەشتاکانەوە هێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات، پەرتو پارە بون، هیچیان پێشکەشی ژیان نەکرد، پاش زیاد لەپێنج دەیە، خەڵکی ڕۆژهەڵات، بەبێئاگایی ئەم هێزانە، ڕادەپەڕنو تەلاری ڕژێم دەلەرزێنن، دوو سەرکردەی حزبێکی پارە-پارەی پەرت، لەوڵاتێکی ئەوروپا کۆدەبنەوەو دەڵێن، یەکمانگرتەوە. گرفتم نییەو ڕەنگە هەنگاوێک بێ بەرەو داهاتویەکی گەشتر. ناکرێ نەپرسم، داخۆ دەبێ ئەمان یەکگرتنەوە بەچی بزانن! کە دوو ڕێکخراو یان کۆمپانی یەکدەگرن یان یەکدەگرنەوە، بۆ خەڵکی پەیوەنداری ڕۆشندەکەنەوە، چ دەوروبەرێک هاتۆتە کایەوە بۆ ئەوکارەو بەپرۆگرامێکی توندوتۆڵ، پلانی داهاتویان دادەڕێژن. ئەم دوو حزبە دەبوایە لەپرۆگرامی یەکگرتنەوەیاندا، ئاسۆی هزریان بۆ ئێستاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داهاتوی ڕۆژهەڵاتو ئێران دارشتبایەو ڕۆشنیان بکردایەتەوە بۆ پەرتو پارە بون؛ ئەمجار یەکگرتنەوەیان ڕابگەیاندایە. تێگەیشن لەیەکگرتنەوەیان سانایە. دەیان ساڵە لەپەراوێزی ژیانداو پێشبینی ئەمڕۆیان نەکردوە. ئەمان ئێستا نەک پێشڕەونین، بەڵکو خەڵک پێشیان کەوتو خستنیانە واقعێکەوە، نازانن لەڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتو ئێراندا چی هەڵویستێک وەربگرن! دەستەو ئەژنۆن! گەر حزبێک پێشی ڕوداو نەکەوێ و بەرچاوی کۆمەڵ ڕۆشن نەکاتەوە، پێویستە بخرێتە ڕەفەی مۆزەخانەوە. هیچ هێزێک ناتوانێ بیکات بەپێشڕەوی کۆمەڵ. تەنانەت حزبەکانی باشوریش - کە ڕژێمی سەدام شکستی بەهەمویان هێنابوو، ئەمریکا سەرکردەکانی لەکونەکەلەبەری دنیاوە کۆکردەوەو بەسەر خەڵکی بێچارەی باشوردا سەپاندنی. هەرگیز پێشڕەو نەبون؛ نابوت بونو بەنابوتیش مانەوە.

## مێژوو تەنها ئەزمونەو بینای لەسەردەکرێ

کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەخوێنی گەشی جوانترین کورو کچیان، دەرفەت دەدەن بەحزب بچنە نێو گوندو شارەوە، لەبری یەکخستنی خەڵک لەگردبونەوەو ڕێکخراوی هەمەڕەنگی کاریگەر لەئێستاو داهاتوی ڕۆژهەڵات، ئێرانو ناوچەکەدا، دروشمی "بژی سەرۆک" دەگوێزنەوە. ئەم دروشمانە - نەخۆشیەکی وڵاتانی خۆرهەڵاتە، چەقبەستنە لەڕابردودا، بەرەوە پێشمان نابەنو دەروی گەشو نوێمان لێناکەنەوە، پێویستە ئەو ڕابردوەی گەیاندینە ئەمڕۆ، بەڕێزو ڕەخنەوە، هەر لەوێدا، گۆڕبکرێ. گومانم لەدڵسۆزیو خەباتی هیچ کەسێک نییە، بەڵام پێویستە ڕەخنە لەڕابردوو بگرینو هەڵی بسەنگێنین. هەموو مەزنێک کە بەشداربوە لەدامەزراندنی ژیانیدا - وەک ئەفلاتون، گالیلۆی گالیلەی، نیوتن، ئەمانوێل کانت، ڕێنەی دێکار، هێگڵ، مارکس، ئەنشتاین، نیلس بۆر، ڤنکشتاین، ئەمڕۆ بەرهەمی هزری هەر هەمویان لەژێر ڕەخنەدایەو هەڵدەسەنگێنرێ، نەک تەنها لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە، بەڵکو لەلایەن دەزگای کاریگەری وەک زانکۆو مەڵبەندی توێژینەوە، نەک بۆئەوەی لەبەرهەمی هزریان بەنزم بڕوانرێ، بەڵکو بۆئەوەی بزانین چۆن لەسەر هزرو ئەزمونی ئەمان، دنیایەکی گەشتر دابمەزرێنین.

لەئەوروپادا، نەمدیوە کەسێک بچێتە سەرشەقامو هاواربکات، "بژی ئەنشتاین" یان "بژی کانت"، سەرکردەی حزبیش دەبێ لەهەمان تای تەرازودابێ، هەر کە پیرۆزکرا، مانای ئەوەیە ئەو حزبە نازانێو ناتوانێ لەئەقڵی ئەو سەرکردەیەی تێ بپەڕێ، بەکورتی بڕیاردەری حزب نازانێو ناتوانێ، لەمەرگی ئەو سەرکردەیەوە بەرەو ژیان بچێ، خۆی لەڕابردودا قەتیسو هەر ئەمیش بەخەڵک دەفرۆشێتەوە بۆئەوەی جێی خۆی لەمڕۆدا بکاتەوە، ئەوە پێناسەی حزبی شکسخواردوە، حزبەکانی باشور تا ئەمڕۆ، شەڕە شەهیدیانە، ئەویان خۆی بەخەباتگێڕتر دەزانێ کە خەڵکی زۆرتر بەکوشتداوە، دەبوایە کتومت بەپێچەوانەوە بوایە. ئەوەی شەهیدی زۆرە، لەقەفەزی تاوانی دادگای مێژودا بوایە، شەهیدان، شکستە، نەک سەرکەوتن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ نمونە لای زۆربەی بەریتانی، وینستن چێرچڵ پاڵەوانی نەتەوەیانە؛ پەیکەریان بۆ تاشیوە، بەڵام نە حزبەکەی شانازی پێوە دەکاتو نە کەسیش پێی دەڵێ، "چێرچڵی نەمر". ڕاستیەکەی زۆربەی خەڵک هەر ناشزانێ، سەر بەچ حزبێک بوە. ڕەنگە شەقامێک بەناویەوە هەبێ، بەڵام ناوی "شەقامی چێرچلە"، نەک "شەقامی چێرچڵی نەمر" یان "شەقامی شەهید چێرچڵ"، سەرکردە خۆی جێی خۆی لەمێژودا دەکاتەوە، حزبەکەی بەسەر خەڵکیدا ناسەپێنێ.

من بەهیوابوم، ڕۆژهەڵات ئەزمونی باشور دوبارەنەکاتەوە؛ ڕێی پێچەوانە بگرێ، لەباشور، لاوێکی ساکار، لەبەرئەوەی ڕەخنەی لەسەرکردایەتی حزب هەیە، دەستبەسەردەکرێو بەزۆرەملێ "وەمزانی ڕادیۆیە"ی پێ تۆماردەکەن. مەگەر تەنها خواش بزانێ، لەسەر ئەو پەیڤەی چ دارکاریەک کراوە! یەکێکی دیکە، لەنێو زانکۆ دەرفێنرێو تەرمەکەی سەدان کیلۆمەتر دور لەزێدی خۆی دەدۆزرێتەوە؛ سوکایەتی بەنەریتی عەشایەری پێکراوەو کوژراوە. دەسەڵاتی دادوەریش لەژێر گوشاری ناوخۆو نێودەوڵەتیدا، بۆ چاوبەست، لەکەیسەکەی دەکۆڵێتەوەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم قوربانیە کاری بۆ ڕێکخراوێکی توندڕەو کردوە.

چ شەرمەزاریەکە بۆ مرۆڤایەتی، هەر ئێستا بچۆ لەبەر پەیکەری "چێرچڵدا" لەسێنتەری لەندەن، ڕابوەستەو سوکایەتی زاری پێبکە، ڕێبواران کە بەلاتدا تێدەپەڕن سەیرت دەکەنو وا دەزانن ئەقڵت لەدەستداوە. ڕەنگە تاکەتاکەش لێت بپرسن: پێویستت بەهاوکاری نییە! ئەوان مێژویان لەوێدا جێهێشتوەو تەنها ئەزمونە لایان. هەروەک سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی تۆکمەیان دامەزراندوە، بەسوکایەتیکردن ناڵەرزێ. پێویستیان بە"وامزانی ڕادیۆیە"و ڕفاندنو کوشتنی لاوان نییە. لەپرۆتێستی چەند خوێندکارێکی خوێنگەرمی نازدار ناترسن. گەر کەسێکیش لەتاوانەوە گلا، دەسەڵاتی قانونی کارا هەیە، دەمودەست بەسزای ڕەوای دەگەیەنێ. ئەو سیستمە هانی پرۆتێستو ئازادی مەدەنی دەدات. خوێندکار بێسەروشوێن ناکات، چونکە مافی دەستوری خۆی بەجێدێنێ: بەشداری لەپرۆتێستدا دەکات بۆ پارێزگاری ژیانی خۆی.

٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی دووەم

### سروشتی ڕێکخراوێک کە پرسی ڕۆژهەڵات پێش دەخات؟

تەنیا ڕۆژهەڵات نیە، هەموو سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان لە قەیراندایە. زۆر سەختە قنیات بە خەڵک، بە تایبەتیش لاوان، ئەوەی میدیای نوێ – ئینتەرنێت، تۆڕی کۆمەڵایەتی و مۆبایەل، بهێنین بەشدار بن لە سیستمی سیاسی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا، کە چەند کەسێک پێشڕەوین، دەتوانن زۆربەی بۆچوونی دیکە فەرامۆش بکەن و ئەوە بڕیارە بدەن کە خۆیان دەخوازن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هاتووەتە پێش، پێویست ناکات سیستمێک دابهێنینەوە کە لە شکسدایە، دەکرێ بۆ پێشەوە بچێ.

چ جۆرە ڕێکستنێک پێویستە؟ ڕێکخراو و گردبوونەوە دەبێ لە ئاست ژیانی ئەمڕۆدا بێ. پرسەکە ئەمەیە: ئەمڕۆ لە چ ڕوویەکەوە لە دوێنێ جیاوازە؟ لەوەدەمەوە حزبی کوردی تێیدا دامەزراوە – کە دەگەڕێتەوە بۆ نێوەندی سەدی پێشوو، گۆڕانکاری گەلێک زۆر لە ژیان و هزر، سیاسەت و کۆمەڵ، تەکنەلۆجی و کۆمیونیکەشندا ڕوویان داوە. هەروەک گۆڕانکاری گەورە لە سیستمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری نێودەوڵەتیدا بووە. جیهان زۆرتر یەکی گرتووە. ئەمانە هەموو کاریگەر بوون لەسەر ژیان، کەچی حزبی کوردی هەر لە جێی خۆی قەتیسە.

لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا، ناکرێ ڕۆڵی میدیای نوێ - ئینتەرنێت، تۆڕی کۆمەڵایەتی و مۆبایەل، فەرامۆش بکرێ. ئامانجی ڕێکستنی ژیان لە کۆمەڵێکی کراوەدا وەک ئەوانی خۆرئاوا، بەر لەم داهێنانە، بەشداریکردنی زۆربە بوو لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا. ئەمەش کارێکی ئاسان نەبووە. بۆ نموونە پەرلەمان هەڵبژێردراوە تا هێندەی دەکرێ، نوێنەری دەنگی زۆربەی خەڵک بێ. هەروەک حزب بنکەی کۆمەڵایەتی هەبووە و دەستەیەکی کەم بەڕێوەی بردووە. ئەمانە هیچی بێ خەوش نەبوون. بۆ نموونە، دوای هەڵبژاردن، نوێنەر نەکراوە بەردەوام بۆچوونی دەنگدەرانی ببیستی. ئەمەش کێشەی خستووەتە نێوان دەنگدەر و نوێنەرەوە. دەسەڵات لە کۆمەڵ جودا بووەتەوە. لە کۆمەڵێکی داخراوی وەک ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لەخۆگرتووە، گرفت گەلێک لەوی خۆرئاوی کراوە سەختتر بووە. میدیای نوێ دەرووبەکی تازەی لە بەشەکانی کوردستان کردووەتەوە. بۆ نموونە چالاکێکی خۆرهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بەشێک بێ لە گردبوونەوەیەک کە سەرتاسەری جیهانی بە میدیای نوێ چنیووە، پێویست ناکات پەیوەندی فیزیکی بە کەسیشەوە هەبێ.

ئەمڕۆ میدیای نوێ دەرفەتی بۆ بەشداری کارای زۆرترینمان ڕەخساندووە، دەتوانین لە زۆر بواری ژیاندا بەشداری ڕێکستنی کۆمەڵ بکەین. ئەمە تەنیا شۆڕش نەبووە لە میدیادا، بگرە وەرچەرخانێکی مەزنە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. چی گۆڕیووە؟ چەند نموونەیەک دەهێنمەوە. ئەم سیستمە ڕۆڵی گەورە و کارا دەدات بە کەسی ئاسایی و لە ڕۆڵی سەرکردە کەم دەکاتەوە. خۆ ڕەنگە زۆربەی کەس کە ئەمڕۆ ناویمان لا مەزنە، بگەڕێتەوە بۆئەوەی کەسانی دەوروبەریان لای ئێمە گەورەیان کردوون. خۆیان بۆ خەڵکی ئاسایی بەردەست نەبوون. ئاخر لە سیستمی پێشوودا، سەرکردە لە پشت چەندین توێژ خەڵکەوە پارێزرابوو. ئەمڕۆ میدیای نوێ - یوتیوب، ئینستۆگرام، تیکتۆک، تد، چەندین پاڵەوانیان دروست کردووە کە وەکیدی کەس نەیدەناسین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەم سیستمە نوێیەدا، دەوڵەت لە هەموو ئاکارێکدا و ڕێکخراو و گردبوونەوەی هەموو بوارێک، سەرلەنوێ ڕێکدەخرێتەوە. ئەم ڕێکخستنە ڕۆڵی پاڵەوان زۆر کەم دەکاتەوە و بایەخ بە هەمووان دەدات. ئەمەش پێناسەی سەرکردە و ئەندام دەگۆڕێ و ڕۆڵیان لێک نزیک دەکاتەوە. هەروەک پێکهاتەی ڕێکخراو دەگۆڕێ؛ لە یەکیەکی توندوتۆڵی فیزیکی هەرەمیەوە بۆ یەکێک خەڵک تەنیا لە پانتایی سایبەردا بە بنەما پێکەوە لکاون و هاوکات کار بۆ هەمان ئامانجیش دەکەن. ڕابەر، سەرۆک، ڕێکخەری گشتی و لەو جۆرە سەرکردانەی نیە. زۆرتر سمبوڵی مۆراڵ و ڕابەری نمونەیان هەیە. ئامانیش ڕەنگە لەنێو ڕێکخستندا، ڕەنگە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێ، تەنیا هێما بن. حزب پێکهاتەی هەرەمی نابێ.

ژیانی ئەمڕۆ دەرفەت دەدات، بە ڕێی میدیای نوێدا، ڕێڕەوی کارکردن دیاری بکرێ، ئیدی کەسی چالاک خۆی بەردەوام دەبێ لە بەدوداچوونی ئامانجی ڕێکخراوێکدا. هەر ئێستا زۆر ڕێکخراوی مرۆڤدۆست و ژینگەپارێز لە ئەوروپا بەم ڕێیە کاردەکەن، هەرەمی نین، تەختن. تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو سەکۆیەیە توانای داونەتێ، بۆ نمونە، یەکێک لەم گردبوونەوانە لەپرێکدا، وەک پرۆتێست بۆ ژینگەپاراستن، هەموو سێنتەری لەندەن دادەخەن، گەلێک کاریگەرن، بەبێ ئەوەی دەسەڵات هیچی پێ ناکرێ. ئەمە توانایەکی گەلێک مەزنە بۆ دامەزراندن و کاری ڕێکخراوی هاوچەرخ، کە میدیا پێمان دەبەخشێ. هەموو گردبوونەوەیەکی نوێ پێویستە میدیای نوێ بکات بەو پلاتفۆرمەی کاری خۆی تێدا ڕێکدەخات، ئەمەش بە تایبەت بۆ ڕێکخستنێکی نێو کۆمەڵێکی داخراو و داپلۆسەری وەک ئێران زۆر کاریگەرە. وەکیتر ڕێکخستن کارا دەکات و دیبەیتیش سانا.

ئەم جۆرە ڕێکخستنە بۆ هەموو بەشێکی کوردستان کاریگەرە. هەڵبەت بۆ ڕۆژهەڵات پرسی هەنوکەیە، کە پێویستە پێکهاتەیەکی کارای ڕێکخستن لەنێوان ڕەوەندی تاراوگەی پەرشوبڵاو و ڕۆژهەڵاتدا دابمەزرێنێ بۆ بە یەکخستنی دەنگ و هاوئامانج بوون. پێویستیان بە حزبی تەقلیدی نیە، کە نە پەیوەندی کارای بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە هەیە، نە ئاگاداری نەریت و قانونی خۆرئاوایە. ئەمڕۆ چارەسەری پرسی ئێران، هێندەی لە ناو خودی خۆیدایە، هێندەش لە دەرێتی، لە خۆرئاوایە. ئەمەش کاری ڕێکخراوێک کە میدیای نوێی کردووە بە پلاتفۆرمی کاردن، کاراتر و بەبایەختر دەکات.

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی سێیەم

لە چەند بەشێکدا - ئەمە سێیەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ دەکەم. لەم بەشەدا شرۆڤەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەبـاتی چەک دەکەم و دەرسـەکانی کـۆدەکەمەوە. هەتـا ئەمـرۆ زۆر لایەن لەو بـاوەڕەدان کە خەڵکـی ڕاپەڕیـوی ڕۆژهەڵات پێویستە چەک بگرنە دەست. من بە توندی دژی ئەم تێزەم و بە باشی دەزانم، هەموو حزبێکیش چەکی دەستی توڕبدات.

**خەباتی چەک خۆکوشتنیکی بێمانایە. ڕۆژهەڵات پێویستە لێی بەدوور بێ.**

شێوازی خەبـاتی خەڵکی کوردستان پێویستە لە ئاست گۆڕانکـاری سـەردەمدا بێ. ئەو چەمکەی ئێسـتا، بە تـایبەت لەنێو سیاسەتدا، باوە بەمجۆرەیە: ئەو وڵاتـانەی کوردستان حکوم دەکەن، داخراو و داپڵۆسـەرن، کـورد پێویسـتە دەستبداتە چەک. بنەمای ئەم چەمکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کلۆرە و پێویستە بگۆڕێ بەمە: لەگەڵ گـۆڕانی ژیانـدا، خەڵکـی کوردستان پێویستە کەڵـک لە بەبرشـتبوون و فراوانبـوونی سـەکۆی خەبـاتی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی وەربگـرن، کە دەپەڕێـتەوە بـۆ ئاسـتی نێودەوڵەتی؛ هەروەک پێویستە ئامراز و ئامێری نوێی خەبات بەرجەستە بکەن، کە میدیای نوێ و قانون و نەریتی جیهـانی دەیانبەخشن.

خەباتی چەک گرفتی گەورەیە و بە درێژی مێژوو کۆمەڵی کوردەواری بەرەو هەڵدێر بردووە. دیاردەیەکی شارستان نیە و لە کـۆمەڵی خێڵەکیەوە گواسـتراوەتەوە بـۆ ئەمـڕۆ. لە زۆر ڕووەوە، لە بەرژەوەنـدی ئەو دەسـەڵاتەیە کە ئەم خەبـاتە دەیەوێ بیگۆڕێ.

ئەم جۆرە لە خەبات چالاکترین کەس لە کۆمەڵ جودا دەکاتەوە و دەستنیشانی دەکات بۆ دەسەڵاتی داپڵۆسەر. هەڵوێستێکی دژوارە؛ خەبـاتگێڕ هەم خـۆی دادەبـڕێ، هەم ڕووبەڕووی مەرگ دەبێـتەوە. هەنـدێک ڕەهەنـدی ئەم خەبـاتە، لە گێـڕانەوەی مێژوودا، دەستنیشان دەکەم.

لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا، خەبـاتی چەک لە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتی داپڵۆسـەرە، سـەرکوتکردنی گروپێکـی چەکـدار بە چەکـی هاوچەرخ زۆر ئاسانە. دەسەڵات پێویست ناکات تەنانەت ژیـانی یەک سەربازیشی بخـاتە مەترسیەوە، دەتـوانێ لە قـوڵایی وڵاتەوە، لە مەڵبەنـدێکی سەربازی هـاوچەرخەوە، بە موشـەک یـان بە درۆن لە هەموو جێیەک بـدات. تورکیـا و ئێـران لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندان کادێری باکور و ڕۆژهەڵاتیان کردووەتە ئامانج. ئەم دوو ڕژێمە هەرچی کاتێک بخوازن بنکەی ئۆپۆزیسـۆنی کـورد لە باشـور بۆردومـان دەکەن. لەبەرامبەریـدا، ئەمـان دەستەوەسـتانن. خەبـاتی چەک خۆبەکوشـتدانێکی بێمانـایە. سـەرباری ئەمەش، تورکیـا بە پاسـاوی شەڕی تێـرۆر، پانتـاییەکی فراوانـی لە خـاکی باشـور داگیرکـردووە و سێنارێویەکی وەک ئەوی باکوری قوبرس بە دوور نازانم. لە بەرامبەر ئەم داگیرکردنەدا، خەباتی چەکی باکور، دەستەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەژنۆیە.

لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا ئەم خەباتە شکستی خواردوە، هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. رۆژئاڤا واز لێ دێنم، قسە زۆر هەڵدەگرێ. لە باشور لە کۆتایی هەشتاکاندا، رژێمی عێراق هێز و حزبی چەکداری کوردی تەفروتونا کرد و بە کونوکەلەبەری دنیادا پەرتی کردن.

لە رۆژهەلات، رژێمی ئێران، لە سەرەتای هەشتاکاندا، هەموو هێزی چەکداری کوردی ئاوارە کرد و ئەوەش کە مایەوە بۆ باشور رایمالێن. هەندێک خیزانیش لە ئەنجامی جەنگی عێراق - ئێران ئاوارەی کامپی ئەلتاش لە رۆمادی بوون. لە باکور، لە ١٩٩٢ەوە، پ ک ک گواستیەوە بۆ قەندیلی ناو خاکی باشور، کە گوزارشت بوو لە شکستی چەک و ئیدی کاریگەری جارانیان نەما. شێوازی رفاندنی سەرۆکیان لە ١٩٩٨ و دواتر دادگایکردنی، تێکشکاندنی رۆحی بوو بۆ کوردی باکور و شکستێکی مەزنتر بۆ خەباتی چەک. سوریا لەژێر فشاری تورکدا، چیدی نەیتوانی هاوکاری پ ک ک بێ.

ئامانجی ئەم خەباتە دوورودرێژە رۆشن نەبووە. شەری پارتی، یەکێتی و هەموو ئەوانی دیکە لە ١٩٦١ەوە تا ١٩٩١، بە چ ئامانجێک کراوە؟ بە رۆشنی دیاری نەکراوە. لە قۆناغێکدا کورد داوای ئۆتۆنۆمی کردووە. ئەمە سیستمێکی حوکمرانی نیە دیاریکراو نیە، پێویستە ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە چێوەی عێراقدا پێ بدرێ. پاش روخانی شا لە ١٩٧٩دا، لە رۆژهەلات چەندان حزب چالاک بوون، کوردستانیان بەدەستەوە بوو. ئامانجیان نە تەبا بوو، نە رۆشن. پێکەوە سیستمێکی حوکمیان دانەرشت و دەیانویست بە چەک کوردستان بپارێزن. لەنێو یەکیشدا ناکۆک بوو و جاروبار دەگەیشتە خوێرشتن. هەڵبەت رژێمی ئێران و سیستمی نێودەوڵەتی هەرگیز دەرفەت نادات، چەند گروپی یاخی بەشێک لە وڵاتێکیان بەدەستەوە بێ. کەمکەم هێزی رژێم رۆژهەلاتی گرتەوە و قوربانیەکی هێجگار زۆریش درا. قیادەی موەقەت – یان پارتی، گروپێکی چەکداری دیکەی کورد، کاریگەر بوو لە هاوکاری رژێمی ئێراندا و قەتلولعامی خەڵکدا.

رەنگە خەباتی چەکی باکور لە هەموولایەک تەماویتر بێ. لەسەرتادا، پێدەچوو ئامانجیان لە چوارچێوەی مارکسی-لینینیدا دەستنیشان کردبێ، کە خۆشیان لە ناوەرۆکی تێ نەدەگەیشتن و تەنیا خۆیان دابوو بە دەم شەپۆلی سەردەمەوە. هەدەپەی کەیسێکی جیاوازە، باسی ناکەم. هەتا ئەمرۆ نازانم ئامانجی خەباتی چەکی باکور چیە. بۆچی چەکیان پێیە! چی دەکەن! ئایا وڵاتێکی ئەندامی ئەیتۆ دەروخێنن و دەیکەنە دیمکرات! لای من شەرێکە ئەفلێکی بەسەرچوو دەیکات و کۆششە بۆ هێشتنەوەی رابردوویەکی غەمگین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی چەک بەبێ بەرژەوەندی توێژی کۆمەڵایەتی نێو کوردستان نەکراوە. گرووپێکی لۆکەڵی کردووە بە پاڵەوانی نیشتمان و توانیویەتی هەموو ئۆپۆزیسیۆنێکی ناوخۆ سەرکوت بکات بۆ سەرووەری خۆی. وەکیدی لەبەرامبەریان دەستەوەستان بووە. بۆ نموونە، بنەماڵەی بەرزانی بەهۆی هێزی شەڕ و چەکیانەوە، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، هاوکاریان بوون کە ببن بە سێنتەری خەباتی باشوور. بەمجۆرە سنوری خێڵێک کرایەوە و توانی زۆربەی توێژ و گرووپی کورد لەخۆبگرێ. ئەویش کە ناکۆک بوو لەگەڵیدا، سەرکوتی بکات و بە شەیتان ناوزەندی بکات. خێڵی بەرزان لەچاو هەرکی، سورچی و ئەوانی دیکەدا زۆر لاواز بوو، بەڵام خەباتی چەک، بەرگی کوردایەتی دا بە ناکۆکی خێڵەکی و بەرزانییەکان – کە ئەودەم تاکە سەرکردەی پارتی و خەباتی گەلی باشور بوون، هەموو ئەو خێڵانەی سەرکوتکرد کە بە درێژی مێژوو بۆی نەکرابوو. کە لەبەردەم ڕەشەبای کوردایەتیدا لەرزین، ئەم خێڵانە پەنایان بۆ ڕژێمی نێوەند برد. ئیدی لێرەوە بە "جاش" ناوزەند کران. دامەزرێنەری جاش، خەباتی چەکە، ڕاستر بڵێم، بزوتنەوەی کوردایەتیە. تاوانی ئەوانەی چوونە پاڵ ڕژێم، هەروەک ئەوانەیە کە بە چیاوە بوون و بەرژەوەندی خۆیان بەهێزی دەرەکی دەپاراست.

ئەم خەباتە زۆرجار ئامانجی دەرەکی هەبووە، گرووپی ناوخۆ بەرگی کوردایەتیان یان چەپیان بە بەردا بڕیووە. گەواهیی مێژویی دەیسەلمێنێ پارتی، لە ١٩٦١ - ١٩٧٠ و دواتر لە ١٩٧٤ - ١٩٧٥، بە پرۆکسی شەڕی لە بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئێران کردووە. هەر ئەمانیش جەنگیان بردووە، نەک کورد. لە ڕێکەوتنی ١٩٧٥ی جەزائیر، لەنێوان شای ئێران و ڕژێمی عێراقدا، کورد لە کولەکەی تەریشدا نەبوو. هەڵبەت ئەنجامەکەی هارەی خەباتی چەکی کورد بوو. دەبوایە دوای ئەم شکستە گەورەیە، کوردی هیچ لایەک جارێکی دیکە بەلای چەکدا نەچووبا. کەچی ساڵێکی نەبرد، لەژێر چاودێری ڕژێمی سوریادا، یەکێتی نیشتمانی دامەزرا و دەستی دایەوە چەک. ئەمجارەیان، کورد بوو بە بەشێک لە کێشەی بەعسی عێراق و سوریا.

خەباتی چەک هەمیشە لەنێو خاکی کوردستاندا بووە و هەرگیز نەتوانراوە بگوێزرێتەوە بۆ قوڵایی وڵات. بەمەش کوردستان هەمیشە سەکۆی خوێڕشتن و دارمان بووە، ئاوەدان نەکراوەتەوە و بازرگانی تێدا سەریهەڵنەداوە، وەک گوند ماوەتەوە. جەنگێکی قورس بووە لەسەر کوردی بەدبەخت. دەسەڵاتی نێوەند ئەمەی بەکارهێناوە، وەک پاساوێک بۆ بەهێزکردنی دەستگای ئاسایش و چەکدار و سەرکوتکردنی هەموو هێزێکی مەدەنی و دیمکراتی وڵات. لە کودێتای یەک لەدوای یەکی عێراقدا کە هەمیشە ڕژێمی بەرەو توندڕەوی و عروبە بردووە، چەکی دەستی کورد فاکتەری سەرەکی بووە.

لەم مێژووە خوێناویە درێژەدا، کورد زەرەرمەندی یەکەم بووە. ئەو هەموو شەهیدەی ئەمڕۆ شانازیان پێوە دەکەین، لەلایەک، شەهیدی پاراستنی بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئێرانن، لەلایەکی دیکەوە شەهیدی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئابوری چەند بنەماڵەیەکی نێو پارتی و یەکیەتین. لە ئەنجامی ئەو شەڕە خوێناویە، لە ١٩٧٥دا، ئێران مەرجی خۆی بەسەر ڕژێمی بەعسدا سەپاند و ئیسرائیلیش عێراقیکی بێددانی درایە دەست، کە چیدی هەڕەشە نەبێ. سەرانی پارتی و یەکێتیش، بوون بە سەرکردەی نیشتمان، کە هەرگیز لەو ئاستەدا نەبوون، توندوتیژی یان چەک بەو پایەی گەیاندن.

دواتر ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە گەڕاندا بۆ پرکردنەوەی کەلێنی سیاسی و ئیداری باشور، پاش کشانەوەی ڕژێمی بەعس لە ١٩٩١دا، ئەمانیان بەسەر کوردی باشوردا سەپاند، بە دوایدا پارتی و یەکێتی، لافاوی خوێنی کورد و دارمانی هەرێمی کوردستانین لە ئەستۆیان گرت. ئەوەی ئەمان کردیان، هەرگیز بە بەعس نەدەکرا. دیارە گەر چەکدار نەبوونایە و دوو ڕێکخراوی مەدەنی بوونایە، ڕەنگە هەموو کێشەیەک لە چێوەی ئیداری هەرێمدا چارەسەر بکرابا.

لە ١٩٩١دا، پارتی و یەکێتی بە هەمان ئەقڵی چەکەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان. یەکەم کاریان پاککردنەوەی هەموو دەنگێکی نارازی بوو. حزبە گچکەکانیان کڕی یان سەرکوت کرد. دەنگی ڕۆشنبیر و نارازیش گەر نەکڕابێ، کڕ کراوە. حوکمی پارتی و یەکێتی لیستێکی دووردرێژە لە کەیسی تیرۆر، تا ئەمڕۆ ئاوەڵان. چ دەستگایەک لێیان بکۆڵێتەوە! هەموو حزبین. لە دوای پاککردنەوەی کوردستان لەم دەنگانە، ئیدی پارتی و یەکێتی بە هەمان ئەقڵی پێشووی خێڵەکی کەوتنە گیان کورد. لە ١٩٩٢دا لافاوی خوێن هەڵسایەوە، کوژرا و برینـدا گەیشتە پازدە هەزار کەس. تا ئەمڕۆش ئەو برینە ساڕێژ نەبووە. تاڵەبانی لە هەولێر گوتی، پارتی دەبێ بە دووربین سەیری هەولێر بکات. بەرزانیش لە پاڵ حەرەسی جەمهوری سەدامدا لە سلێمانی گوتی، یەکێتی تەواو بوو. ئەم گروپانە هەتا ئەمڕۆ، بە هەمان ئەقڵەوە، حوکمڕانن. هەردووکیان پێشبینی داهاتوویان بۆ نەکرا.

ئەم خەباتە، لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا، ئامانجی ڕۆشن نەبووە؛ شەڕ بوون بۆ شەڕ، بەڵام وا نیشان دەدراون لە پیناو سەربۆخۆیی کوردستان و ڕۆخانی ڕژێمدان. دیارە "سەربەخۆیی" و "ڕووخان"، بەبێ ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێمانان. پاش ئەو ڕووبارە لە خوێن، نە کوردستان سەربەخۆیە و نە هیچ ڕژێمێک ڕووخاوە. کە ئەمەریکا و هاوپەیمانان عێراقیان لە ٢٠٠٣دا ڕووخاند، پارتی و یەکێتی کارا دایانمەزراندەوە.

حزبی هەر سێ پارچەی کوردستان، هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا کە بە حساب دەیانڕوخێنن لە گفتوگۆدا بوون. حزبی دیمۆکرات، دوو سەرکردەی لەسەر خوانی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا شەهیدن. لێرەدا واز لەوەش دێنم، گفتوگۆ بەوجۆرە، ناکاملی سیاسی سەرکردە و حزب نیشان دەدات. گفتوگۆ لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەک و وڵاتێک، کەمێک لەوە ئاڵۆزترە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

که پارتی تەنیا حزبی باشوور بوو، بەردەوام لەگەڵ ڕژێمی جیاوازی عێراقدا لە گفتوگۆدا بووە و دوای ئاشبەتاڵ، یان شکستی گەورەی پارتی، کە حزبی دیکە دامەزرا - وەک یەکێتی نیشتمانی، ئەمانیش بە نهێنی و بە ئاشکرا، بە تەنیا و بە کۆمەڵ، بەردەوام لەگەڵ ڕژێمدا لە گفتگۆدا بوون. دروشمی هەردوو پارتی و یەکێتی، کارکردن بووە بۆ مافی کورد، کەچی دەریایەک خوێنی کوردیان لە ژێرپێدایە. هەرگیز بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس هێندە کاریگەر نەبوون.

پ ک ک دوای ڕفاندنی سەرۆکیان ١٩٩٨، کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ تورکدا؛ ئەمیش هیچی لێ سەوز نەبوو، بەڵکو بە فەرمانی سەرۆکیان چەندان کۆمەڵ کادێری پێشکەوتوویان بە پێی خۆیان چوونە بەردەستی ڕژێمی تورک و هەموو حوکمی قورس درا بەسەریاندا. ئەمە گوایە نیەتپاکی پ ک ک پیشانی تورکی دەدات. لەسەر وەرچەرخانی دیدی سەرۆکیان، دەستەیەک لە پ ک ک جودابوونەوە و هەندێکیشیان تیرۆر کران.

دژی گفتوگۆ نیم. هەڵبەت هەر هەموویان، بە شکست بۆ کورد شکاونەتەوە. دەبێ بپرسین: گەر ئەنجامی ئەم لافاوی خوێن و دارمانەی نیشتمان بە شکست بگەڕێتەوە، دەبێ داخۆ بۆچی خۆمان بەو دەردە بردبێ! بۆچی چەک هەڵگیرابێ! ئایا ناکرێ یەکێک لەم حزبانە ددان بە شکستی خۆیاندا بنێن!

خەباتی چەک، زیانی گەورەتری لێداین. لەلایەک ڕێی لە دامەزراندنی خەباتی مەدەنی گرتووە لە نێو کوردستاندا، لەلایەکی دیکەوە، هاوکاری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نێوەندی داپلۆسەر و قەومی توندڕەو بووە. ئەمە بابەتێکی گەلێک گرنگە و تاوتوی نەکراوە. لێرەدا تەنیا لە دەرکی دەدەم.

خەباتی چەک و توندوتیژی هەمیشە پاساوی داوە بە گروپی توندڕەوی نێو دەسەڵاتی نێوەند، خۆی بسەپێنێ. بە بۆچوونی من، گەر خەباتی چەک لە باشوردا دەستپێ نەکردبا، ڕەنگە ڕژێمێکی داپلۆسەری وەک ئەوی بەعس، دەسەڵاتی سیاسی نەگرتبایەتە دەست. ڕەنگە عێراق وڵاتیکی ئارامتر ببوایە و دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی بدرایە.

هەر لە ١٩٦١ەوە کە پارتی دەستدەداتە چەک، ئیدی ژیانی مەدەنی و کولتووری لە باشوردا تەواو دەپوکێتەوە. باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، کە باڵی بەرزانی دوژمنایەتیان دەکات، دەچنە پاڵ ڕژێم و دەستدەدەنە چەک. دیارە هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئەم دوو باڵەدا نیە. یەکیەکیان بەرژەوەندی ئێران و ئیسرایلی پاراستووە، ئەوی دیکەیان ڕژێمی عێراق. کەواتە پارتی، بە هەردوو باڵیەوە، کۆمەڵی کوردەوای پڕ چەک کرد و ژیانی مەدەنی لەنێو برد، هاوکاریش بوو لە دامەزراندنی ڕژێمێکی نێوەندی توندڕەوی داپلۆسەردا. بەمەشەوە نەوەستان بە درێژی ساڵانێکی زۆر دەستیان لە خوێنی یەکدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بوو. هەتا ئەمڕۆ ئەو شەڕە بەردەوامە، لە دوو باڵی پارتیەوە گۆڕاوە بۆ پارتی و یەکێتی. ئیدی باشور هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نەدی. دابەشکردنی کورد و دەستخستنە خوێنی یەک، دوو دەرئەنجامی خۆڕسکی خەباتی چەکن.

لە باکور خەباتی چەک هەمیشە کارتێک بووە بەدەست ڕژێمەوە بۆ هێشتنەوەی سیستمی حوکمی سەربازی و پێشێلکردنی مافی مەدەنی کورد و هەموو تورکیا. خۆ گەر خەباتی چەک نەمێنێ، دکتاتۆریەکی وەک ئۆردغان ڕەنگە خۆی دابیمەزرێنێتەوە، لە بەرژەوەندیەتی. بوونی دوژمنێک، جا گەر وەمیش بووە، هاوکاری ڕژێمێک دەبێ بەرەو دیکتاتۆری و توندڕەوی. ڕژێمی بەعس و تورکیا دوو نمونەن.

ئەمانە هەموو دەرسی زۆر گرنگن بۆ خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبێ ئەو هەڵانە دووبارە نەکرینەوە. پێویستە ڕۆژهەڵات، بە نیشتمان و ڕەوەندەوە، خۆیان لە توندوتیژی بپارێزن. هەروەک پێویستە ئامانجیان وەک ڕۆژ ڕۆشن بێ و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێبدرێ.

دەبێ چەک بە هەموو شێوەیەک لە ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات و ئێران دووربخرێتەوە. هێز و حزبی چەکدار تەنیا دەتوانێ ئەزمونی تێکشکاوی باشور دووبارە بکاتەو، پێویستە لێی بەدوور بین. هەر لایەنێک لە ڕاپەڕینی هەموو پێکهاتەی ئێراندا، جێ بۆ چەک بدۆزێتەوە، پیشانی دەدات لە ژیانی ئەمڕۆ و سیستمی نێودەوڵەتی بەئاگا نیە؛ خەوتووە.

ڕێکخراوی ئەمڕۆ پێویستە چەکی هاوچەرخی ڕژێمی داپڵۆسەر لە کاربخات بەوەی خەبات بەرێتە نێو هەموو جومگەیەکی کۆمەڵی خۆیی و سەکۆی نێودەوڵەتی. بۆ بەهێزکردنی خەبات دەبێ ڕەوەندی وڵاتانی خۆرئاوا و پێکهاتەی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندیەکی توندا بن و بتوانن هاوخەبات و هاوئامانج بن. میدیای نوێ – ئینتەرنێت، مۆبایل و تۆڕی کۆمەڵایەتی، دەکرێ سەکۆی بەیەکگەیشتنیان بێ.

١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی چوارەم

لەچەند بەشێکدا - ئەمە چوارەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ دەکەم. ئەوەی پێشنیاری دەکەم، نووسینەوەی پرۆگرامێکە پێناسەی داهاتووی ئێران لەخۆدەگرێ. لەمەودوا پێی دەڵێم "پرۆگرام".



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێکهاتەی ڕۆژهەڵات، گەر دەکرێ بە هاوکاری هەمووان، ڕەشنووسی پرۆگرامێک دابرێژن، پێناسەی ئێرانی داهاتووبێ و پیشانی بدات هەمەڕەنگی ئەتینکی، ئاینی و کولتووری ئێران، هێزە نەک لاوازی. ئێرانێک، زۆربەی هاووڵات تییدا پەراوێز خرابێ - وەک ئەمڕۆ، نە ئارام دەبێ و نە بە شکۆ. لەو چێوەیەدا چەمکی هاووڵاتبوون دادەڕێژرێ.

سەرنجێک پێویستە: هەرچەندە من لێرەدا سیستمێکی حوکمڕانی تایبەتم بۆ ئێران دەستنیشان نەکردووە. هەڵبەت لە دەقەکەوە، سیستمێک سەرهەڵدەدات، کە ئێران کراوە بە چەند هەرێمێکی ئیدارییەوە. ناونانی سیستمی پێشنیارکراوی ئێران - بە فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، سوشیالست، تد، هەرگیز بە بەرهەم نابێ. ئەمانە هەموو بارگەی مێژوویان قورسیان لێنراوە، لە جێیەکەوە بۆ یەکیەکی دیکە دەگۆڕێن و بە درێژی مێژووش تەمومژاوی بوون. من بە چاکی دەزانم، پێکهاتەکانی ئێران بینا لەسەر مێژوو و کولتووری ئێران بکەن، نەک سیستمێکی خوازراو. دیارە هەمیشە دەبی کەڵک لە مێژووی دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی وەربگیرێ. ئێران تا ئەمڕۆ نەیتوانیووە مێژوو، کولتوور و زمانی ئاخاوتنی وەک هێز لە بەرژەوەندی هەمووان بەکاربهێنێ. بگرە پێشێلی کردووە.

ئەم پرۆگرامە چی بە ئەنجام دەگەیەنرێ؟ پێناسەکردنی ئێرانی داهاتوو، هەر خۆشی کاریگەر دەبێ لە داڕشتنەوەی دەستور، کە جێی ئەوی ئێستا دەگرێتەوە. بنەمای گفتوگۆ دەبێ لەگەڵ هەموو هێزێکی کاریگەری ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەر بۆیە زۆر گرنگە بەرژەوەندی هەموو ئێرانیەک لەبەرچاو بگرێ و پێشنیار بێ بۆ وڵاتێک کارا سەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەولەتی ڕادەگرێ.

ئەوەی پێشنیار دەکرێ شێوازێکی نوێیە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، ئێران لە سەدان ساڵی تەمەنیدا بە خۆیەوە نەدیووە. جێی سەرسوڕمان نابێ گەر دژیەتی بکرێ، بە تایبەت لەلایەن گرووپی کۆمەڵایەتیەوە کە سەدان ساڵە سەردەستن. سیستمی ئەمڕۆ دەبێ بگۆڕێ و یەکەم هەنگاویش لە وشەوە دەستپێ دەکات. نابێ هیچ پێکهاتەیەکی ئێران بە فارسیشەوە، ئەو بنەما تەجزئەتەڵەبەی قبوڵ بێ کە ئەمڕۆ ئێرانی لەسەر دامەزراوە: هەمووماں هاوڵاتی ئێرانین، بە مەرجێ فارسی شیعە بین.

دەبێ هەمووان ئەم بنەمایە ڕەت بکەنەوە و بیگۆڕن بە یەکێتی ڕەوا. ئەمە ڕێزگرتنە لە هەموو پێکهاتەیەکی ئێران و هەنگاوی یەکەمە بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ڕەوا و ئارام. ڕۆژهەڵات و هەموو پێکهاتەیەکی پەراوێزخراو پێویستە کارا نەخشەی وڵاتێک بکێشن، خۆیان دەیخوازن، بەرلەوەی ئێرنێکی زاڵمیان بەسەردا ساغ بکرێتەوە. ئەم دیبەیتە ئێستا دەستپێ دەکات، نەک سبەی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوو ڕێبازی جیاواز دەربارەی پێشنیاری ئەم پرۆگرامە دەبینم. یەکەمیان: کورد پێویستە هاوکاری ڕوخاندنی ڕژێم بێ و بۆچوونی خۆی دەربارەی داهاتووی ئێران بشارێتەوە، چونکە ئێرانییەکان ئەودەم کورد بە جوداخواز - تەجزئەتەڵەب، لە قەڵەم دەدەن و دژی دەوەستن. هەر کە ڕژێم ڕوخا، ئەودەم کورد دەتوانێ داوای مافی خۆی بکات. دووەمیان: کورد پێویستە لە ئێستاوە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دابڕێژێ، لەنێویشیدا، خۆی چۆن دەبینێ و بە چ مەرجێک بەشداری دەکات.

من ڕێبازی دووەم بە دروست دەزانم. گرفتی یەکەمیان ئەوەیە، گەر کورد هەر لە ئێستاوە پرۆگرامی نەبێ و داکۆکی لێ نەکات، ئەو هێزانەی کاران لە گۆڕانکاریدا، داهاتووی ئێران بە جۆرێک دادەڕێژن، کە ڕەنگە لە بەرژەوەندی هیچ پێکهاتەیەکی ئێران نەبێ، بە ڕۆژهەڵاتیشەوە. پێویستە پرۆگرامی داهاتووی ئێران بە جۆرێک دابڕێژێ کە داکۆکی بێ لە هەموو پێکهاتەیەکی ئێران، بە تایبەتیش ئەوانی لەژێر ڕژێمی یەک لە دوای یەکدا مافخوراو بوون. من لەگەڵ ئەوەدا نیم "کوردکوردێنە' بکرێ و ئێران فەرامۆش. گەر دەکرێ با ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا پێکەوە ئەو پرۆگرامە دابڕێژن – پێناسەی داهاتوو بکەن، کە تێیدا ئێرانێک سەرهەڵدەدات، ڕەوا بێ، هەمووان خۆیانی تێدا ببیننەوە، هەڕەشە نەبێ لەسەر هیچ قەوارەیەکی دەرەکی و هاوکاری ئارامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ.

کێ ئەم پرۆگرامە دادەڕێژێ؟ توانایەکی لەبننەهاتوو لە ڕۆژهەڵاتدا بەردەستە، دەکرێ هەمووان بەشدار بن. لە ئاستی ئەورووپادا، ڕۆژهەڵات دەکرێ پشت بە ڕەوەندی کورد و هاوکارانیان ببەستن. کوردێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی بەتوانا لە ئەورووپادا نیشتەجێن، لە هەموو بوارێکی ژیاندا پسپۆڕن، دەکرێ پێکهاتەیەکی تۆکمە دابمەزرێنن بۆ داڕشتنی پرۆگرامەکە. هەروەک ڕێکخراوی خۆبەخش لە خۆرئاوادا گەلێک زۆرن، ئامادەن هاوکاری ئەم کارە بن.

لەگەڵ چ لایەنێکدا گفتوگۆ دەکرێ؟ لە ئاستی ئێراندا، ڕەنگە هەندێک ڕەگەزپەرست دژی ئەم پرۆگرامە بووەستن، دەبێ ئەم شەڕە ساردە ئێستا دەستپێ بکات. گرفت لە دواخستنیدا فرەڕەهەندە. هەر کە ئێران دامەزرایەوە، ئەگەری ڕوودانەوەی چیرۆکی دوای ١٩٧٩ زۆرە. ئێران وەک قەوارەیەکی نێودەوڵەتی و سەربەخۆ، هەموو مافێکی دەبێ گرووپی یاخی ناوخۆ سەرکوت یان فەرامۆش بکات.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ڕەوەندی کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێ، لەلایەک لە کۆششدا بن بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری دەسەڵاتدار و بڕیاردەری ئەورووپا، بەریتانیا و ئەمەریکا؛ لەلایەکی دیکەوە، دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی تێگەیشتنی ئەم هێزانە. ڕەنگە ئەمان بۆچوونیان هەم لەسەر ڕۆژهەڵات هەڵە بێ، هەم لە دۆخی ئاڵۆز و بەبڕشتی ئێران تێ نەگەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵات دەبێ ئازایانە بەشداری دیبەیت لە هەموو ئاکارێکدا بکات و نەسلەمیتەوە لە ڕۆشنکردنەوەی هەموو کونەکەلەبەرێکی پرسی ڕۆژهەڵات و ئێران.

**ئەو بنەمایانە چین پرۆگرامەکە لە دارشتنیدا لەخۆی دەگرێ؟ پێویستە سەرنج لە چەند خاڵێک بدرێ.**

(١) پرۆگرام ڕۆشن دەبێ، بنەمای داهاتوو دادەڕێژێ و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێ دەدا.
(٢) دامەزراندنی ولاتێک نییە بەوەهم. هەموو شتێکی ئێستا تورِ نادرێ، بەڵکو بیناکردنە لەسەر هەموو لایەنێکی گەش.
(٣) هەوڵێک نیە بۆ پەراوێزخستنی هیچ پێکهاتەیەک، گەورە یان بچوک، بەڵکو بەشداری پێکردنی هەموانە لە ئێرانێکی فرە-ڕەهەندیدا کە توانای هەموو هاووڵاتی بخاتەکار و بەشداری پێ بکات.
(٤) بینا لەسەر هەمەڕەنگی، مێژوو، کولتوور، زمان، ئەدەب و ژینگەی بەبرِشتی ئێران دەکات، دەیانکات بە سەرچاوەیەکی هێز و قووت بۆ هەمووان.
(٥) هەموو جۆرێک لە چەوساندنەوە بنەبڕ دەکات و خەڵکی لە بنەمای "ئەوەی زوڵم قبوڵ بکات، زوڵمیش دەکات"، بەئاگا دەهێنێتەوە. چەوساندنەوە و هەژاری بنەبڕ دەکات.
(٦) ڕۆژهەڵات داوای مافی کورد ناکات، بەڵکو کاری بەجەستەکردنی چەمکی هاووڵاتبوونی هەموو ئێرانیەکە. داواکردنی ماف، گریمانەیەکی لەخۆگرتووە: لایەنێک باڵادەستە و ڕۆژهەڵات بۆ مافی خۆی دەپارێتەوە. کورد لە بیناکردنی ئێرانی ئەمڕۆدا ئەکتەرێکی کاریگەر بووە. مافی خۆیەتی بەشداری کارا بێ لە ئێرانی داهاتوودا و مافی دەستەبەر بێ.
(٧) مافی پێکهاتەی ڕۆژهەڵات و هەموو ئێرانیەک، تەنیا لە بەرجەستەکردنی چەمکی هاووڵاتبووندا دادەمەزرێ. کەس داوای ماف لە کەس ناکات؛ کۆمەڵ پێکەوە مافی خۆیان دادەڕێژن.
(٨) ڕۆژهەڵات بەهێزتر دەبێ گەر لەگەڵ پێکهاتەی پەراوێزخراوی وەک خۆیدا، ماف و بەرپرسیارێتی خۆیان لە ئێرانی داهاتوودا دابرِێژن.
(٩) هەرچی لایەنێک پەراوێزبخرێ، کاریگەری نەرێنی لەسەر هەمووان دەبێ. زۆر گرنگە، پرۆگرامەکە جێی هەمووان بکاتەوە.

ڕەهەندەکانی پرۆگرامەکە چین؟ پێکهاتەی ڕۆژهەڵات ڕەنگە پێویست بێ لە چوار ڕەهەندا کارا بێ، بەبێ خۆ جیاکردنەوە لە پێکهاتەی دیکە. لە زۆر ڕووەوە پرسی ڕۆژهەڵات، وەک عەرەبستان، لورستان، بەلوچستان، ئازەربایجان و ئەوانی دیکەیە. گەر هەموویان پێکەوە پرۆگرامەکە تاوتوێ بکەن، هەم پرسیان هەستیار نابێ، هەم کاریگەرتر دەبن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕەهەندی ڕۆژهەڵات و پێکهاتەکانی دیکە

لە ئاستی ڕۆژهەڵاتدا، کورد پێویستە، هێندەی دەکرێ، لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا، پرسی هەمووان پێشبخەن. کورد تەنیا نیە لە ئێراندا و بەشێکی دانەبڕاوە لە هەمووان، ناتوانێ تەنیا مافی خۆی بە دابڕاوی دابڕێژێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەیەک، ئێرانی نیشتمان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەئاگام لەوەی کە پێکهاتەی ڕۆژهەڵات بە درێژی مێژوو پەراوێز خراوە، بەڵام نابێ بە پەراوێزخراوی ماف و بەرپرسیاری خۆی دابڕێژێ. لەمەدا تا ئاکارێکی بەرز، هاوتای عەرب، بەلوچ، لوڕ، ئازەری و ئەوانی دیکەیە. گەر دەیەوێ لە ئێراندا بمێنێتەوە - کە ئێستا بژاردەی دیکەی نیە، ڕۆژهەڵات پێویستە داکۆکی لە ئێران و هەموو پێکهاتەیەک بکات. ڕۆژهەڵات، دەبێ وەک باشوور نەکات، کورد داوای مافی خۆی ناکات، بەڵکو وەک هاووڵاتی ئێرانی، بەشداری داڕشتنی ماف و ئەرکی هەمووان دەبێ. گەر داوای ماف بکات مانای ئەوەیە، خۆی جیا دەکاتەوە و کارێکی ئەوتۆی پێ ناکرێ.

ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێهاتەی دیکەدا - وەک عەرەبستان، بەلوچستان، ئازەربایجان و لوڕستان، گەلێک پرس کۆیان دەکاتەوە. ڕەنگە زۆر سروشتی داهاتوو کە ڕۆژهەڵات بیخوازێ لە پرۆگرامی بهاوێژێ، لە بەرژەوەندی زۆربەی پێکهاتەی دیکە بێ، وەک خوێندن بە زمانی زگماک، ناساندنی وەک زمانێکی فەرمی ئێران و زمانی فەرمی لە هەرێم. گەر کوردێک، هاوکاری عەرەبێکی عەرەبستان یان بەلوچێکی بلوچستان بێ لە دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان، هەر ئەوە خۆی داکۆکیە لە هەرێمی ڕۆژهەڵات، زمان و کولتووری کورد. ئەمانە پێویستن بە ناوی هەمووانەوە بگوترێ، نەک تایبەت ڕۆژهەڵات. وەک دەگوترێ جیاوازمان، هێزمان دەداتێ.

دیاریکردنی هەرێم، تەجزئەتەڵەبی یان جوداخوازی نیە. لە بەریتانیادا چوار هەرێم هەیە، سکۆتلەند، وەیلس، لەندەن و باکوری ئایلەندا. هیچ هەرێمێکش جیا نابێتەوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕیفرەندەم لە سکۆتلەند و وەیلس کرا، هەردووک دەنگیان دا لە یەکێتیەکەدا بمێننەوە. لەو بڕوایەدام گەر مافی هەمووان بە چەمکی "هاووڵاتبوون" پارێزرابێ، لە بەرژەوەندی هەمووانە بەشێک بن لە ئێرانێکی بەهێز، نەک وڵاتی بچوکی لاواز. لە جیهانی ئەمڕۆدا، چەمکی دەوڵەت نەتەوە، کەمکەم کاڵ دەبێتەوە. ڕاستە بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا جودا بووەوە، بەڵام زەرەرێکی هێجگار گەورەی کرد و زۆربەی ئەوانەی دەنگیان داب بە جودابوونەوە، پەشیمانن. ئێستا وڵاتیکی نائارامە، لە سەکۆی نێودەوڵەتیدا لاوازە و شکۆی وەک مەڵبەندێکی شارستانی جیهان داڕما. بریکست، لە شەش ساڵدا، شەش سەرۆک وەزیرانی کردووەتە قوربانی، گوزارشتە لە نائارامی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕەهەندی گرووپی ئەتنیکی، کولتووری و ئاینی فەرامۆشکراوی سەرتاسەری ئێران

لەژێر ڕژێمی یەک لە دوای یەکدا، زۆربەی گرووپی ئەتنیکی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، جێندەر و زۆری دیکە لە ئێراندا پەراوێز و بێ ماف بوون. ئەمانش گەلێک زۆرن، بەهائی، سونە، کریستیان، زەدەشتی، پەنابەر - وەک ئەفغانی، ژن، منداڵ، کرێکار، تد. ئەم پرسە بۆ ڕۆژهەڵات گرنگە، چونکە پێشێلکردنی مافی تەنیا گرووپێک لە هەر وڵاتێکدا، دەرکە بۆ سەرکوتکردنی هەمووان. ئەو دۆخە پێویستە بگۆڕێ و قانون هەمووڵایەک بپارێزێ. ڕەنگە پێکهاتەی ڕۆژهەڵات بتوانێ کەڵک لە ئەزموونی هەدەپە لە تورکیا وەربگرێ. دەکرێ حزبێکی سیاسی هەرێمی ڕۆژهەڵات بۆ مافی ئەم گرووپە پەراوێزخراوانە کارا بێ. بەمەش هەم پرسی خۆی، هەم ئەوان پێشدەخات.

## ڕەهەندی ئێران یان نیشتمان

ڕەهەندی نیشتمان کاریگەرە لەسەر هەموو هاووڵاتیەک. پێویستە هەمووان، بەشدار بن لە دەستنیشانکردنی ئەم ڕەهەندانەدا. چەند نمونەیەک دەهێنمەوە.

**شێوازی حومکرانی**: چ جۆرە شێوازێک لە دەوڵەت دادەمەزرێ؟ دەسەڵاتەکان - قانونەدانان، جێبەجێکردن و دادوەری، چۆن جودا دەکرێنەوە؟ بە چ سیستمێک هەڵبژاردن پیادە دەکرێ؟ سیستمی بانک چۆن دەبێ؟ کۆمیسۆنی جیاواز چۆن ڕێکدەخرێن؟ داهات، بە تایبەتیش ئەوی بەروبومی نەوت، چۆن دابەش دەکرێ؟

**شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمەکان**: دابەشکردنی هەرێم لەسەر چ بنەمایەک دەبێ؟ ئایا ئێران وەک هەرێم لەسەر بنەمای کولتوور و زمانی جیاواز دابەش دەکرێ؟ بۆ نمونە، خوزستان یان عەرەبستان، ڕۆژهەڵات یان کوردستان، بەلوچستان، لوڕستان و ئازەربایجان، ئەوانی دیکە، هەرێمی خۆیان دەبێ؟ ئایا ئەم هەرێمانە چەند دەسەڵاتیان دەبێ و پەیوەندیان بە یەکەوە و بە نێوەندەوە چۆن دەبێ؟ چ سیستمێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان یان کەنسلی هەرێم پیادە دەکرێ؟ دەسەڵاتی هەرێم چۆن دەستنیشان دەکرێ؟ بۆ نمونە، سیستمی بانکی خۆیی دەبێ، سیستمی باج دەستنیشان دەکات، بڕیاری پشووی فەرمی خۆی دەدات؟

**پارێزگاری مافی باوەڕی ئاین**: ئایا دەوڵەت ئاینی دەبێ؟ گەر دەوڵەت تاقە ئاینێکی هەبێ، ئەوە خۆی پێشێلکاری زۆرێک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هاوڵاتانە. ئایا سیاسەت لە ئاین جودا دەکرێتەوە؟ مافی باوەڕی ئاینێک کە ئەمڕۆ مافخوراوە وەک بەهایی، کریستیان چۆن دەپارێزرێ؟ ئایا وەرگەڕان لە ئیسلامەوە بۆ باوەڕی دیکە ڕێی پێدەدرێ؟

**مافی زمان و کولتوور**: ئایا زمانی زگماک لە هەرێمەکاندا دەبێ بە زمانی فەرمی و خوێندن و پەروەردە؟ فارسی ڕەنگە زمانی فەرمی نیشتمان بێ، بە هەموو پێکهاتەیەکیەوە. ئایا زمانی دیکە لە دەری هەرێمی خۆی، چۆن بەکاردێ؟ بوجەی پارێزگاریکردنی زمان و کولتوور لەسەر چ بنەمایەک دابین دەکرێ؟ ئایا لەسەر بەڵگەنامەی فەرمی بە هەموو زمانێک دەنووسرێ؟

لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا - زۆر لایەنی سیاسەتی دەرەوە لەسەر هەرێم - ڕۆژهەڵات بووە یان یەکێکی دیکە، کاریگەر دەبێ. بۆ نموونە، ئایا هەرێم دەتوانێ پەیوەندی کولتوور و زمان لەگەڵ جیهان بکات یان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بکات؟

## ڕەهەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

ئەوروپا، بەریتانی و ئەمەریکا لەلایەک و ڕوسیا، چین، هندستان و تورکیا لەلایەکی دیکەوە کاریگەر دەبن لە داهاتووی ئێراندا. ڕۆڵی پێکهاتەی ڕۆژهەڵات لەم پرسەدا گەلێک گرنگە. ئایا، وەک پارتی و یەکێتی، خۆیان دەکەن بە پاشکۆ یان بەرژەوەندی باڵای هاووڵاتبوونی ئێران دەپارێزن؟ بۆ نموونە، ڕۆژهەڵات نابێ لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی خۆرئاوادا بێ، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان، عێراق و لیبیا کرا.

لەم ڕەوتەدا چی بە ئەنجام دەگات؟ پێکهاتەی ڕۆژهەڵات، هێندەی دەکرێ بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، کارا بەشدار دەبێ لە دامەزراندنی ئێرانی داهاتوودا، کە تێیدا بە چەمکی هاوڵاتبوون مافی هەمووان پارێزراوە. ڕۆژهەڵات و هاوپەیمانانیان بە پرۆگرامێک بەشدار دەبن، کە پێناسەی ئێرانی داهاتووی دارشتووە؛ خۆیشی بەشداریەکی گرنگ دەبێ لە دەستوری داهاتوودا و نامەی گفتوگۆ دەبێ لەگەڵ هەموو هێزێکی کاریگەری ئێرانی و نێودەوڵەتیدا. گرنگە پێکهاتەکانی ئێران، بە تایبەتیش مافخوراوان، بەشداری بن لە دیبەیتدا و بەرچاوی هەمووان ڕۆشن بکەنەوە.

ئامانجێکی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە ڕۆژهەڵات، لەگەڵ بەلوچستان، عەرەبستان/خوزستان، لوڕستان و ئازەربایجان و تد، وەک هەرێم سەرهەڵبدات. هەریەکەیان پەرلەمان (یان کەنسلی) خۆیان هەڵبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی نێوەندا. دەسەڵاتی هەردوولا - هەرێم و نێوەند، بە قانون دەستنیشان بکرێ.

٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی پێنجەم




لە چەند بەشێکدا – ئەمە پێنجەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکەم. لەم بەشەدا دوو بابەتی گرنگ لێکدەدەم. ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکاری ئێراندا چی دەبێ و چۆن پێکهاتەی ڕۆژهەڵات بەشداری کارا بکات لەسەکۆی نێودەوڵەتیدا و لەگەڵیان دابنوستێ؟ چۆن پرسی ڕۆژهەڵات بناسێنرێ و ئاڕاستەی دیدی خۆرئاوا بکات؟

ئایا وڵاتانی خۆرهەڵات پلانی ڕووخانی ڕژێمیان هەیە؟ ئەو بۆچوونەی لەنێو کۆمەڵگەی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا دەربارەی گۆڕینی ڕژێم لە ئێراندا باوە: گەر ئەمەریکا نەخوازێ، ڕژێم لە ئێراندا ناگۆڕێ. ئەمە بۆچوونێکی سادەیە. پێویستە لە پەیوەندی نێودەوڵەتی تێ بگەین، بەرلەوەی بۆچوونمان لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەبێ.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە ئیسرائیلیشەوە، ناخوازێ و لە بەرژەوەندی نیە ڕژێمی ئێران بڕوخێ. ژاوەژاوی زۆر دەکرێ دەربارەی پیتاندنی چەکی ناوکی، دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵام ئێران تا ئاکارێکی بەرز کۆنترۆڵ کراوە و هەڕەشەیەکی جددی نیە. گەر ببێ، ڕێگەی دیکە گەلێک فەراهەمە بۆ خۆرئاوا.

خۆرئاوا بە زارەکی پشتگیری ڕاپەڕین دەکات، نەک ڕوخاندن. ئەمەش هۆکاری زۆرە. (١) کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشبینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانی پاش ڕوخانی بۆ ناکرێ. چی بەسەرئێران و ناوچەکەدا دێ؟ کاریگەری لەسەر جیهان چی دەبێ؟ ئایا ئێران دەبێتە بەهەشتی توندڕەو و سوریایەکی دیکە؟ (٢) ئەورووپا – پەنابەری بە کێشەیەکی گەورە دەبینێ؛ ڕەنگە سڵ لە شەپۆلێکی پەنابەری، وەک ئەوەی سوریا، بکاتەوە. (٤) دۆخی ناوخۆی ئێرا نیش ئامادە نیە. هیچ ئۆپۆزیسۆنێک، وەک ئەڵتەرنەتیڤی ڕژێمی ئیسلامی نیە. گەر ڕوخا، ئەو کەلێنە سیاسی و کۆمەڵایەتیە مەزنە بەچی پڕدەکرێتەوە؟ (٥) بۆچوونیش هەیە، ئێران ئەکتەرێکی کاریگەرە لە سەرکوتکردنی زلهێزی سونەی ناوچەکە - وەک سعودی و قەتەر؛ ئەمەش بازاڕی بازرگانی بە تایبەتیش چەک، بۆ وڵاتانی خۆرئاوا دەکاتەوە.

ئێران وڵاتانی خۆرئاوای ڕوو-بە-ڕووی ئەڵەنگالیەکی مەزن کردووەتەوە. ئەمان پێشبینی ڕاپەڕینیان نەدەکرد. بڕوا ناکەم پلانی تۆکمەیان هەبێ و هەموو ئەگەرێکیان لەبەرچاو گرتبێ. بڕیاردان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتانە خاوە و بەسەر چەند دەزگایەکدا پەرتە. خۆ گەر هەڵویستیشیان وەرگرت، تەبا نابن، پێشنیاری جیاوازیان دەبێ. هەموویان بەدوی ئەڵتەرنەتیڤێکی جێگرەوەدا دەگەڕێن. ئێستا کاتێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ڕۆژهەڵات بە دانوستان و بەشداریکردنی پڕۆگرمێکی واقعی و تۆکمە ئاڕاستەی دیدی خۆرئاوا بکات.

هێندەی بتوانن ناهێڵن دۆخی ئێران لەدەستبچێ. گەر دارما، واتە لەنێوخۆدا بنەمای نەما و خەڵک سێناریۆی ١٩٧٩ی ڕووخانی شای ئێرانیان دووبارەکردەوە، ئەودەم ڕەنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سێناریۆیەکی وەک ئەوەی "خومەینی" لەچاوبگرێ. ئێستا تەنیا چاودێرن و چاوەنواڕن. لەو بڕوایەدام، لە پشتەوە ئامادەکاری دەکرێ.

هێزی کاریگەر لە گۆڕینی ئێراندا کێن؟ هیچ هێزێک، جگە لە کورد، لەنێو وڵاتدا کاریگەر نیە. عەرەب، بەلوچ و لوڕ خۆیان ڕێکنەخستووە و ئازەر و فارسیش ڕەنگە دڵنیا نەبن. ئەو هێزانەی لە سەکۆی نێودەوڵەتیدا کاریگەرن و ڕێکخراون، سەڵتەنەتخواز و مجاهیدی خەڵکن. یەکەمیان، هەرچەندە بە ڕژێمی ئیسلامی جێی گیرایەوە – خەڵکی ئێران وەدەریان نان، بەڵام ڕێکخراون و بە ئەزموون و دەزانن خۆیان چۆن لە نێوەندی نێودەوڵەتیدا نمایش بکەن. هەروەک هێزی سونەی ناوچەکە پشتگیریان لێ دەکەن، چونکە ئەمانیش وەک ئەوان هەم سیستمی پادشایەتی دادەمەزرێنن، هەم ئەمەریکاخوازن. هەرچەندە شیعەن، بەڵام لە ئەزمونی حوکمی پێشوویانەوە دەردەکەوێ گرفتێکی گەورەیان لەگەڵ سونەدا نیە. مجاهیدی خەڵک هەرچەندە ڕێکخراون و مێژوویان لە خەبات دژی ڕژێمی ئیسلامی دوورودرێژ و خوێناویە. ئەوەی کە دژیانە، هەم ئیسلامین، هەم چەپن. کۆکراوەیەک نە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا دەگونجێ، نە خەڵکی ئێران پشتگیری ڕژێمێکی ئیسلامی دیکە دەکەن. لە کاتێکدا خانمانی ئێران هەموو سەرپۆش توڕدەدەن، ڕەجەوی سەرۆکیان سەری پۆشیووە؛ ئەو بنەما ئیسلامیەی ڕابەری شۆڕشی ئێرانی لەسەر کوژرا، ژینای جوانەمەرگ. هەڵبەت ئەوەی تەفروتونای کردن و بێهوا هێشتنیەوە، بەیاننامەی وەزارەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەرەوەی ئەمەریکا بوو کە ڕایدەگەیەنێ هیچ جۆرە هاوکارییەکی موجاهدینی خەڵک ناکەن و وەک بزوتنەوەیەکی دیموکراسی دژ بە ڕژێمی ئێرانی نایانبینن و نابنە نوێنەری گەلی ئێران.

ئایا لە نێوخۆدا، ئەم ڕێکخراوانە پێگەی مەردومیان هەیە؟ وەڵامی پرسیارەکە سەختە، چونکە ڕژێمی ئیسلامی ڕێ نادات هیچ ڕێکخراوێک کارابێ. ئەوەی ڕوونە، سەڵتەنەتخوازان پشتگیریان تەنیا لەنێو ئەتنیکی فارسدایە. دەنا ڕۆژهەڵات، عەرەبستان، بەلوچستان، ئازەری و هەموو پێکهاتەیکی دیکە لەگەڵیاندا نین. مجاهدی خەڵک بنکەی ناوخۆیان زۆر لاوازە. ئەوی لەنێوی بردن، بەشداریان بوو لە جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، وەک سوپای سەدام ڕەوتاریان کرد و دەستیان خستە خوێنی مەردومی ئێرانەوە. هەردوو ئەم هێزە ئێستا لە کامپەینێکی دیپلۆماتیدان و خۆیان، وەک ئەڵتەرنەتیڤی ڕژێمی ئیسلامی، بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەناسێنن. نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات لە کولەکەی تەڕیشدا نیە. من هیچ یەکێک لەم هێزانە لە ئێرانی داهاتوودا نابینم. ئەگەر زۆرە، هەر لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمدا دەیان هێزی نوێ سەرهەڵبدەن و دەیانی کۆن زیندوو ببنەوە، وەک ئەوەی لە شۆڕسی ١٩٧٩دا ڕووی دا. ئێستا لە ڕۆژهەڵات چەندین گردبوونەوە دامەزراوە، هەڵبەت نەیانتوانیووە، خۆیان بە پڕۆگرامێک ڕێکبخەن.

سروشتی شۆڕشی ژینا، یەکەم – بێ ڕابەرە، هەمووان ڕابەرن؛ دووەم – پەراوێزخستی هەموو هێزێکی تەقلیدیە. خەڵک ئاڕاستەیەکی نوێیان بۆ گۆڕانکاری دیەوە. پێشانیان دا تەنیا ڕێی گۆڕانکاری خەباتی مەدەنیە، کە هیچ هێزێکی ڕۆژهەڵات و ئێران ئەقڵی پێ نەدەشکا. بەدوای ژینادا حزبەکانی ڕۆژهەڵات، دیتیان پەراوێزخراون، کەوتنە گفتوگۆی یەکگرتنەوە، کە دیارە هیچ کاریگەر نابن. ئەم هێزانە ساڵەهایە دابڕاون، پارەپارە و پەرتن؛ ئێستاش هیچ پڕۆگرامێکیان نە بۆ ژیان و نە بۆ ئێران هەیە.

ڕەوەند چۆن نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات بکات؟ لەبەر مەترسی لەسەر ژیانیان، پێکهاتەی ڕۆژهەڵات ناتوانن بەشداری دانوستان بکەن. گەر خۆیان ڕێکبخەن دەکرێ ڕەوند نوێنەریان بن. بەرلەوەی پێشنیاری دانوستان بکرێ، پێویستە هێزی کارای ڕۆژهەڵات خۆیان ڕێکبخەن. دەکرێ بە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی ڤێرچوەڵ دابمەزرێنن. دەکرێ بینا لەسەر چەند ئەزموونێکی پێشتر بکرێ، وەک "ڕێکخراوی چاک" و "ڕیفراندەمی نافەرمی ٢٠٠٥ی باشور". ئەمجار لەسەر پڕۆگرامێک ڕێکبکەون کە پێناسەی ئێرانی داهاتوو لەخۆدەگرێ. ئەم پڕۆگرامە بە نووسین بۆ لایەنی پەیوەندار بنێرێ و داوای کۆبوونەوە بکرێ. لە وڵاتانی خۆرئاوادا، ئامراز و ئامێری خەباتی مەدەنی بەردەستن. ڕەوەندی ڕۆژهەڵات دەکرا کەڵکی لێوەربگرتبا. دەیانتوانی لەگەڵ کۆمەڵگەی دیکەی ئێران لە ئەورووپا پێکەوە هاوپەیمانی پێکبهێنن. دەکرا گرووپی "دۆستایەتی ڕۆژهەڵات" لەنێو پەرلەمانی وڵاتانی خۆرئاوا دابمەزرایە، وەک سوید، بەریتانیا، ئەمەریکا، ئوستورالیا، تد. هەر لە سەرەتاوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێویست بوو مەڵبەندی میدیا دابمەزرایە و ڕۆژانە زانیاری سەرجەم پێشێلکاری بە زمانی جیاواز بە کۆمەڵگەی نێودەولەتی بگەیەندرایە. بەم ڕێیانەدا، ڕۆژهەڵات پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا قایم دەکات.

خۆرهەڵات چۆن گوزارشت لە ئێرانی داهاتوو بکات؟ پێویستە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک فاکتەری ئارامی و سەقامگیری ئێران بپێچرێتەوە، نەک نەتەوەیەکی ئێران. نابێ بچوک بکرێتەوە. بۆ نمونە، گەر ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەمەریکادا کۆببێتەوە و داوای فیدراڵی بکات، بێمانایە. ئەوە سیستمێکی حوکمڕانیە و پەیوەندی بە هەموو پێکهاتەیەکی ناوخۆوە هەیە. ئەمەریکا سەرقاڵی پرسی گەلێک گەورەترە. گەر ڕێنومایش بکات، هەر ئەوە دەبێ: ئەوە پرسێکە پێویستە لەگەڵ هێزی ئۆپۆزیسیۆن گفتوگۆ بکرێ و لە داهاتووی ئێراندا چارەسەر بکرێ.

بەرژەوەندی پێکهاتەی ڕۆژهەڵات لە دامەزراندنەوەی ئێراندا دژ بەوانی کۆمەڵگای نێودەولەتی نیە. بەمەش دەتوانێ خۆی بکات بە ئەکتەرێکی سەرەکی گۆڕان. دیارە ڕۆژهەڵات لەگەڵ زۆری دیکەدا، پرسیان گەلێک گرنگە و پێگەی سەقامگیری و ئارامی ئێرانیان لەسەر بەندە. ئەم پەیامە چۆن دەگەیەنرێ؟ ئەو پرسانە چین کە پێویستە بە کۆمەڵگەی نێودەولەتی بگات؟

پێویستە دەستتێوەردانی دەرەکی ئێران لە ناوەرۆکی سەرکوتکردنی ناوخۆدا ببینرێ. ئێران شۆڕشی ئیسلامی هەناردە دەکات بۆ هێوارکردنەوە و سەرکوتکردنی مەردومی ئێران. ئەم نائارامیەی ناوخۆ بەستراوە بە چەوساندنەوەی ئەتنیکی، ئاینی، کولتووری زۆربەی پێکهاتەی ئێرانەوە. پێشێلکاری مافی مرۆڤ گەلێک زۆرن. باسەکەی من دەربارەی ئەوە نیە، بەڵام دەبێ کاریگەرانە بنووسرێتەوە، وەک بەشێک لە پرۆگرامی پێکهاتەی ڕۆژهەڵات بۆ ئارامکردنەوەی ئێران و گۆڕینی ئێران بە ئەکتەری ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. چەند نمونەیەک دەهێنمەوە.

(١) سیستمی حوکمڕانی و هەڵبژاردن لە ئێراندا ڕەوا نیە و بنەمای ئیمپراتۆریەتی لەخۆگرتووە. ئەوجۆرە سیستمە لە هیچ جێیەکی دنیادا زەمینەی نەماوە و دەبێ بگۆڕێ بە یەکێک کە پەرە بە دیمکراتی لۆکەڵ، هەرێم و ستانەکان، بدات.

(٢) دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان سەربەخۆ نین و بەشێکن لە دەستگای ئاینی داپلۆسەری ڕژێم.

(٣) سیستمی دادوەری ئامرازێکی سەرکوتکردنە: پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری سەرەتایی و داپلۆسەرە پێویستە دابرێژرێتەوە. ژن بۆی نیە ببێ بە دادوەر. ژێنگەی زیندان گەلێک ناتەندروستە و بە ڕۆتینی ڕاگیرا و زیندانکراو ئەشکەنجە دەدرێن. ژمارەیەک بڕگەی قانون - ٤٩٨، ٤٩٩، ٥٠٠، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، وەک مفسد فی الارض، محارب، و زۆری دیکە، بیمانان و ئامرازن بۆئەوەی دادوەر خەڵکی نارازی و چالاک بۆ مەرگ بنێرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٤) مافی پێکهاتەی ئەتنیکی و ئاینی: بەوەی کە دەستور تەنیا یەک لێکدانەوەی تەسکی باوەڕی شیعە دەکات بە ئایدیۆلۆجی فەرمی دەوڵەت، مافی هەموو پێکهاتەیەکی دیکە پێشێل دەکات. تا ئەمرۆ هیچ پێکهاتەیەکی ئێران، جگە لە فارس، نە بە قانون ناسراون، نە دەتوانن بە زمانی زگماک بخوێنن. یاساغە مزگەوتی سونە لە تارانی پایتەختدا بینابکرێ. باوەڕداری بەهائی تەفروتونا کران. ئەو کەمینەیەش ماوە، دەبێ وەک جووی ژێردەسەڵاتی هێتلەر پۆستەرێک بە دوکانیاندا هەڵبواسن و ڕاییگەیەنن کە "بەهائین".

(٥) هەژاری: ئێران وڵاتی نەوتە، کەچی هەژاری تیایدا کوشندەیە. لە ٢٠١٩دا، لە سەدا ٣٤ی هەموو دانیشتوانی ئێران لەژێر هێلی هەژاری ڕەهاوە ژیاون. لە تارانی پایتەختدا، لە نێوان ٢٠١٩ تا ٢٠٢٠، ١٤ تا ١٥هەزار بێلانە هەبووە.

(٦) کوشتن وەک ئامرازێکی سەرکوتکردن: ئێران پێشەنگە لە سێدارەدانی هاوڵاتی خۆیدا، هەندێکجار لەسەر سەرپێچی زۆر ساکار و هەندێکجاری دیکە، چەکە بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتەی بێماف. لە ٢٠٢١دا ئێران، ٣١٤ کەسی لە سێدارە داوە، تەنیا دوای چین کەوتووە. بەلوچ لە سەدا ٢٦ ئەو مەرگەی پێکهێناوە، کە پیشانی دەدات، کوشتنی قانونی چەکە بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتەی کۆمەڵ.

(٧) مافی پەنابەر – چەند ملیۆن ئەفغانیەک، دەیان ساڵە لە ئێراندا دەژین و تا ئەمرۆ هیچ مافێکیان نیە؛

(٨) جێندەر – مافی ژن تەواو پێشێلە و هیچ جێندەرێکی دیکە جگە لە ژن و پیاو بە قانون ناناسرێن.

ئاکرێ سەرکوتکردنی ناوخۆ، لە دەستتێوەردانی دەرەکی لە وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابڕێن. کورد هەمیشە سەرکوتکراو بووە و ئەمەش کاریگەری دەرونی لەسەر جێهێشتووە. خۆی بە کەم دەزانێ و ئەوداڵی خاوەنی خۆیەتی. بۆ نمونە، کوردی باشور هەموو بنەمایەکی دەوڵەتیان هەبوو. عێراقیان دامەزراندەوە، بۆ ئارامی دەرونیان. دواجار براگەورەیان دیتەوە تا دەستیان بگرێ. ئەم ئەقڵیەتە دەبێ بگۆڕێ. ڕۆژهەڵات پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی داهاتووش دابڕێژێ، نابێ خۆی وەک گروپێکی گچکەی ناوخۆ بناسێنێ، دەبێ شەڕی ئێران بکات، نەک پێکهاتەیەکی گچەکی ئەتنیکی. بۆ نمونە، ئێرانی داهاتوو مافی مرۆڤ دەپارێزێ، ئارام و سەقامگیر دەبێ، هەرەشە نابێ لەسەر هیچ ناوچەیەک، هاوکاری حزبولای لوبنان و حوثیەکانی یەمەن ڕادەگرێ و لە سوریا دەکشێتەوە. کاریگەری لە عێراقدا پۆزەتیڤ دەکات. دەستبەرداری پرۆگرامی هەموو چەکێکی کۆمەڵکوژ دەبێ بە ناوکیشەوە. کارا دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەبێتە ئەکتەری ئارامی.

پێویستە کەیسی ڕۆژهەڵات لەو ناوەڕۆکەدا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا گوزارشتی لێ بکرێ. ئەو مافەی ڕۆژهەڵات بۆ خۆیی و گروپی وەکخۆی پێشنیار دەکات، بە کولتووری دیمکراتی وڵاتانی خۆرئاوا نامۆ نین و بە ئەستەمی دەزانم ڕەت بکرێتەوە.

٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی شەشەم



له چەند بەشێکدا – ئەمە شەشەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکەم. خەباتی کۆمەڵ پێویستە لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەردەوام بێ، تەنیا جەختی لەسەر سیاسەت و کاری حزبی نەبێ. لەو جێیەدا ژیانی خەڵک دەکەوێتە مەترسیەوە، دەبێ خەبات ڕابگیرێ. خەباتی چەک دەبێ بگۆڕێ بە مەدەنی و بەرەو مەرگچوون بە لە ئامێزگرتنی ژیان.

بە درێژی مێژوو کورد بە خەباتی چەک و بەرز ڕاگرتنی مەرگ – یان شەهیدبوون، هەوڵیداوە پرسی خۆی پێشبخات. ئێستا دەبێ ئەو قۆناغە جێبهێڵرێ و خەباتی مەدەنی، ژیان و پێکەوە-ژیان پەرەپسێنێ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بواری ژیان گۆڕاوە و خەباتی چەک گەیشتووتە خاڵێک، تەنیا جەرگسوتانی دایک و دارمانی کوردستانە. هاوکات سەرکەوتنە بۆ ڕژێمی داپڵۆسەری وەک تورکیا، سوریا و ئێران.

### ئەو گۆڕانکاریان چین بواریان بۆ خەباتی چەک نەهێشتووەتەوە؟

ڕیزبەندی ئەمڕۆی جیهان: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکەیەکی دانەپچراوە – نەتەوەیەکگرتووەکان کۆیکردنوونەتەوە، و لەنێو ئەمیشدا گردبوونەوەی دیکە زۆرە، وەک نەیتۆ و یەکێتی ئەوروپا. هەموو داکۆکیکاری لە هێشتنەوەی ڕیزبەندی و هەموو سەرکێشیەکی چەکدار، بە "تێرۆرست" لە قەڵەم دەدرێ. بەمەش پرسی ڕەوای کۆمەڵی کوردستان دەشێوێ و تێکەڵ بە توندوتیژی دەبێ. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، چالاکێکی باکور لە سویدەوە ڕادەستی تورکیا کرایەوە، کە پێشێلکاری هەموو مافێکی مرۆڤە؛ سوید چووە ئاستێکی گەلێک نزمەوە و دیاری هەڵبژاردنی دا بە ئۆردۆغان. جێیەک نەماوەتەوە بۆ چالاکی ڕێکخراوێک لە چەکەوە ئالابێ. کاتی خەبات گواستنەوە هاتووە، لە چەکەوە بۆ مەدەنی، لە مردنەوە بۆ ژیان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی چەک دەرکی وڵاتانی خۆرئاوا بەڕووی کورددا دادەخات. ئێستا پ ک ک ناتوانێ هیچ ڕێکخراوێکی لەم وڵاتانەدا کارا بێ. بۆ نموونە ناتوانن خۆیان ڕێکبخەن، کاری مەدەنی بکەن، حسابی بانکیان هەبێ، پیتاک کۆبکەنەوە، تد، زەرەرمەندن. حزبەکانی ڕۆژهەڵات هێشتا دەرکیان لەسەر دانەخراوە، چونکە ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێی لەقە. ڕاستیەکەی ئەمانیش لەجێی نەبووان.

بە لاڕێبردنی پرسی ڕەوای کۆمەڵی کوردستان: چەقبەستن لە خەباتی چەکدا، پرسی بەبڕشتی کۆمەڵێک ناشیرین دەکات و دەرک ئاوەڵا دەکات بۆ وڵاتانی داپڵۆسەر پیشانی بدەن کورد خەڵکێکی توندوتیژن و تیرۆرستن. ئەمەش پاساویان دەداتێ هەموو ڕێیەکی توندوتیژ بگرنەبەر بۆ سەرکوتکردن. ڕژێم و زۆربەی تورکی ئاسایی، هەموو کورد بە تیرۆیست دادەنێن. سێیەم نەوەی ئێرانیە لە کالیفۆرنیا لە دایک دەبێ، ڕەنگە وڵاتی تەنیا لە فیلمدا دیبێ، دژی خوێندنە بە زمانی زگماک. کورد ناکرێ لەم بۆچوونە هەڵاندا، تەنیا لۆمەی بەرامبەر بکات. خۆیشی هۆکاری داوە بە دەستەوە. خەباتی چەک چیدی بۆ کورد بژاردە نیە. هەڵبەت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بژاردەیە؛ هەرچ کاتێک بخوازێ وڵاتێک تەخت دەکات، وەک ئەوەی لە عێراق، ئەفغانستان و لیبیا دیمان. وەنەبێ ئەمان بژاردەی دیکەیان نەبێ، بەڵام لەبەر گەلێک هۆکار، هەندێکیان بازرگانین، چەک هەڵدەبژێرن.

لە سەرکوتکردنی کۆمەڵی کوردستاندا، هەمیشە ڕژێمێکی داپڵۆسەر لە نێوەند سەری هەڵداوە، هەم دەرکی خەباتی مەدەنی لە هەموو پێکهاتەیەکی مەدەنی داخستووە، هەم وڵاتی چەکدار کردووە بۆ داپڵۆسینی کورد. هەمیشەش سەرکەوتوو بووە. خەباتی چەک تا ئەمڕۆ جگە لە کوشتن و دارمان هیچی دیکەی بۆ کۆمەڵی کوردستان نەکردووە.

وابەستەبوون بە ڕژێمی سەرکوتکەرەوە: خەباتی چەک دژوارێکی کوشندەیە. لەلایەک بە حساب خەباتی گەلی کوردستانە دژی داگیرکەر – تورکیا، ئێران و سوریا، کەچی لە هیچ پارچەیەکدا بەبێ وابەستەگی بۆ یەکێک یان زیاتر لەم ڕژێمانە بەردەوام نەبووە. هەروەک لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە – وەک ئەمەریکا و ئیسرائیل، بەکارهێنراوە. کۆمەڵی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەشە، هەموویان هاوکار و هاوبەرژەوەندین لەسەرکوتکردن یان بەکارهێنانی کورددا. گەر پێویستی کرد، هاوکاری یەک دەبن؛ وەکیتر چەکی کورد بەکاردێنن بۆ دەستکەوتی ستراتیجی خۆیان. ئێستا دوو حزبی حوکمڕانی باشور لە خزمەتی تورک و ئێراندان بۆ سەرکوتکردنی کوردی ئەو دوو پارچەیە. لە بەکارهێنانی کورددا، هەرگیز چەکی ستراتیجیان پێ نەداوە تا بتوانێ کاریگەربێ. ڕەنگە دانپێدانانی د. مەحمود عوسمان، مێژوویەکی درێژی لەگەڵ خەباتی چەکدا هەیە، باشترین گەواهی بێ لەم ناوەرۆکەدا. لێرەدا دامرشتووەتەوە: لە خەباتی چەکی باشوردا، چەکی هێرش بە کورد نەدەدرا، زۆرتر بۆ بەرگریکردن دەستیان دەدا. ئەمە پیشانی دەدا، چەکی دراو بە کورد لەلایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانەوە، کە ڕەنگە هەندێکیان لە ئیسرائیل و ئەمەریکاوە هاتبێ، جۆرێک بوون کورد تەنیا بتوانێ گوشار بخاتە سەر عێراق، نەک زاڵ بێ. ئەمانە زۆربەی چەکی کۆنەی وڵاتانی بلۆکی سۆڤیەتی جاران بوون لە بازاڕی قاچاغی نێودەوڵەتی کۆکرابوونەوە.

شەڕی خۆکوژی: خەباتی چەک هەمیشە سەرچاوەی شەڕی خۆکوژی کورد بووە. دژواری خەباتی چەک لەوەدایە، لەبری یەکخستنی خەباتی سەرتاسەری کۆمەڵی کوردستان، بە گژ یەکیدا کردوون. نمونە زۆرن. لە ڕۆژهەڵات، چەکداری قیادەی موەقەت - یان پارتی، لەپێش پاسدارەوە شەڕیان بۆ ڕژێم دەکرد. هەروەک هێزی کوردیش - کۆمەڵە، دیمکرات، چریک، هێزی خەبات، تد - لەنیوخۆدا ناکۆک بوون و دەگەیشتە خوێنڕشتن. لە باشور، بە حساب شەڕی ڕژێمی عێراق دەکەن، هێزی کورد دەستیان لە خوێنی کورددا زۆرتر بوو تا ڕژێم. پارتی، یەکێتی، سوشیالست، شیوعی هەر هەموویان بەردەوام لە شەڕدا بوون. ئەم شەڕانە زۆریان بە قۆنتەرات دەکران. دوای دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، پارتی و یەکێتیش هەم شەڕی یەکیان کردووە هەم شەڕی ئیسلامی و پ ک ک. هەرچ چەکیش قەوارەی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە و گەیاندی بەمرۆژە. گەر پارتی و یەکێتی لە ئاستی ئەقڵی ئەمڕۆدا بوونایە، کێشەیان لەنێو قەوارەی حکومەتی هەرێمدا چارەسەر دەکرد.

### خەباتی سەردەم چۆن دەبێ؟

ژیانی ئەمڕۆ زۆر بە برشت و ئالۆزە. کۆمەڵی کوردستان دەرکی هەمەرەنگ و بەرفراوانی بە ڕووی خەباتدا لێکراوەتەوە؛ خەباتی چەک یەکیەکیان نیە. ئەو دەرکە داخرا.

کۆمەڵی کوردستان، لە هەرچی جێیەک بووە، پێویستی بەخۆ ڕێکخستنە و کارا بوونە لە هەموو بوارێکی ژیاندا. هەروەک پێویستە لە زۆر بواری ژیاندا هەڵبسێتەوە: ڕۆشنبیری، زمان، کولتوور، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زانستی، تەکنەلۆجی، پرسی ژن، منداڵ و خێزان، ئەدەب، شیعر، هونەر، زانست، تەکنەلۆجی، ئەندازیاری، زۆری دیکە. کورد زەرەرمەند دەبێ گەر هەموو بوارێکی ژیان بکات بە قوربانی سیاسەت، یان ڕاستر بڵێم حزبایەتی سواو و تەسکبین.

لە باکور، دەرفەتی خەباتی مەدەنی بەرفراوان بوو. بڕوانە، هەدەپە چی سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا. بۆچی بەمرۆژە گەیشت! وەڵامی گەلێک سانانەی، بەڵام کەس ناوێرێ بیڵێ، خەباتی چەک. تورک خۆی بۆ پاساوی سەرکوتکردنی هەدەپە دەگەڕا؛ خەباتی چەک پێی بەخشی. لە باشوور بە درێژی مێژوو، دەرفتی خەباتی مەدەنی ئاوەڵابووە، هەڵبەت چەند گرووپێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گچکە، لە بەرژەوەندیان بوو، بە چەک خۆیان بەرنە پێشەوە و ببن بە دەسەڵات.

لە ڕۆژهەڵات، هەروەک باکور، تا ڕادەیەکی زۆر دەرکی بەشداربوونی کارا لە زۆر بواردا ئاوەڵایە بە مەرجێ بە سیاسەت و بە حزبی نەکرێ؛ ئەمە خەباتێکە کۆمەڵی کوردستان بەئاگا دێننەوە و پێشی دەخات. ڕاستە دەستور ناوی هیچ پێکهاتەیەکی جودا لە فارس ناهێنێ، بەڵام ڕێ دەدات بە هەمووان لە بواری کولتووردا کارا بن. لەبەر دۆخی ئاڵۆزی ئێران، هەموو ئەم بوارانە ناتوانن بە هەمان ئەندازە کارا بن. ڕەنگە لە هەندێک بواردا کارکردن زۆر سەخت بێ، پێویستی بە ئارامی و هێمنیە. کەسان و ڕێکخراوی چالاک دەبێ بزانن لە چی بوارێکدا دەتوانن شەقاو بنێن و لەکوێدا پێ بە هێلکەدا بنێن.

ئامانج چیە؟ ئامانج بە زیندوو هێشتنەوە و بەئاگا هێنانەوەی کۆمەڵە، بەشداریکردنی کارای هەمووانە لە بواری هەمەڕەنگی ژیاندا، پەراوێز نەخستنە. هێندەی دەکرێ بەردەوام بوونە لە ڕێکخستنی کۆمەڵ و دیبەیتدا لە هەموو بواری هەمەڕەنگی ژیاندا. تیپێکی میوزیک یان کۆمەڵێکی زمانەوان دەکرێ ئازادی خۆیان هەبێ و نەبن بە بەشێک لە کاری سیاسی یان حزبی. دەکرێ چالاکی ڕێکخراو خۆی کاندید بکات بۆ زۆر پۆستی بەڕێوەبردن. لێرەوە دەتوانن هەم بە ئەزموون ببن، هەم هەندێک جومگەی کۆمەڵ بجوڵێنن لە بەرژەوەندی پرسی ڕۆژهەڵات.

ڕەنگە گەورەترین لەمپەر لەبەردەم پێشخستنی کۆمەڵ لە هەموو بوارێکدا، حزبی سیاسی کورد بێ، دەیانەوێ، وەک سەرۆک خێڵ، هەموو بوارێکی ژیان داگیر بکەن و هەموو چالاکیێکی ژیان بکەن بە ئەندامی خۆیان. دەبوایە کتومت بە پێچەوانەوە بوایە. کاری حزبی سیاسی ئەفراندنی ژینگەیەکە بۆ بوژاندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری، نەک ببێ بە کارگەی شەهیددان.

حیزب چیە؟ زۆربەی حزبی کوردی – بە کۆمۆنیستەوە –درێژکراوەی خێڵن و هەمان کولتووریش لەخۆدەگرن. سەرۆکی حزب جێی سەرۆک خێڵ و مەکتەبی سیاسیش ڕۆڵی ڕیشسپی گرتووەتەوە. ڕێکخراوی پێشەنگ لە دنیای ئەمڕۆدا جیاوازە. پێکهاتەی هەرەمی نیە، تەختە. سەرکردایەتی بەردەوام دەگۆڕێ. تەکنەلۆجی لە ڕێکخستندا بەکاردێنێ و دەچێتە هەموو بوارێکی ژیانەوە بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی خەڵک بکات و بیانکات بە غولام. کۆششی بوژاندنەوەی ژینگەی کۆمەڵە.

خەباتی کۆمەڵی کوردستان پێویستە تا دەکرێ لە کولتووری توندوتیژی دوور بخرێتەوە. پێویستە دۆخی ڕۆژهەڵات لەبەرچاو بگیرێ. خەبات دەبێ لەو جێیەدا قەتیس بێ کە ژیانی خەڵک دەکەوێتە مەترسیەوە. هەڵبەت کۆمەڵێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوی ئامانج-ڕۆشن، دەتوانێ بەردەوام سنوری دەسەڵات ببەزێنێ و سەکۆی خەباتی مەدەنی بەرفراوان بکات.

٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی حەوتەم



لە چەند بەشێکدا– ئەمە حەوتەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکەم. کۆمەڵی کوردستان پێویستە لە بازنەی توندوتیژی خوێن - مەرگ - خوێن دەربچێ و لە ئاستی نزمی ڕژێمی ناوچەکە بەرزبێتەوە، جەخت بخاتە سەر دادپەروەری، مافی مرۆڤ و دامەزراندنی خۆرهەڵاتێکی خەملیو. دەرفەتێکی زێرین بۆ پێکهاتە و ڕەوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە پێش، دەتوانن ئەم قەڵەمبازە بدەن و ڕێبازێکی دیکە هەڵبژێرن؛ شوێنپێی ئەزمونی ئێرانی ١٩٧٩ و باشوری ١٩٩١ و بەشەکانی دیکەی ناوچەکە نەکەون.

ناکۆکی نێو کۆمەڵ هەمە-ڕەهەند و بێکۆتایە. پێشبینی داهاتوویەکی بێگرێ بۆ مرۆڤایەتی ناکرێ. هەندێک بۆچوونی فەلسەفە – وەک هێگڵ و مارکس، ئامانجیان داوە بە مێژووی مرۆڤایەتی، دەگاتە داهاتوویەکی بەختەوەری بێکۆتا. لەمەدا کتومت لە خەونی ئاینی ئیبراهمی دەچن. تەنیا جیاوازی ڕەنگە ئەوەبێ، کەس لە دۆزەخدا ناسوتێنن، هەر هەموویان بەهەشتین.

کۆمەڵێک گەر بە توندوتیژی پەروەردەکرابێ تەنیا بە گۆڕینی کولتوور دەتوانێ ڕزگاری بێ. ئەمیش پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی دورودرێژە. گۆڕینی کولتوور هەمیشە دوای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵ و لەو شێوازەدا ڕوودەدات کە مرۆڤ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ڕەنگە هەردوو فەیلەسوفی ئەڵمانی، هێگڵ و مارکس، تا ڕادەیەکی زۆر توانیبێتیان هێزی بزوێنەری گۆڕینی کۆمەڵ ڕۆشن بکەنەوە، هێگڵ لە ئەقڵدا و مارکس لە خودی کۆمەڵ خۆیدا. ئێمە پێویستە هەردووکیان لێکبدەین. ئەقڵ و کۆمەڵ دوو پێشمەرجی گۆڕانکارین و ناکرێ دەستبەرداری هیچیان ببین. بەو ئەقڵەی ئێستا لە کوردستان زاڵە، گۆڕانکاری ئەرێنی ئەستەمە. هەمووان دڵپڕلەقینن، بۆ دەرفەتێک دەگەڕێین، تۆڵە بکەینەوە، نەک کۆمەڵێکی ئارام و ڕەوا دابمەزرێنین.

کەلێنێکی گەورە کەوتووەتە نێوان وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاواوە. لای ئەمان هەر هیچ نەبێ لەبەر بەئاگابوون و سەروەری قانون، دەتوانن هێندەی بکرێ بە هێمنی بژین. لە وڵاتانی خۆرهەڵات زۆرجار ناکۆکی توندوتیژ دەبێ و ئارامی ژیان تێکدەدات، هەندێکجاری دیکەش دەگۆڕێ بە خوێنڕشتن — وەک ئەوی لە شۆڕشی ژینا-دا دەیبینین— تا ئیستا نزیکەی ٤٥٠ کەس کوژراون؛ هەندێکجاری دیکە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەڵدەوەشێتەوە و هەرگیز خۆی ناگرێتەوە - وەک ئەوەی ئێرانی ١٩٧٩، عێراقی ١٩٥٨، یان ئەوی ئێستا لە سوریا و لیبیا دەگوزەرێ. لەبەرامبەردائەمەدا، لە وڵاتانی خۆرئاوا هەرچەند ڕۆژانە چەندان پرۆتێست دەکرێ، بەڵام زۆر کەم دەگۆڕێن بە توندوتیژی. گەر بگۆڕێن، دەسەڵاتی قانونسەپێن، زوو کۆنترۆڵیان دەکەن، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە کوشتار بێ. هەرچی ڕۆژهەڵاتە، سەرباری ئەوەی خۆیان لە دەستور و قانونیان هاویشتووە، ڕێی بە پرۆتێستی هێمن نادەن. بۆ نمونە پارتی و یەکێتی، تەنانەت پرۆتێستی خوێندکارانی زانکۆش بە سوکایەتی دەزانن بۆ خۆیان. لە دوا پرۆتێستی زانکۆی سلێمانیدا، چەند سەد قوتابییەک ڕفێنران. ساڵانە چەندان کەس لە پرۆتێستی هێمندا دەکوژرێن. کتومت ئەمە کولتووری خێڵە. ئەندامێکی زۆر باڵای یەکێک لە حزبەکان، چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە بەرامبەر کوشتنی چەند مێردمنداڵێکدا، کە بەردیان هاویشتبوو، پاساوی ئەمە بوو (دامرشتووەتەوە): گەر هاتنەسەر ماڵت، تۆش داکۆکی لە خۆت دەکەیت. ئەمە لۆجیکی خێڵە، نەک دەوڵەت. ئەم کەسە ڕاستە سەرکردەی حزبە، بەڵام حزبەکەی خێڵە و خۆیشی بۆ کۆمەڵێکی خێڵەکی دەدوێ. هەموو بەشێکن لە هەمان هاوکێشە.

داخۆ ئەم کەلێنە، لە نێوان وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، لەکوێوە سەرچاوەی گرتبێ؟ئەوروپا توانی لە کولتووری دووجەمسەریخێڵ و ئاین ڕزگاری بێ، بە ڕێی دوو شۆڕشی یەک لە دوای یەک، زانستی و پیشەسازی و سەرهەڵدانی کۆمەڵی مەدەنی، کە شێوازی پێشووی ژیان و کولتووری دارمان. تەنانەت مارکس سەرسامە بە شۆڕشگێڕیەتی چینی بۆرجوازی سەرهەڵداو، بە شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵایەتی لە مێژووی مرۆڤدا دەیناسێنێ. کولتووری گوند گۆڕا بەوی شار، لەوی پێشتر زۆر جیاواز بوو. چیدی ئەقڵی خێڵ کە پەیوەند بوو بە گوند و ئاینەوە، بنەمای نەما.ئاینیان نارده پەرستگا و نێوماڵ. دەوڵەت لێی ڕزگار بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچی خۆرهەڵاتە، لە هەمان پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا قەتیس بوو.بەمە کەلێنێکی زۆر گەورە کەوتە نێوان خۆرئاواو و خۆرهەڵاتەوە. ئەمیانقەتیس لە کولتووری خێڵ و سیستمی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتدا. ئەویشیان ئەو دەرامەتە زۆرەی لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی کۆی کردبووەوە، بەسەر خۆرهەڵاتدا زاڵی کرد. تا گەیشتە سەرەتای سەدەی بیست و کەلاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان پارچە پارچەکرد و کردیان بە سەرچاوەی مادەی خاو بۆ چەتەوڵی پیشەسازی خۆرئاو، وڵاتانی سەرهەڵداو لەم ئیمپراتۆریەتەوە، وەک عێراق، بوون بە بازاڕی کاڵایان. لە رووی ئیدارییەوە، خاکیخۆرهەڵاتیان بە جۆرێک دابەشکرد، لەگەڵ بەرژەوەندی خودی خۆیاندا بگونجێ؛ هاوکات دەسەڵاتیان بە هەندێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دا کە بتوانن بەرژەوەندی ئەوان بپارێزن. کورد بە دەردی ئەوانی نەدەخوارد، پەراوێزیان خست.

بەمجۆرەلە وڵاتانی خۆرهەڵات هەرگیز شۆڕشی پیشەسازی رووی نەدا، کۆمەڵێکی خێڵەکی، بە ئەقڵ و کولتووری خێڵەوە، بوون بە خاوەنی باڵاترین کاڵای خۆرئاوا، بە چەکیشەوە.

لە خۆرئاوادا زۆر پێش شۆڕشی پیشەسازی، رۆشنبیر، زانا، تەکنۆکرات، فەیلەسوف و خوێندەواربەشداری راستەوخۆیان کرد لە گۆڕانکاری کۆمەڵ و پێشخستنی ژیان. بەبێ خوێندەوار کۆمەڵ بەڕێوە نەدەچوو. ئەمیش پایەیەکی بڵندی بەم توێژەی کۆمەڵ بەخشی.وڵاتانی خورهەڵات، تەنیا بەکاربەری کاڵای خۆرئاوا بوون و بە ئامادەیی دەگەیشتنە دەستیان. ئەم کۆمەڵە خێڵەکیەرۆڵی رۆشنبیریاننەدەدیو بە رێگریاندەزانین. بۆ نموونەهەردووک شێخ مەحمود و مستەفا بەرزانی رۆشنبیریان بە ناحەز دەدی. یەکەمیان وەک ئەقڵی کوردی دەشت سەر بە تەریقەتی قادری و دووەمیان وەککوردی چیایی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی. ئەم شەڕە دژ بە یەک و دژ بە رۆشنبیران تا ئێستا بەدەوامە و هەمان دیدیان بۆ رۆشنبیر و رۆشنبیری هەیە.

سەرکردەی حزبێک دەڵێ (دامرشتووەتەوە)، رۆشنبیر وەک سەگ، با بوەڕێ. مافی خۆیەتی. ئەوی دیکەشیان دەڵێ (دامرشتووەتەوە)، هەڵدەپەڕن، چی دەکەن بیکەن. حزب یان خێڵی ئەمڕۆ، بەوجۆرە لە رۆشنبیر و بەشداریان لە کۆمەڵ دەڕوانێ. هەرچی قەڵەمبەدەستی حزبی ئەمڕۆیە، تەنیا دەتوانن لە خزمەتی سەرۆکیاندا بن.

هەموو حزبەکان، بە کۆمۆنیستیشەوە، لە کولتووری خێڵەکی تۆڵە و توندوتیژیەوە ئاڵاون. بۆ نموونە هەموویان دەستەی تیرۆریان هەبووە، لە لەشفرۆش و جاسوس، رۆشنبیر، بازرگان، ئەندامانی حزبی نەیار و زۆر برگەی دیکەی کۆمەڵیان تیرۆر کردووە. دواتر ئەم شێوازە لە یەکێتی نیشتمانیدا خەست دەبێتەوە. لەلایەک، دکتۆرێک یان نوسەرێک دەنێرن، بەعسیەکی خوێنڕێژ بکوژێ؛ لەلایەکی دیکەوە، پاکسازی دەیان کەسی ئەقڵگەش و نیشتمانپەروەر دەکەن. ئەمانە هەمووی بە پێی کولتووری خێڵەکی ئەنجام دەدرێن، تۆڵە. ئەم کەسانە هەموو "بە تۆڵەی گەل و نیشتمان دەگەیەنرێن". کێ ئەم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بڕیاره دەدات، کۆمەڵێکی عاسی لە چەند چیایەکی دوورەدەستی کوردستان و بە دەرامەتی دەرەکی. بە پێچەوانەوە، ئەم حزبانە دەبوایە کاریان بۆ ئارامی گوند و شاری کوردستان بکردبا تا ببوژێنەوە، کەچی کوتومت پێچەوانەیان کرد.

کوردستانیان دارمان و خەڵکەکەشیان بەدبەخت. دەتوانن لۆمەی ڕژێمی بەغداد بکەن بۆ نەهامەتی کورد. هەڵبەت — ئەوەی کەس ناوێرێ بیڵێ ئەمەیە، گەر لە بنەڕەتەوە بزوتنەوەی چەکدا نەبوایە، دەسەڵاتی سەرکوتکەری بەعسیش لە بەغداد سەریهەڵنەدەدا و عێراقیش وڵاتێکی ئارامتر دەبوو، ڕەنگە وەک ئوردن بووایە.

کۆمەڵی وڵاتانی خۆرهەڵات، لە دوای دوو جەنگی جیهانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بێ ناسنامە مانەوە، نەخێڵەکی بوون نە پیشەسازی، نە کاپیتاڵست بوون نە فوئداڵی، کولتوورێکی خێڵەکی بەکاربەری تەکنەلۆجی ئەورووپای پیشەساز بوون، کە دەسەڵاتێکی نیوەندی بەهێزی هەبوو. هەڵبەت کۆمەڵی کوردەواری لە هەرچ پارچەیەک بووبێ، دوور بووە لە تەکنەلۆجی و تا ڕادەیەکیش قانون، بۆیە توانیانباشتر پارێزگاری خێڵ و کولتووری خێڵەکی بکەن. ئەمە هەر خۆشی سیاسەتی دەسەڵاتی نێوەند بووە، وەک سەرکوتکردن، خواستوویانە کوردستان و ئەقڵی کورد گەشە نەکات.

بەمجۆرە پێکهاتەی کوردستان لە ڕیزبەندی نوێی جیهان بێبەشکرا. کتومت بە پێچەوانی ئەتنیک گرووپی دیکەوە — عەرەب و تورک. دەسەڵاتی فارس بەر چەقۆی دابەشکردن نەکەوت، وەکخۆی مایەوە. سەرباری بەڵێنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کوردستانیژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەر سێ وڵاتدا دابەشکرا. کورد لە دەوڵەت بێبەشکرا. هەرچەند بێدەنگ نەبوو، بەڵام ئەنجامی لە هەموو پارچەیەکدا نەرێنی بوو.

لەم بێبەشکردنەدا، کورد خۆیشی گرفت بوو. ئەقڵی خێڵ-ئاین، کوردی هاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تورک و عەرەب، نەک کوردستان. لەو چەند ساڵەدا هەزاران کورد بوونەتە قوربانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەتاتورک. تورک زیرەکانە ئاینی بەکاردەهێنا بۆ بەرژەوەندی ڕەگەزپەرستی خۆی. کوردیش هەمیشە ئامادەی مەرگ بووە، نەک ژیان. هەتا ئەمڕۆ کورد ژێرپێی هەموو لایەکە بە هۆی ئاینەوە. بڕوانە سەرکردەکانی یەکگرتووی ئیسلامی، چەند دڵسۆزی ئەتاتورکی ئەمڕۆ، ئۆردۆغانن. ئیدی کورد هەرگیز خۆی نەگرتەوە. هەمیشە بە ئەقڵی خێڵ-ئاینەوە،بەرگری کردووە، هەر بۆیە هەرگیز هەتا ئەمڕۆ نەگەیشتۆتە جێیەکی ئارام و هەمیشە لە شکستێکەوە بۆ یەکیەکی دی شەقاوی ناوە. نەیتوانیووە ناسنامەیەکی کوردستانی بە خۆی بدات.

کولتووری توندوتیژی نەخۆشیە، دووچاری هەندێک کۆمەڵ دەبن. زۆر کەم سەرکردەی خۆرهەڵات، بە حزبی کوردیشەوە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبینیت هەڕەشە نەکات، دەست ڕانەوەشێنێ. هەرگیز سەرکردەیەکی کوردی باشورم نەدیووە، باسی خۆشگوزەرانی خەڵک و خوزمەتگوزاری بکات؛ باسی نەخۆشخانە، قوتابخانە، خەڵوەتگەی تەمەنداران و دایەنگەی منداڵان بکات. وەکیتر پلانی هەبێ بۆ دامەزراندنی شەمەندەفەر و میترۆ.هەر هەڕەشەیان کردووە، مامەڵەی کۆمەڵی کوردستانیان وەک ڕەعیەتی خۆیان کردووە.

ئەم مێژووە کۆمەڵی کوردستانی لە بازنەیەکی تاریکی توندوتیژی بێ ئەنجامەوە بۆ یەکیەکی دیکەگواستووەتەوە. ڕژێمی بەعس لە سەرکوتکردنی گروپێکەوە دەچوو بۆ یەکیەکی دیکە. پارتی و یەکێتی، هەمان ڕێوشوێنی بەعسیان گرت. هەریەکەشیان ڕژێمێکی دەرەکی کردووە بە براگەورەی، تا دەست بە باڵیانەوە بگرێ بەرامبەر بەوی دیکە و لەنێو کوردستاندا هێزی پێ بدات.

"مەرگ" و "ژیان" دوو چەمکی تێکەڵن بە ژیانی کوردەواری، زۆرتر "مەرگ" بەرز ڕاگیراوە، نەک "ژیان". لە سیاسەتی کورددا، هەروەک ئاین، "مەرگ" هاوناوی "شەهید" بوونە. ئەم چەمکە زۆر بە چڕی لە کولتووری سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی کورددا بەرجەستەیە. ڕەنگە سەدان بەیت شیعر لەسەر نرخدان بە مەرگ گوترابێ. لێرەدا ناوەستێ و دەچێتە بنجوبناوانی هەموو پەیوەندی ژیانەوە، بە عیشقیشەوە. کەم شاعیر هەیە خۆی نەکردبێ بە قوربانی دڵبەری. لە شیعری تەسەوفدا خۆشەویست و کردگار تێکەڵن و مردن بۆیان سانایە.

مەرگ بۆ عیشق و مەرگ بۆ نیشتمان، هەم جیاوازن هەم لێکدەچن. هەردووکیان مەرگن. ئەوی عیشق زۆرجار ڕوونادات و ڕەنگە دوو دڵ بەیەک بگەن. هەرچی مەرگ بۆ نیشتمانە زۆرجار ڕاستەقینەیە و نیشتمانیش هەرگیز لە ئەنجامی مەرگ، هیچی دەست نەکەوتووە، کاولی و دارمان نەبێ.

ئەمڕۆ ئەم چەمکە سەری لێشێواوە. مەرگێک شەهیدبوونە کە دژی ڕژێمی داپڵۆسەری کورد جەنگیبی. ئەی هەزاران کوردی کوژراو لە شەڕی خۆکوژیدا چین! شەهیدن!

کۆمەڵانی خۆرهەڵات بە سەرکوتکردن و داپڵۆسین گۆشکراون، کە دەرفەتێکیان بۆ هەڵدەکەوێ، ئەمانیش ڕۆڵی سەرکوتکەر دەبینن، تۆڵە دەکەنەوە، خوێن دەڕێژن. هەر خۆی تۆڵە چەمکی خێڵە. لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا، خەڵک بۆ دادپەروەری دەگەڕێ، نەک تۆڵە.هەڵبەت خوێنڕشتن جێی سەرسوڕمان نیە. پێویستە لە چێوەی سیستمی سیاسی، ئیداری و کۆمەڵایەتیدا ببینرێ. بۆ نمونە خەڵکی کورد بۆ ٣٠ ساڵی ڕەبەق بەعس دەبینێ زوڵم دەکات؛ کۆمەڵێک بێ بەها هەرچی لە بەها دەربچێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە خەڵکی دەکەن. هەر کە خەڵک بۆی هەڵکەوت، تۆڵە دەکاتەوە. ئیدی هەمان ڕووداو یەک لەدوای یەک ڕوودەداتەوە و ڕزگاربوون ئەستەمە. لە عێراقدا ئەوە نزیکەی سەدەیەکە ئەم بازنەی توندوتیژە بەردەوامە. هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیووە لێی دەربچێ و دەسەڵاتی قانون دابمەزرێنێ.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوردا، ئایا پێویست بوو ئەو هەموو خەڵکە بکوژرێ؟ زۆر لەم بەعسیانە بە زیندویەتی بە نرختر بوون، تا مردوویی. دوای ڕاپەڕین،. حکومەتی هەرێم نەیتوانی خۆی لەو بازنەیە ڕزگار بکات. پارتی و یەکێتی وەک بلێیت تینووی مەرگ بن، شەڕی خۆیان و شەڕی هەموو لایەنێکیان کرد،تا ئەمڕۆش ڕایان نەگرتووە، شێوازیان گۆڕیووە بۆ نە شەڕ نە ئاشتی. تەریب بەمە، شەڕێکی ڕانەگەیەنراویان بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەستپێ کرد. کەوتنە زیندانکردن و سەرکوتکردنی خەڵکی نارازی و ڕەخنەگر. نادروست نیە گەر بگوترێ، لە نزیکترین دەرفەتدا، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دووبارە دەبێتەوە. ئەمجارەیان بەرامبەر دەسەڵاتی کورد.

گەر دوای ڕاپەڕین، کۆمیسیۆنێکی ئاشتەوانی و یەکگرتن دابمەزرایە و ئەوانەی تاوانباربوون بە هاوکاری بەعس، دڵی خۆیان لەسەر تۆمار بکردایەتەوە، کاراتر دەمانتوانی بەرەو کۆمەڵێکی ئارام و ڕەوا هەنگاوبنێن.

ڕۆژهەڵات پێویستە دەرس لەم ئەزمونە بە برشتانە وەربگرێ، دەرفەتێکی مێژوویان لە پێشە، کۆتایی بەم کولتوورە بهێنن. گومانم نیە، زوو یان درەنگ، ڕۆژهەڵات دەکەوێتە دەست پێکهاتەکەی، لەو وەرچەرخانە مێژوویەدا، پێویستە بەوپەڕی بەرپرسیاریەوە ڕەوتار بکرێ، بازنەی خوێن-مەرگ-خوێن بشکێنرێ. دەبێ ئەزمونی باشور هەرگیز دووبارە نەکرێتەوە.
مەرگ، لە هەرچی لایەک بێ، هەمیشە ئاسانترین ڕێیە. پێویستە بەوپەڕی بەهای مرۆڤانە مامەڵە بکەین و قانونی پارێزگاری مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی هەمیشە لەبەرچاو بگرین. کوشتن ئاه بە دڵدا دێنێتەوە، بەڵام دەمانخاتەوە هەمان بازنەی تاریک، تاڵ و خاڵی.
بە درێژی مێژوو، زۆربەی ئەوانەی گۆڕانکاری بنەڕەتیان لە ژیانماندا کردووە، کەسانی ئاشتیخواز بوون، گاندی، مەندێلا، مارت لۆثەر، ڕۆزا پارکس و زۆری دیکە. ئەوانەش توندوتیژ بوون، وەک هێتلەر، مۆسلۆنی وسەدام، نائارامیان کردووین و ژیانمان تاڵ و خاڵی.

ئیستا کاتی هاتووە واز لە کولتووری مەرگ بهێنین و بژین بۆ گەیاندنی پەیامی ژیان، نەک بمرین.

٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی هەشتەم و دوابەش




لە چەند بەشێکدا – ئەمە هەشتەمە، پرسی گرنگی هەنوکەی ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکەم. لە حەوت بەشی پێشوودا، زۆربەی ڕەهەندی پێویستیم بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی لە ڕۆژهەڵات و ئێراندا دارشت. هەرچەندە جەختم لەسەر ڕۆژهەڵاتە، بەڵام خەباتی پێکهاتەی کوردستانم، جا لە هەرچ پارچەیەکدا بێ، سەرلەنوێ پێناسە کردەوە و دەرکێکی نوێم لە کاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کردەوە. پاش سەد ساڵ قەتیسبوون لە کۆمەڵێک چالاکی و چەمکی سواو و بێکەڵکدا، خەباتی کۆمەڵم قورتار کرد. ئەوەی پێشنیارم کردووە، دیدێکی نوێیە، دەرک لەسەر قۆناغێکی نوێ لە ئەقڵ و چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکاتەوە. سەرئەنجامی هەموو بەشەکای پێشوو لێرەدا تاوتوێ دەکەم.

### لەسەر چی بنەمایەک ڕێ بکەوین؟ چی خەباتێک جێبهێڵین و چی بەرجەستە بکەین؟

**یەکەم**: خەباتی سەد ساڵەی کۆمەڵی کوردستانم بەست بە ئەقڵ و پێکهاتەی خێڵەوە، لە چەند چەمک و چالاکیەکدا کۆمکردنەوە: چەک و توندوتیژ؛ پەرستنی سەرکردە، خۆسەپاندن، داخراوی، پەراوێزخستن و خۆپەرستی؛ دژ بە ڕۆشنیران و ڕۆشنبیری؛ خۆ گرێدان بە ڕژێمی دەرەکی سەرکوتکەر؛ تێنەگەیشتن لە پرسی بەشێکی گەورەی کۆمەڵ وەک ژن، منداڵ و خێزان؛ فەرامۆشکردنی پێکهاتەی هەمەرەنگی ئەتیکی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، جێندەر و کولتووری. بە درێژی مێژوو تەنیا ڕەعیەت و مرید لەنێو حزبی سیاسی کوردیدا جێی بووەتەوە.

ئەم جۆرەم لە ئەقڵ و چالاکی هەم کوردستانی دارمان و نەیهێشت خەباتی مەدەنی سەرهەڵبدات، هەم هاوکاری نێوەند بوو،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە دامەزراندنی رژێمێکی داخراوی سەرکوتکەردا. پیشانم دا کە توندوتیژی و مەرگ ئاوێتەی کۆمەڵی کوردستانە، نەک تەنیا لە چالاکی سیاسیدا، بەڵکو چووەتە ژێر پێستی هەموو توژێکی کۆمەڵایەتیەوە لە هەموو بارێکی ژیاندا.

ئێستا پێویستە پێکهاتەی کوردستان، مۆدێلێکی دیکەی خەبات دابرێژێ، بینا لەسەر ئەزمونی ڕابردوو بکرێ، بەڵام دووبارەی نەکرێتەوە. ڕابردوو پێویستە مامەڵەی بوتڵی بەکارهاتوو بکرێ؛ کە ریسایکڵ کرایەوە، هیچی لە بوتڵ نەچێ.

**دووەم**: دیوێکی ڕاستەقینەی شۆڕشی ژینا، شکستی ئەقڵ و چالاکی حزبی سیاسی تەقلیدی بوو. حزبی سیاسی - بەوانەشەوە کە چەپ و کۆمۆنیستن، تەنیا درێژکراوەی خێڵن. هەندێکیان توانیویانە سنوری خێڵ بە ئایدیۆلۆجی و توندوتیژی و بەرگی نەتەوەپەرستی بکەنەوە؛ هەندێکیان شکستیان خواردووە و بە بچوکی ماونەتەوە. ئەم حزبانە نە ئەقڵیان دەوڵەمەند کردووین، نە ژیان. بە پێچەوانەوە دوژمنی شارستانیەت و جوانین. هەندێک بنەمای کۆمەڵی مەدەنیان دزیووە بۆ چاوبەست، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیووە بە ڕۆحی خۆیانەوە، وەک ئەوروپا، بەرجەستەیان بکەن. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕەنگە باشترین نمونە بێ. ئەندام پەرلەمان وەک ڕەعیەت هەمیشە لە ستایشی سەرۆکێکدان کە هیچ پۆستێکی فەرمی لە ئیدارەی هەرێم یان دەوڵەتی عێراقدا نیە. نمونەیەکی ساناتر، سەرکردایەتی حزبە، بەشداری هیچ دەستگایەکی فەرمی ناکەن و لە سەرەوە قەرەقۆزی ئیدارەی هەرێم، بە دەسەڵاتی دادوەری و دەستگای ڕۆشنبیریەوە، هەڵدەپەڕێنن. تێگەیشتن لەمە زۆر ئاسانە. حزب، خێڵێکی هاوچەرخە و بە نزمی دەزانێ سەرکردە بەشداری کاری دەوڵەت بێ و موچەی هەبێ. خۆیان دەڵێن، ئەمان لە ئیدارەی دەوڵەت پیرۆزترن. زیاد لە ٣٠ ساڵە حومکڕانن، هەتا ئەمڕۆ نازانین بودجەی هەرێم چەند و بودجەی حزب چەند.

پاساوی حزبی سیاسی بۆ سەپاندنی خۆی، کۆمەڵێک چەمک و چالاکی بەسەرچووە. ئەقڵی سەرکردە بەرهەمهێنی کوردستانی داڕماو و گۆڕستانە. پاش ١٤ ساڵ لە بە کوشتدانی خەڵکی باشور ١٩٦١ - ١٩٧٥، سەرکردەکانی حزب، کوردستان دەگەیەننە ئاشبەتاڵ و نەتەوەیەش بێهیوا. ئایا ئەمە شکستە یان سەرکەوتن!

سەرکردەیەکی دیکە لەگەڵ دووسێ کەسی ڕژێمدا، لە خانویەکدا کۆدەبێتەوە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیەک. نازانم چی بڵێم و لەکوێوە دەستپێ بکەم. ئایا جێی سەرسورمانە، کە ئەنجامی دەگاتە کوشتاری لایەنی کوردی. گەر هەموو پێکهاتەیەکی ئێران سەرکوتکرابێ، ئایا ڕۆژهەڵات بە تەنیا دەتوانێ ئازاد، ئارام بێ! ئایا سوکایەتی نیە بە پێکهاتەی ڕۆژهەڵات و ئێران، پرسی بەوجۆرە بچوک بکرێتەوە! ئایا لە پرسی نەتەوەیەکدا، نەدەبوو وڵاتێک، هەر هیچ نەبێ چاودێر بێ! ئایا نە دەبوو پێشتر، بنەمای گفتۆگۆ لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە بە نووسراوی بە ڕێی وڵاتێکی ناوبژیواندا، لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێراندا تاوتوێ بکرێ، بۆ گەیشتن بە بنەمایەکی هاوبەش! ئایا نەدەبوو حزبەکانی دیکە بەشدار بن؟ بۆچی ڕەوتاری ئەم سەرکردەیە هەتا ئەمڕۆ هەڵنەسەنگێنراوە و نەخراوەتە ناو تای تەرازووی ڕەخنەوە. حزب هەموو شکستێکی خۆی دەگۆڕێ بە پاڵەوانێتی و سەرکەوتن، هەمیشە ڕەخنە لە ڕژێم دەگرێ و خۆی دەکات بە قوربانی. هێڵێکی زۆر کاڵ لەنێوان قوربانی و ساویلەکەییدا هەیە. مەرجی یەکەمی خەبات، تێگەیشتنە لە ئەقڵ و ڕەوتاری دوژمن. دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، کە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ ئێران، دەبوایە دەرکی ڕەخنە لە ئەقڵی حزب و لە خەباتی، ئاوەڵا بکرایە. کەچی پاش چەند ساڵێک، گەواهی هەمان ڕوودا و بە هەمان ئاکامەوە دەدەین. هیچ نالێم.

سەرکردەیەکی دیکە، هەر کە چاوی بە دوژمن کەوت، کەوتە سوکایەتیکردن بە کورد. گەواهیشی لە دادگادا جێی سەرسوڕمان بوو.

هیچ حزبێکی کوردی، هەرگیز ڕەخنەی لە سەرکردە نەگرتووە و هەرگیز خەباتی درێژخایەنی خۆی بە شکست نەناساندووە. ئەمە کتومت ئەقڵی خێڵ و تایفەی ئاینیە. سەرکردە یان پەیامبەر هەرگیز هەڵە نیە و ڕەوتار و گوتاری پێویستە وەک سونەت و دەقی پیرۆز تێیان بڕوانرێ.

هەموو حزبێکی کوردی سەرکردە بە شکۆمەند، رابەر، نەمری گەل و نیشتمان لە قەڵەم دەدات، نزیکی دەخاتەوە لە پەیامبەرێکی دەر لە ڕەخنە. هەر کەس و لایەنێکیش ڕەخنەی لێ بگرێ یان کردار و ئەقڵی هەڵبسەنگێنێ، بە جەستە تیرۆر کراوە. گەر دەست پێدا نەگات، بە گوتاری خێڵ، ناو و سومعەی تیرۆر کراوە. ئاخر گەر سەرکردە تێکبشکێ، خێڵ دەپوکێتەوە، چونکە ئەوە هەم تێکشکاندنی وەچەکانین، کە تا دوارۆژ لەسەرتەختی حوکمڕانی دەبن، هەم ئەندامانی، ڕاستر بڵێم موریدانی.

لەگەڵ ئەو هەموو دەرفەتە مێژووییەدا، حزبی تەقلیدی کورد هەموو شکستیان خوارد، نەیانتوانی ئەقڵ و کرداری نوێ پێشکەش بکەن. من پێشنیاری دامەزراندنی جۆرێکی دیکەم لە ڕێکخراو کرد، کە لە سایبەر سپەیسدا، ڕەوەند و پێکهاتەی کوردستان پێکەوە دەبەستێ. ئەمجۆرە لە ڕێکخستن، بەسەر زۆربەی ئاستەنگی ئاسایش، دابڕان و دووریدا زاڵ دەبێ و دەرک لەسەر بەشداری زۆرترین خەڵک دەکاتەوە، هەر هیچ نەبێ دەتوانێ کوردستان لە ئەقڵ، لە ڕێکخستن و خەباتدا یەکبخات. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، میدیای نوێ – تۆڕی کۆمەلایەتی، تد، باشترین سەکۆی خۆڕێکخستنن.

**سێیەم**: پێشنیارم بۆ کۆمەڵ و ڕەوەندی ڕۆژهەلات کرد ڕەشنووسی پرۆگرامی پێکهاتەی ئێران دابڕێژن و پێگەی خۆیانی تێدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قایم بکەن. ئەم پرۆگرامە چەند رۆڵێک دەبینێ:

(١) دەبیتە سەکۆی یەکخستنی بۆچوونی کەس، گروپ و گردبوونەوەی جیاوازی رۆژهەڵات. هەرهیچ نەبێ بەشدار دەبن لە دیبەیتێکدا، بە خۆیانیان دەناسێنێ و رادەمێنن چی دەخوازن و دەیانەوی لە چی ئێرانێکدا بژین.

(٢) پێشنیار دەبێ بۆ هەموو پێکهاتەیەکی ئێران و بەرچاویان رۆشن دەکاتەوە، بە مافی رۆژهەڵاتیان دەناسێنێ.

(٣) دەبێ بە سەکۆی دیبەیت و نزیککردنەوەی دیدی ئەو پێکهاتانەی بەرژەوەندیان لە ئێراندایە.

(٤) دەکرێ وەربگێڕێتە سەر زمانی ئەوروپی و لەگەڵ رێکخراو، پەرلەمان و دەسەڵاتی وڵاتانی خۆرئاوادا گفتوگۆ بکرێ. بەمەش دیدێکی نوێیان پێ دەبەخشێ و باشتر لە رۆڵ و پێگەی رۆژهەڵات تێدەگەن لە ئێراندا.

**چوارەم**: بەشداری رۆژهەڵات لە سەکۆی نێودەوڵەتیدا گەلێک گرنگە. نادروست نیە، گەر بڵێم، هیچ هێزێک لە ئێرانی داهاتوودا بەشدار نابێ، گەر دژی بەرژەوەندی خۆرئاوا بێ. بەشێکی زۆری چارەسەری ئێران و رۆژهەڵات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدایە، نەک ئێران. ئەمەش بێ ئەڵەنگاری نیە. لەلایەک، پێویستە رۆژهەڵات زمانی ئەمرۆی سیاسەت و دیبەیت فێرببێ، لەلایەکی دیکەوە، پێشنیاری بۆ ئێران سەرکێشی نەبێ لە سیستمی ئەمرۆی جیهان. لە چەند هەفتەی پێشوودا دیمان، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مجاهیدینی خەڵکی لە داهاتووی ئێراندا سڕیەوە، هیوای بڕین. رۆژهەڵات نابێ بچێتە یانەی ئەمانەوە. هەرگیز ناڵێم، وەک پارتی و یەکیتی مامەڵەی خۆرئاوا بکات. رۆژهەڵات دەبێ بە پرۆگرامی نووسراوی رۆشن و هاوچەرخ، نەک تەنیا بە پەیڤ، بەشداری گفتوگۆ لەگەڵ خۆرئاوادا بکات، دەبێ هەرگیز سڵ نەکاتەوە لە دارشتنی مافی خۆی و هەموو ئێرانیەک. هەڵبەت دەبێ پرۆگرامی رۆژهەڵات ئارامی و سەقامگیری نێوخۆ، ناوچەکە و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لەبەرچاو بگرێ. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەکتەرێکی کاران لە دارشتنەوەی ئێراندا. پێکهاتەی رۆژهەڵات، دەبێ ئەمە بەهەند وەربگرێ و هەر لە ئیستاوە بەردەوام لە پەیوەندیدا بێ.

**پێنجەم**: بە برشتکردنی شێواز و رەهەندی خەبات، بنەمای سەرکەوتنە. چالاکی و ئەقڵی حزب نابێ تەنیا لەسەر سیاسەت کر بێ، هەروەک نابێ هەموو رەهەندێکی ژیان بە سیاست بکرێ و هەموو کۆمەڵ لە رێکخراوی حزبیەوە بئاڵێنرێ، وەک لاوان، ژنان، قوتابیان، تد. حزب پێویستە دەوروبەرێک بئافرێنێ ژیان ببوژێنێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی بەشداری راستەوخۆ بێ، بەڵکو دەتوانێ ببێتە نمونەیەکی باڵا بۆ کۆمەڵ و بەهای کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، تەبایی و ئارامی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات. بە کورتی دەبێ حزبی سیاسی، مانا بدات بە ژیان و رێی پێکەوە ژیانمان بۆ ئاوەڵا بکات.

پێویستە رۆژهەڵات پشتببەستێ بە توانا و دەرامەتی لەبنەهاتووی خۆی، ئێران و رەوەندیان لە تاراوگە. هێز لە درێژبوونەوە و ئەزمونی پێکهاتەی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەربگرێ. پێکهاتەی رۆژهەڵات بەختەوەرە لەوەدا کە ئێران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتێکی هەمە-کولتوور، هەمە-ئەتنیک، هەمە-ئاینە و هەمە-زمانە. ئەم هێز و هەمەڕەنگیە لە بەرژەوەندی پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتە. هەمووان پێکەوە دەکرێ لە داڕشتنی داهاتووی ئێراندا، کاریگەر، هاوبەرژەوەندی و هاوخەبات بن. هێز لە تەبایی کۆمەڵایەتی و یەکتر قبوڵکردندایە، نەک تەنیا لە کوردبووندا. دەبێ بەرژەوەندی هەموو لایەنێکی ئێران، ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگرێ. بە کوردیکردنی پرسی ڕۆژهەڵات، بچووککردنەوەیەتی و دەمودەست ئەوە دەگەیەنێ کە کورد دەیەوێ، پێکهاتەی دیکە فەرامۆش بکات و خۆی داببڕێ. کورد تەنانەت لە ناو خاکی کوردستانیش تەنیا نیە، ئاویتەی چەندین گروپی هەمەڕەنگە. گەر مامەڵەی دروست بکرێن، ئەم گروپانە پەنان، دوژمن نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس – ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## بزووتنەی ژینا و شەڕی سەمبۆلەکان



**چیا کاویان**

سەمبۆلەکان ئامرازێکی باشن بۆ دەرکی ئێمە لە دونیای دەوروبەر، نیشاندەری شێوە ڕوانینی ئێمەن بۆ جیهان، ئاڵۆزییەکانی پێش چاومان کەم دەکەنەوە بەڵام لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری کۆمەڵێک تێگەیشتن و ڕاڤەی جیاوازیشن. بۆ نموونە خاچی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەسیحی بۆ کەسێکی باوەڕمەند نیشانەی ئیمانی ڕاستەقینەیە بەڵام بۆ کەسێکی بێباوەڕ نیشانەی کۆنەپەرەستی و خورافەیە. ئاڵای شێر و خۆرشید بۆ کوردێک سەمبۆلێکە لە سەرکوت و ستەمی نەتەوەیی، بەڵام بۆ فارسێک نیشانەی سەروەری و یەکگرتوویی نەتەوەییە. کەواتە سەمبۆلەکان فرە دلالەت و فرە واتان و بۆ خەڵکانی جیاواز هەڵگری مانا و پەیامی جیاوازن. سەمبۆلەکان لە خەزێنەیەکی سەمبۆلیزمی قەومی و کولتووریی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، خاوەنی مێژوو و ڕەسەنایەتی تایبەت بە خۆیانن، بۆیە دەرگا لەسەر واتا و ڕاڤەی جیاواز دەکەنەوە.

لە ناوەندی هەر کێشەو پرسێکی سیاسیدا، بەر لەوەی باس لە شەڕی هەیمەنەی گوتارەکان و هێزەکان بێت لە هێڵەکانی پێشەوەی ئەم شەڕەدا شەڕێکی هێماییین بەڕێوە دەچێت. کۆمەڵێک سەمبۆل، ڕاڤە و ڕەوایەتی جۆراوجۆر لەم سەمبۆلانە بوونیان هەیە و هەر لایەک هەوڵ دەدات ڕاڤە و ڕەوایەتی خۆی لەم سەمبۆلانە هێژمۆنیک بکات و لەم ڕێگەیەوە گوتاری سەمبۆلیکی (Symbolic discourse) خۆی بە سەر بەرانبەرەکەیدا بسەپێنێت. گوتاری سەمبولیک شەرگەی ئایدیا، ڕاڤە و ڕەوایەتی گرووپە جیاوازەکانن کە لە پێناوی کێشە سیاسییەکەیاندا خەریکی مۆبیلیزە کردنی (جماندن) خەڵکن. هەر لایەنێک ئەم شەڕە بباتەوە و هەیمەنە پەیدا بکات کێشە سیاسییەکە لە چوارچێوەی ڕەمز، سەمبۆل، ڕەوایەت، ئاڵا و بەگشتی گوتاری سەمبۆلیکی خۆیدا جومگەبەندی دەکات و لە دوارۆژی چارەسەری ئەم کێشەیەدا ڕۆڵی کاراتر دەگێڕێت، لە بەرانبەر ئەویترەکانیدا لە پلەوپایە و دۆخێکی سەرتردا جێگە دەگرێت.

بزووتنەوەی ژینا وەکوو تەواوی بزووتنەوە هاوشێوەکانی لە جیهانی مودێرندا، لە شەڕ و ملمانێی نێوان گوتارە سەمبۆلیکەکان بێبەری نییە. ئەم بزوتنەوەیە بەر لەوەی شەڕی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی زەوتکراو بکات، بەر لەوەی کۆلۆنیالیزم (ئیستیعمار) بێچەک بکات، بەر لەوەی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لابەلا بکاتەوە شەڕی سەمبۆلەکان دەکات. بزوتنەوەی ژینا بەر لەوەی مەیدانی شەڕی داگیرکەر و داگیرکراو، ستەمکار و ستەملێکراو بێت شەرگەی ڕەوایەت و سەمبۆلەکانە. ئەم شەڕە سەمبۆلیکە بەڕوونی لەسەر شەقامەکانی کوردستان، گڵکۆی شەهیدان، ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی گیانبەختکراوان و خۆپیشاندانەکانی کوردانی تاراوگە دەبینرێت. کاتێک "ژن، ژیان، ئازادی" دەکرێت بە "زن، زندگی، آزادی"، "ژینا" دەبێت بە "مهسا"، لە میدیا فارسییەکاندا "کۆمار" لە واتاو و دەلالەتە مێژوویەکانی دادەماڵرێت و دەبێ بە "کومار"، سەرچاوەدانی باوک و بنەماڵەی شەهیدان بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەگۆڕدرێت بۆ ئێران و خاکی ئێران و دەیان نموونەی دیکە لەم گۆڕانی واتا و دەلالەتی هێماکان دەرخەری بوونی شەڕێکی گەورە و بێوچانە، شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە بەرەی پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا، شەڕی سیاسەتی سەمبۆلیک (Symbolic politics) و ملمانێی گوتارە سەمبۆلیکەکان.

خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان لە شەرگەی سیاسەتی سەمبۆلیکدا، لە نێوان ملمانێ گوتارە سەمبۆلیکەکاندا لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەی پێشەوەی ئەم شەڕەن، بە باشی لە هەستیاری و کارتێکەری ئەم مەیدانە تێگەیشتوون. دەزانن کە لە بیچمگرتن و مانەوەی کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، لە ڕێکخستن و مۆبیلیزە کردنی خەڵکدا سەمبۆلەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن و بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ بێجێگرەوەن، بۆیە تا ئێستە ئەم شەڕەیان نەدۆڕاندووە. ئەوان تێدەگەن کە کوردستان گۆڕستانی فاشیستانە، شوێنی لەگۆڕنانی تاج و عەمامەیە، نەک بەڵگەردانیی باڵای ئێران، "ژن، ژیان، ئازادی" هەوڵێکە بۆ لە نێوبردنی هاوکاتیی پیاوسالاری و ستەمی نەتەوایەتی نەک هاوتەریب کردنەوەی لەگەڵ درووشمی فاشیستیانەی "مرد، میهن، آبادی"؛ "هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ" گرێدانی ڕۆحی ئینسانی کوردە بە خاک و قوربانیکردنی گیانە لە پێناوی نیشتمان بۆ بەدەستهێنانی سەروەری نەک "از کوردستان تا تهران جانم فدای ایران" کە بە فیداکردنی ئینسانی کوردە لە پێناوی ئێران بەخۆڕایی. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرسووڕمانە تێنەگەیشتنی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردە لە گرینگی و هەستیاری ئەم شەڕگەیە. ئەوان شەڕکەری مەیدانی سیاسەتی سەمبۆلیک نین و لە سروشتی ململانێی گوتارە سەمبۆلیکەکان تێناگەن. ئەوان لە ڕێگەی بانگەواز بۆ ڕێکخستنی درووشمەکان، ڕەمز و سەمبۆلەکان خەریکن لەم شەڕە یەکلاکەرەوەدا ئاشبەتاڵ بە خەلک دەکەن.

ئەوان دەبێت تێبگەن کە کورد ئەگەر ئەم شەڕە بدۆڕێنێت مردووەکانیشمان پارێزراو نابن. کاتێک میدیا فارسییەکان ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی شەهیدێک لە هەموو سەمبۆل و دەلالەتێکی کوردانە دادەماڵێت و سەمبۆل و دەلالەتەکانی خۆی لە جێگەی دادەنێت یان ئەو کاتەی دەسەڵات هەوڵ دەدات دەست بە سەر جەستەی بێ گیانی شۆڕشگێڕێکدا بگرێت و بەدزییەوە بینێژێت واتای ئەوەیە ئەوان لە گرینگی سیاسەتی سەمبۆلیک تێدەگەن. ئەوان هەوڵ دەدەن مردووەکانیشمان تێنەگەن کە لە پێناوی چیدا دەمرن، بەڵام کاتێک خەڵک تەرمەکە لە دەستی دەسەڵات دەردێنن و بە درووشم و سەمبۆلەکانی خۆیانەوە بە خاکی دەسپێرن خەڵک بە شێوەیەکی سەمبۆلیک لە ڕابردوویەکی لێوانلێو لە ستەم دادەبڕن و داهاتوویەکی ئازاد لە ئامێز دەگرن. لەم شەڕگەیەدایە کە مردووەکانیشمان ژیانێکی سیاسی نوێ وەردەگرن. لێرەدایە لە واتای ئەو دیرەی کە دەڵێت "ئەوە خەڵکن کە پێشەنگی ئەم شۆڕشەن" باشتر تێدەگەین. هەوڵدان بۆ یەکخستنی درووشمەکان و سەمبۆلەکان هەرچەند دەکرێت وەکوو نییەتچاکەی هێزە سیاسییەکای کورد ببینرێت بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی لەگەڵ ناوەند، سڕینەوەی نادڵنیاییەکانی ئەوان لە کورد بەڵام پێویستە دەرک بە تێچووی ماڵوێرانکەری ئەم هەڵە گەورەیە بکەن. ئەم هەوڵە پێشکەشییەکی خۆڕاییە، ئەسپێکی ترۆوایە کە ئەگەر وەریبگرین لە ناوەوە ئێمە لە دادەماڵێت لە هەموو دەلالەتەکانی کوردبوون، سەپاندنی خۆبەخشانەی سەمبۆل و ڕەمزەکانی ئەوانە، هێژمۆنیک کردنی گوتاری سەمبۆلیکی ئەوانە بە سەر گوتاری سەمبۆلیکی خۆمان، تەسلیم بوونە لە شەڕگەی سیاسەتی سەمبۆلیک و جۆرێکە لە ئۆتۆ ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی خۆبەخشانە) لەناو گوتاری سەمبۆلیکی سەردەستدا. ئاکامەکەی وادەکات ئیدی کوردێک ئاڵای شێر و خۆرشید بە سەمبۆلی سەرکوت نەزانێت، لە خەیاڵدانی خۆیدا باوەڕ دەکات کە ئەم شێرە شمشێر بە دەستە چیدی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جەرگی لاوێکی هەژاری کورد ورد ناجنێت!

سیاسەتی کوردی دەبێ لە بایەخی سیاسەتی سەمبۆلیک تێبگات. ئەگەر سیاسەت بە واتای بە قەناعەت گەیاندن بێت ئەوا خەڵکی ئاسایی لە ڕێگەی دڵیانەوە باشتر بە قەناعەت دەگەن تا مێشکیان. سەمبۆلەکان لە پێشدا دڵ بە ئامانج دەگرن، فەتحی قلووب دەکەن، لە گەڵ دڵ دەدوێن، ئیمان و باوەڕ دەکەن بە ڕەفتار. سیاسەتی سەمبۆلیک مکانیزمێکی کاریگەرە کە لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە هێماکان، درووشمەکان و ڕەوایەتەکان وشیاریی ئێمە دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی کردەوەی سیاسیی بەکۆمەڵ و بنجبەستنی ناسنامەی بەکۆمەڵ. بنەمای سیاسەتی مودێرن لەسەر زانست، عەقلانییەت و ماتریالیزم دانراوە بۆیە لە لایەنە سەمبۆلیکەکانی سیاسەت تێناگات. بکەر و سوژەی شۆڕش جگە لەوەی بە دوای ژیانێکی باشترە، شوێن بەرژەوەندییە ماددییەکانی دەکەوێ و لە هەمان کاتدا کەیلی مانا بەخشینیشە بە ژیانی.

بۆیە سیاسەتی کوردی دەبێ لە گرینگی سەمبۆلەکان تێبگات، پێویستە بزانین کە ئەم شەڕە بەر لەوەی لە سەر شەقامەکانی کوردستان و تاراندا یەکلا بکرێتە و لە ئاستی سەمبۆلیکدا یەکلایی دەکرێتەوە. سەمبۆلەکان خەزێنەیەکی گرینگن بۆ مۆبیلیزە کردنی خەڵک، گاندی بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک سەمبۆل وەکوو "چەرخە"، "خوێ"، "خۆر" و "جل و بەرگی وەرزێڕی" پشتی ئەمپریالیزمی بریتانیای شکاند یان بە هەمان شێوە دایکانی بێ سەر و شوێنکراوەکان لە ئارژانتین و مارتین لۆترکینگ لە ئامریکا بە کەڵکوەرگرتن لەم خەزێنە سەمبۆلیستییە توانیان کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت و ڕەگەزپەرەستی بێنن. کورد دەبێ بزانێ بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی پێگەیەکی یاسایی_سیاسی لە داهاتووی ئێراندا دەبێ سەرەتا شەڕی سەمبۆلەکان بباتەوە. کورد گەر دیهەوێ لە دوارۆژی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەدا بە ڕەسمییەت بناسرێ دەبێت سەرەتا ئەم شەڕە نەدۆڕێنێت، چونکە سەمبۆلەکانن دەسەڵات و هێز بەرهەم دێنن؛ ئەگەر بە سەمبۆل و گوتاری سەمبۆلیکی ئەویترەوە دەربکەوین ئەوا دەبین بە بەشێک لە جەستەی ئەویتر، کە ئێمە لەناو گیانی ئەویتردا تواینەوە چۆن دەتوانین جیاواز بوونی خۆمان بسەلمێنین؟ شێرە شمشێر بە دەستەکەی ئاڵای ئێران، ئێمە بێبەری دەکات لە تیشکی خۆر! بەڵام خۆری نێو ئاڵای کوردستان بە بێجیاوازی هەموو کوردێک دەخاتە بەر ڕۆشنایی تیشکی خۆی. بزووتنەوەی ژینا دەریخست کە کورد زمانێکی سەمبۆلیکی بەهێزی هەیە کە لە خەزێنەیەکی سەمبۆلیکی دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم خەزێنەیە ئامرازێکی گرینگە بۆ وشیاریی نەتەوەیی، بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و بۆ مۆبیلیزە کردنی خەڵک. ئەم شێوە تێگەیشتنە ئەگەری قووڵکردنەوەی کەلێنەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەیە، بەڵام توانایەکی زۆر چاکیشی بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە تێگەیشتن و بەڕەسمییەت ناسینی دوولایەنەی تێدایە. هەر بۆیە هێزە کوردییەکان دەبێ لە گرینگی ئەم شەڕە تێبگەن و نابێ کورد لەم چەکە ستراتیژیکە بێبەری بکرێ.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران بڕیاری جووت حیزبی بۆ پشتگیریی لە ناڕەزایەتییەکانی دژی ڕێژیم لە ئێرانی پەسەند دەکات



FOREIGN RELATIONS COMMITTEE — ABOUT — PRESS — HEARINGS — ACTIVITIES & REPORTS

PRESS › CHAIRMAN'S PRESS

DECEMBER 07, 2022

SFRC Approves Bipartisan Resolution in Support of Anti-Regime Protests in Iran

**WASHINGTON – Chairman of the Senate Foreign Relations Committee Bob Menendez (D-N.J.)** and **Senator Marsha Blackburn (R-Tenn.)**, were joined today by nine of their Senate colleagues in announcing Committee approval of their Senate resolution reaffirming the United States' support for the Iranian citizens who have taken to the streets in peaceful protest for their fundamental human rights, and condemning the Iranian security forces for their violent response.

"Nearly three months since the brutal detention, beating, and murder of Mahsa Amini, the courage and defiance the Iranian people continue to display in the face of the regime's brutality has served as an extraordinary example for all of us and everyone around the world who believes all people deserve a say in their livelihoods and way of life," **Chairman Menendez said.** "It is my hope that Congressional

واشینگتۆن – سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، باب مەنەندێز (دێموکڕات لە نیوجێرسی) و سەناتۆر مارشا بلەکبورن (کۆماریی لە تینێسی)، ئەمڕۆ پێکەوە لەگەڵ ٩ هاوکاریان لە ئەنجومەنی پیران پەسەند کرانی بڕیارەکەیان لە لایەن کۆمیتەوە بۆ دووپات کردنەوەی پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە شارۆمەندانی ئێران کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی ئاشتییانە هاتوونە سەر شەقامەکان بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و، مەحکوم کردنی وەڵامە توندوتیژانەکەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێرانیان ڕاگەیاند.

سەرۆک مەنەندێز گوتی، "نزیکەی سێ مانگ دوای دەستگیر کردن، لێدان و کوشتنی مەهسا ئەمینی، بوێریی و سەرپێچی خەڵکی ئێران و هەروەها دڕندەیی ڕێژیمی ئێران ئاشکرا دەکەن و ئەوە بۆتە نموونەیەکی نائاسایی بۆ هەموومان و هەموو کەسێک لە سەرانسەری دنیا کە پێیان وایە هەموو گەلێک شایانی هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیانن. هیوادارم پەسەند کرانی ئەو بڕیارە لە لایەن کۆنگرەوە و بڕیاری هەردوو ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە یارمەتیدەر بێ بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی سەدان هەزار ژن و پیاوی ئێرانی کە دژی دڕندەیی یەکێک لە سەرکوتکارترین ڕێژیمەکانی دنیا ناڕەزایەتی دەردەبڕن. وەک سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، خۆم بە ئەرکدار دەزانم سەرنجی کۆمیتەکەمان لەسەر سەرکوتی ڕێژیمی ئێران، داخستنەکان و لادانەکان لە وەڵامی داواکانی خەڵکی ئێران بە بەردەوامی درێژە پێ بدەم و، داوا لە هاوبەشەکانمان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکەم کە پشتیوانی خەڵکی ئێران بن".



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەناتۆر بلەکبورن گوتی، "گەلێک لە ئێرانییە ئازاکان کە لە پێناوی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ خەبات دەکەن بە شێوەی درندانە کوژراون و زیندانی کراون و لەوێ تا کاتی لە سێدارەدران لە ژێر ئەشکەنجەی دڵتەزێن دان. لە کاتێکدا کە ڕژێمی ئێران ڕایگەیاندووە گەشتی ئیرشادی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەوە تەنیا ڕووکەشێکە بۆ بەلاڕێدا بردنی ویستی ڕاستەقینەی خۆپیشاندەران، واتە ئازاد کردنی ئێران لە هەر جۆرە سەرکوتێک. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ تا سەرکەوتنی ئەوان، پشتیوانیان بێ".

بڕیارەکە بە تایبەتی داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات تا نارەزایەتی خۆیان دژی پێشێلکارییەکانی ڕێژیم دژی مافەکانی مرۆڤ دەربڕن و، داوای پێداگریی لە بەرپرسیار کردنی پێشێلکاران لە ناویاندا بە سەپاندنی گەمارۆی هەماهەنگی زیاتر دەکات. لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵەکان لەمەڕ ترسی ڕێژیم لە شارۆمەندانی و دامرکاندنی نارەزایەتییەکان، پێشی بە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت گرتووە، سەناتۆرەکان هەروەها لەسەر گرینگیی دەستەبەر کردنی پشتیوانیی زیاتر بۆ دەستڕاگەیشتن بە پەیوەندی گرتنی دیجیتاڵ و ئازادیی ئینتەرنێت لە ئێران، لە لایەن دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێوەنەتەوەیی، مکوڕ بوون .

لە گەڵ سەناتۆر مەنەندێز و بلەکبورن، سەناتۆران باب کاسەی (دێموکڕات لە پێنسیلڤانیا)، بیل کاسیدی (کۆماریی لە لوییزیانا)، جەک ڕۆزەن (دێموکرات لە نێڤادا)، تێد کروز (کۆماریی لە تێکزاس)، کێڤین کرەیمەر (کۆماریی لە داکۆتای باکوور)، بێن کاردین (دێموکڕات لە مەریلەند)، تاد یانگ (کۆماریی لە ئیندیانا)، کریس ڤان هۆڵەن (دێموکڕات لە مەریلەند) و، بیل هاگەرتی (کۆماریی لە تێنێسی) بەشدار بوون.

**دوکتور کاسیدی گوتی**، ئێرانییەکان بۆ ئازادایی خۆیان خەبات دەکەن. مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵە لە لایەن گەشتی ئیرشادی ڕژێمی ئێرانەوە لەبەر خۆ بوردان لە داپۆشینی خۆی کوژرا. پەسەند کردنی ئەو بڕیارە، ئەرکداریی ئێمە بەرانبەر بە خەڵکی بوێری ئێران لە کاتی خەباتیاندا بۆ مافەکانیان نیشان دەدات".

**سەناتۆر ڕۆزەن گوتی**، "خەڵکی ئێران کە هاتوونە سەر شەقامەکان تا بە شێوەی ئاشتییانە نارەزایەتی دژی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەربڕن، خۆڕاگریی، بوێریی و هێزی خۆیانیان بە ئێمە نیشان داوە. من درێژە بە کار لەگەڵ هاوکارانم لە کۆنگرە بۆ پشتگیریی لە خەڵکی ئێران دەدەم و ڕێژیمی ئێران بۆ پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئاکارە سەرکوتکارانەکانیان بەرپرسیار دەکەم".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سەناتۆر کرەیمەر گوتی**، "ئێمە هەموو ڕۆژێ شتی زۆرتر لە بارەی ڕێژیمی ئێران و ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک هەوڵ دەدەن دەسەڵات و کۆنترۆڵ وەدەست بێننەوە، فێر دەبین. خەباتی خەڵکی ئێران بۆ مافی یەکسان و ئازادیی لە کاتێکدا هەوڵ دەدەن پاشەکشە بە هێزە سەرکوتکارە ئەمنیەتییەکان بدەن، بە گوێی خەڵک لە سەرانسەری دنیا گەیشتووە. بوێریی خەڵکی ئێران لە گوتن نایە و، ئێمە لە نارەزایەتییە ئاشتیانەکانیان دژی حکوومەتە ستەمکارەکەیان پشتیوانیانین".

**سەناتۆر کاردین گوتی**، "من دەستخۆشی لە خەڵکی ئێران دەکەم کە دژی دەسەڵاتێکی ستەمکار و گەندەڵ وەستاون. سەرکوتکردنی کوشندەی ئێران دژی خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان شایانی مەحکوم کردنی گەردوونییە. ئێمە دەبێ درێژە بە نیشاندانی پشتگیریی خۆمان لەو کەسانەی ئەمنییەتی خۆیان لە مەترسی داوێن تا داوای ئازادیی و یەکسانیی بکەن، بدەین".

**سەناتۆر یانگ گوتی**، "من بە شانازییەوە پشتگیریی لە خەڵکی ئێران لە داواکانیان بۆ ئازادیی لە چنگ سەرکوت دەکەم. لە بەرانبەر دڕندەیی ڕێژیمی تیۆکراتیکی ئێران، بوێریی و ئیرادەی خەڵکی ئێران ئیلهامدەرە. ئێمە دەبێ درێژە بە هاندانیان بدەین، بە شێوەی دیپلۆماتیک و هەروەها لە لێدوانی فەرمی لەمەڕ پشتیوانیی، لە هەمان کاتدا ڕژێم بۆ پێشێلکارییەکانی بەرپرسیار بکەین".

بڕیارێکی هاوشێوە لە لایەن نوێنەران تام مالینۆوسکی (دیموکراتی لە نیو جێرسی)، کلاودیا تەنەی (کۆماریی لە نیویۆرک) و مایکڵ مەککاڵ (کۆماریی لە تێکزاس)، ئەندامانی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە، پێشکەش کراوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی کەماڵ حەسەن پوور – ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مژگێنی!



**گۆران ئەمیری**

ناتۆ ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتلانتیک، ئەمڕۆ لە شاری بوخارێست بە ئامادەبوونی و بەشداری وەزیرانی دەرەوە کۆبوونەوەیەکی لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران ڕێکخست.

هاوکات ڕاوێژکارێکی بە ڕەچەڵەک ئێرانی لە یەکێتیی ئەورووپا، ڕایگەیاندووە: گۆڕینی ڕێژیم ئەمڕۆ لە ئێران وەک بڕاردەیەکی جیهانی قبوڵکراوە وجیهان خوازیارە گۆڕینی ڕێژیمی ئێران، لە ڕێگای گەلی ڕاپەڕیوی ئێرانەوە دەستەبەر بکرێ. واتە گواستنەوە لە حکومەتێکی پاوانخوازی ئایینی، کە هیچ شەرعیەتێکی نیشتمانی و نێودەوڵەتی تێدا شک نابرێ، بۆ سیستەمێکی سێکولار و دیموکراتیک.

**مەجید گۆلپوور دەڵێ:** پێویستە کۆماری ئیسلامی و هەموو لقوپۆپەکانی بە تەواوی لەم ڕاستیە تێبگەن کە دادگایی کردنی سەرکردە و لقەکانی حکوومەتی ئێران، کە دەستیان لە کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵکی ئەم وڵاتەدا هەبووە و هەیە، زۆر مومکینە.



https://serchawe.com

نوێنەرانی مەجلیسی نیشتمانیی فەرەنسا لە هەنگاوێکی بێوێنەدا، بە کۆی دەنگ بڕیارنامەیەک بۆ بەرگری لە خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە سیستەمێکی دێموکراتیک لەم وڵاتەدا پەسەند کرد .چوار ڕۆژ لەمەوبەر ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە تیایدا داوای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە سەرکوتی نارەزایەتییە بەردەوامەکانی ئێران کرد و ڕاشیگەیاند کە مەبەست لەم کارە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا.

تۆ بڵێی بەم زووانە شاهیدی وەرچەرخانێکی هاوئاهەنگ لە سیاسەتی ئەورووپا و ڕۆژئاوا بەرامبەر ئێران و کۆماری ئیسلامی ببین؟ ماجید گۆڵپوور، ڕاوێژکاری یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند؛

ئەوەی لە سیاسەتی ئەورووپا بەرامبەر بە ئێران ڕووی داوە لە وەرچەرخانێکی ئاسایی زیاترە هۆکاری ئەوەش ناساندنی حەقیقەتی ئەو ڕێنێسانسە بە جیهانە کە گەلی ئێران دەستی پێکردوە .دەقی بڕیارنامەی مەجلیسی نیشتمانیی فەرەنسا لە چواردە بڕگەدا زۆر بە وردی ئاماژە بە هەلومەرجی ڕاستەقینەی خەباتی ئێستای گەلی ئێران و بەرگری لەم خەباتە بۆ دۆزینەوەی جێگرەوە یان بەدیلێکی دێموکراتیک دەکات .هەروەها ئەم بڕیارنامەیە یارمەتی سەرۆکی فەرەنسا دەدات بۆ سازدانی کۆدەنگییەکی ناوچەیی.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، بڕیارنامەی مەجلیسی نیشتمانیی فەرەنسا زۆر گرنگ و مێژووییە و بەستێن بۆ سەپاندنی دەوڵەتی یاسا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا خۆش دەکات .لە ڕاستیدا پێویستە دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران لەمەودوا بزانن کە چیتر ڕووبەڕووی شەڕی قسە نین"...

ئەم بابەتە لەلایەن برای هێژا کاک (م - موفتی) ە بۆ هاتوە منیش وەرمگێڕا سەر کوردی

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی کەماڵ حەسەن پوور – ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ماشێنی کوشتاری لاوان دەفریای ڕێژیمی فاشیستی نایە




**برایم جەهانگیری**

ئەگەر تا ئێستا وردە گومانێکیش هەبووبێ کە ئەو رێژیمە بەم زوانە برووخێ ئیتر لەمەو دوا دڵنیام ئەو رێژیمە خێراتر لە پێشوو و خێراتر لەو کاتەی دەستی بە ئیعدام وکوشتنی زیندانیانی کورد و سەراسەری ئێران کردبێ دەڕوخێ.

هێندەش مەلاڵێنەوە ئەو رێژیمە دڕندەیە بێ خوێن لا ناچێ ئەوە قسەی دووهەم ڕۆژی خۆپێشاندانی من بووە لە سەرەتای خۆپێشاندانەکان و، ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕم ئەو خوێنانەی تا ئێستا دراوە بۆ لاچوونی ئەو رێژیمە جارێ هێشتا کەمە.

فاشیزم و دڕندەیەکی وەک رێژیمی ئیسلامی ئێران لاچوونی بە بێ خوێن وقوربانیدان مومکین نیە ئەگەر ئەووت دەزانی کە وایە ئێستا نابێ بلاڵێیەوە، ئەگەر نەتزانیوە ئێستا بیزانە و تەکلیفی خۆت ڕوون کەوە،

لە خەڵکیش گەڕێن نە بڵێن وەرنە پێش و نە بڵێین دەست ڕاگرن، و نە ئایەی یەئس و نائومێدیش بڵاو کەنەوە !ئەوان خۆیان لە ناو مەیدانە ئەسڵیەکە دان وهەر ئەوانیش دەزانن چ دەکەن. لەوەش خاتر جەم بن لەهەمووی ئێمەمانان چاکتر هەلوومەرجە هەڵدەسەنگێن و لە کوێ پێویست بێ دەکشێنەوە و کەنگێ پێویست بکا دوبارە شەقام دەگرنەوە. ئەو رێژیمە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تازە ٧٠ رووحی پێ بێ یەکی دەرنابا، ئەوەی ئێستا ئەو رژێمەش دەیکا تەنیا بۆ نەجاتی خۆی و چاوترسێن کردنی خەڵک و دانی ورە بە هێزەدارماوەکانی خۆیەتی لە کورت ماوە دا دەنا ئەویش سوور دەزانێ تازە کۆتایی تەمەنیەتی.

بە قسەی من مەکەن، من خۆشبینتان دەکەم و واقع بین نیم، من لە خۆڕا دڵخۆشتان دەکەم !!! گوێتان لە کاربەدەستەکانی رژێم بێ، گوێتان لە مەلا دەست رۆیشتووەکانی حەوزەی عیلمیە بێ، گوێتان لە بەرپرسانی ئێستا و پێشووی ئورگانەکانی رژیم بێ، گوێتان لە شەڕە چەقەی فەرماندەکانی سپا بێ دەگەڵ یەکتری، گوێتان لە هەرا وهەنگامەی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران بێ کە هەر یەکەو ئەوی دیکە بە خەراپتربوونی وەزعەکە تاوانبار دەکا و ........ گوێتان لە دەنگی ئەو کچە ئازایە بێ کە پێشی بە بەرپرسێکی دەسگای ناداوەری رژێم گرتبوو و لە نێو ئاپۆڕای دەیان هێزی ئینتیزامی و ئەمنی دا دەینەراند " بۆچی گەنجەکانمان دەکوژن؟ لە کوێ لەسەر بەرد هاویشتن خەڵک لەدار دەدەن؟ کوا سزای کەسێک کە ئاگر دەکاتەوە ئیعدامە و ..... گوێتان لە مەولەوی عەبدولحەمید بێ کە دەڵێ ٥ کەس بۆ یەک کەس ئیعدام ناکرێ ئەوە خیلافی قورحان و شەریعەتە و ئەو دەنگە هەر دێ و هەراوتر دەبێتەوە

گوێتان لە عەلی دایی و وریا غەفووری و یەحیا گوڵ محەممەدی و دەیان ئەکتەر و سینەماکاری ئێرانی بێ کە بە ڕاشکاوی دژی ئەو رژێمە دەدوێن ودەنووسن وزۆربەشیان لە ئێرانن، گوێتان لەو مەلا کوردانە بێ کە قازی محەممەد دەکەن بە سیمبولی بەرخۆدان بۆ ئازادی و شیعرەکەی مامۆستا قانع دەکەن بە هەوێنی وتاری ئاییینی کە دەڵێ:

**گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆلەشم**
**نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە**

بەڵێ گوێتان لەوانە و لە زۆری دیکەش بێ، دەنگی نارەزایەتی وڵاتانی دەرەوەشی بخەنە سەر، مەحکووم کردن و گەمارۆی زیاتر خستنە سەر ئێران لە هەموو لایکەوە لەبەر چاو بگرە جا ئەوجار بزانن شۆڕشی ژینا چ قۆناغێکی بڕیوە و ئەمە باش بزانن کە تازە ئەوەی باوەڕی ئاگرینی هەر شۆڕشێک بەتینتر دەکا نەترسانە لە دەسەڵات و ئەوە ئەو رۆژەیە کە ئیدی گەل و لاوانی وڵات ترسیان لە دیکتاتۆر شکاوەو ئەو دەنگانە تازە کپ ناکرێن.

مەرگ و نەمان بۆ رژێمی فاشیستی مەزهەبی ئێران.
سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕش ژینا

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حیجاب لە نێوان کولتوور و سیاسەتدا



**رابون کرماشانی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەواڵێک لە زاری دادوەری گشتیی ئێران؛ محەمەد جەعفەر مونتەزرییەوە بڵاو کرایەوە، هەندێ هەواڵنێر و ڕۆژنامەنووس بە هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی ڕەوشت لێکیان دایەوە و دواتر هەواڵنێرێکی نزیک لە سوپای پاسداران ڕای گەیاند، ئەمە تەنیا هەڵگۆستە و بۆچوونێکە و بەو مانایە نییە ئەم دامەزراوەیە هەڵدەوەشێتەوە. ڕاستییەکەی دەبێ بزانین هەڵوەشاندنەوە و هەڵنەوەشاندنەوەی پۆلیسی ڕەوشت، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، لە دۆخێکی ئاوادا کە داواکارییەکانی کۆمەڵگە لە لووتکەی خۆیدایە، پرسی حیجاب و باڵاپۆشی تەنیا ڕەمز و نیشانەیەکە بۆ نارەزایەتی دەربڕین و زمانێکە کە لە ئێستەی ڕەنج و ئازارەکانی کۆمەڵگەیەک دەدوێت، کە ٤٣ ساڵە لە ناو تۆڕێکی گشتیی کایەی سیستمێکدا دەژی، هیچ بەها و لەنگەرێکی ئەخلاقی و ئینسانیی بۆ نەماوەتەوە.

باسکردن لە هەڵوەشانەوەی پۆلیسی ئەخلاق وەک دەسکەوتی خۆپیشاندانێکی بەردەوام و جیاوازی چەند مانگە، بەو مانایەیە کە نە لە ڕۆحی دەوڵەتی ئایدۆلۆجیکی کۆمار تێگەیشتووین و نە کۆمەڵگەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەناسین، بێگومان کولتووری زاڵ لە ئێران یان باشترە بڵێم ترادیشن و نەریتی کولتووری - ئەخلاقیی لە ئێران، لەو کولتوورە تابۆپەرست و بڤەتەوەرانە بووە کە تێڕوانینێکی میتافیزیکی و ئوستوورەیی بۆ ژن هەبووە، بە گشتی لەناو ئەو پێکهاتەیەی گشتیی کولتووری ڕۆژهەڵات کە ژن لە نێوان فریشتە و شەیتاندا دەبینێت خۆی دەدۆزێتەوە.



https://serchawe.com

ڕەنگە ئەمە بۆ کولتووری مرۆیی بە گشتی ڕاست بێت، بە هەندێ جیاوازی لە ڕووی هەڵکەوتەی جیۆگرافی و ڕۆشنبیری و ئاستی پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ناو ئایدۆلۆجیایەکی ئاینیدا سیستمی سیاسییان هەڵهێنجاوە، پێ بە پێی پێشکەوتن لە فۆرمدا وەک دامەزراوەی دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و فیکرییەکان، ناوەڕۆک پێش نەکەوتووە و هەر وەک خۆی ماوەتەوە، واتە فۆرم و ناوەڕۆک دژایەتییان پێکەوە هەیە، ئەمە وەک ئەوە وایە لەسەر جلوبەرگێکی ئەفغانی بۆینباخێک ببەستی، یان کەسێک بە جلوبەرگی فارسیی کۆنەوە، کڵاوێکی فرەنسیی لەسەر بکات.

یەکێک لە دژوازییە گەورەکانی دەوڵەت وەک ڕێکخراوێکی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەبوونی ئەم نەگونجاوی و دژوازییەیە، واتە دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سەردەمی نوێ خەریکی پیادەکردنی بەها کۆنباو و نەریتییەکانە و ئەمەش بێ هۆ و بێ زەوینە نییە، لە شانۆنامەی "پەروین کچی ساسان"ی نووسەر و ڕۆشنبیری دیاری فارس سادیقی هیدایەت، ئێمە وێنەیەک لە شەڕی نێوان ئێران و عەرەبە مسوڵمانەکان دەبینین کە هەموو هەوڵ دەستگەیاندن و داگیرکردنی، پەروین دوا کچی پاشای ساسانییە، پەروین وەک نیشانە و سیمبولی وڵات وەک ڕەمزێکی مێینە بۆ نیشتمان، دەلالەتی زاڵی ئەو شانۆنامەیەیە و جیاوازبوون و پاکیزەبوونی نەژادی ئێرانی لە هەمبەر دڕندەیی کولتووری عەرەبی ئیسلامی دەنوێنێتەوە، کە بە ئاستێکی دیاریش شوێنپێی بیری شۆڤێنیی ئێرانچێتی تێدا دەبینرێت.

خەیاڵدانی ئێرانی-ئیسلامیی ئەم نیشانە کولتوورییانە وەک ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی چاو لێ ناکات، بەڵکو وەک تایبەتمەندییەکی جەوهەریی ئینسانی بێوێنە و نەژادپاکی ئێرانی دەبینێت. تایبەتمەندییەک کە دەلالەتە لە ئەخلاق و سەنگینی و سەلاری کە ڕۆحی هەر ئێرانییەکی شیرپاک لە خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەم وێنەیە بە ناو کولتووری ئێرانی و هەموو وێستگە و فۆرمە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هاتووە، هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە تا قەجەر، ئەگەرچی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا واتە دەسەڵاتی ڕەزای میرپەنجدا، وەک پرۆژەیەکی ئینگلیزی بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکدەست و یەکانگیر، پرۆژەی "کەشفی حیجاب" واتە لابردنی حیجاب هاتە ئاراوە، یانی بە زۆرەملێ وەک پرۆژەیەک لابردنی باڵاپۆشی پراکتیزە کرا و جلوبەرگێکی تایبەتیی پەهلەوی وەک کڵاوی پەهلەوی بۆ پیاوانیش هاتە ئاراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە سەردەمی پەهلەوی دووەمدا دۆخەکە لەبارتر و ئازادانەتر دەرکەوت و ئازادیی هەڵبژاردنی پۆشاک و جلپۆشین، تابۆیەکی وای لەسەر نەبوو، بە هاتنی کۆماری ئیسلامی ئەو سەردەمە کۆنە بانگهێشت کرایەوە و ژن خرایەوە کەوانەی فریشتە و شەیتانەوە، ئێستەش شەیتانبوونەکەی بەهۆی هاوکێشەی مۆدێرن و هەبوونی شەیتانێکی گەورەی وەک ئەمەریکا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر زەقە، بۆیە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆمارەوە دەیان ڕێکخراو و دامەزراوە بۆ خستنەرووی مۆدێلێکی ئەخلاقی و داپۆشراو لە ژن هاتە کایەوە، بە دەیان ملیۆن دۆلاریش خەرجیان بۆ کردووە و دەیکەن. لێرەدا و لەم هاوکێشە مێژوویی – سیاسییەدا، حیجاب و باڵاپۆشی زیاتر کردەیەکی ئەخلاقیی-ئایدۆلۆجیک بووە و تەنیا لە دوو قۆناغی پەهلەویی یەکەم و کۆماری ئیسلامیدا، لایەنی سیاسیی زەقی هەبووە، کە هەردووک جەمسەری دەوڵەت و خەڵک پێچەوانەی یەکتر وەستاونەتەوە. هەرچی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم و کەشفی حیجابدا، خەڵکێکی سونەتی و گوندەکی بە بیروباوەڕی کۆنی ئاینییەوە گیانیان دەدا بۆ پاراستنی شەرەف و حەیایان لە دووتوێی لەچک و "چادر" و باڵاپۆشدا.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا دەکرێت بڵێین تا سەردەمی هاتنە سەرکاری سەید محەمەد خاتەمی، هەمان تێڕوانینی ئایدۆلۆجی سیاسیی بە ئاراستەی دەسەڵاتدا هەبوو، بەڵام کاتێک دەوڵەت لە دەستی هاشمی ڕەفسەنجانی دەرچوو و درایە دەستی ڕیفۆرمخوازەکان، کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە هاتە ئاراوە و نۆرم و شێوە ژیانی تر هاتە ئاراوە، دنیایەکی بەراوردکارانە لە نێوان خود و ئەویدی هاتە ئاراوە و پرسی باڵاپۆشی زەوینەیەکی سیاسیی وەرگرت و خانمان و کچانی بەسیجی و حزبوڵایی بە باڵاپۆشیانەوە، ئایدۆلۆجیای سیاسییان دیار بوو، ئەوانەش لە دەرەوەی بازنەی ئەو شێوەژیانە بوون، شێوازی جلوبەرگیان جۆرێکی تر بوو، ئەمە تەنانەت بۆ پیاوانیی سەر بە ئایدۆلۆجیای سیاسیی دەسەڵاتیش لە شێوی ڕدێن و جلوبەرگی ئاسایی و سادەدا خۆی دەردەخست.

لە هەموو ئەم وێستگانە و لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ کات لەو بابەتە پاشەکشێ و لێبوردەیی نەهاتووەتە ئاراوە و ژنان وەک دەروازەی شکست و سەرکەوتن پێناسە کراون، وەک فریشتەی ڕزگاری یان شەیتانی گومڕایی پێناسەیان بۆ کراوە و ئەوانەش لە ناو ئەو بازنەیەدا بوون، خۆیان لە ناو ئەو پێناسەیەدا دیوەتەوە و پێی کەیفخۆش بوون. بەڵام خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا ئەم بیچمەبەندی و دارشتنە کۆمەڵناسانە و سیاسییە بە ئاراستەی جیاوازدا پێناسە دەکات، لابردنی باڵاپۆشی و حیجابە وەک نیشانە و ڕەمزێک دژی سیستەم، لە وێستگەیەکدا کە ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە زۆر ڕووەوە تواناکانیان گەشەی کردووە و لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ئاست و جەمسەرە جۆراوجۆرەکانی ناو بازاڕ و زانکۆ و کۆمەڵگەدا، هێزێکی گەورە و کاریگەریان وەرگرت، لێرەدا باڵاپۆش و حیجاب ئیتر ڕەمزێکی دیارە بۆ دژایەتیکردنی جەوهەری سیستمێک نە وەک خواستێکی فەردی و تاکەکەسی، ئەگەرچی هەر ڕەمزێک هەڵگری ئەو خواستەش دەبێت، بەڵام بە پلەی یەکەم نارەزایەتیی دەربڕینە لەگەڵ کۆی سیستمێک کە هەر جۆرە مافی هەڵبژاردن و ژیانی دروست و هێمنانە و ئاسوودەی لە خەڵک وەرگرتووە، چون وەک دەبینین لە شۆڕشی ژینادا ئەوانەش کە باڵاپۆشییان هەیە، بەشێکیان هاوتەوان لەگەڵ نارازییانی بێ باڵاپۆش و دژی سیستم دەنگ هەڵدەبڕن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم یەکگرتنەی لایەنگرانی حیجاب و بێ حیجابی لە وێستگەیەکی مێژوویی ئاوەهادا، ئەوەندی ئاماژەیە بە یەکگرتنی هێزەکان دژی سیستمێکی ماڵوێرانکەر کە هەموو بەها مرۆییەکانی هەڵتەکاندووە و گەندەڵی و بێبەهاکردنی مرۆڤ و هەلپەرستیی بووە بە جەوهەرەکەی، نیو ئەوەندە ئاماژە نییە بۆ پرسگربوونی بابەتی باڵاپۆش و حیجاب خۆی، ئێمە لە کاتی یاریی تیپی تۆپی پێی ئێران و وێلزدا بینیمان، ئەوانەی سەربە حکوومەت بوون لە شادی و خۆشی دەربڕیندا پاش سەرکەوتنی تیپەکەی ئێران، باڵاپۆشیان نەبوو و سووراو و سپیاویی تۆخیان هەبوو، ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە حیجاب کایەیەکە بۆ سیستم و بوونی باڵاپۆش و نەبوونی گرنگ نییە، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە وشیارانە بابەتەکە بە ڕەمزی و سیاسیی بکەوێتە ڕوو.

بۆیە دەبێ وریا بین کە باڵاپۆشی و باڵانەپۆشی تەنیا نیشانە و ڕەمزێکە دژ بە سیستمێکی توتالیتار و سیستمی توتالیتار ڕەنگە پاشەکشێی کاتیی لەم بابەتە بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ لێبوردەییەکی درێژماوەی نابێ و جەوهەری خۆی بە دژایەتیکردنی هەر بەهایەکی نوێوە گرێ داوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوە یان هەڵنەوەشاندنەوەی پۆلیسی ڕەوشت، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت و دابەزاندنی ئاستی داخوازی و خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕەمزیی ژنانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ١٢ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەرجەم نیشانەکان و خوێندنەوەیەکی هێماناسانە بۆ شۆڕشی ژینا، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی گەیوە.



**ناسر باباخانی**

لە هەندێ وتووێژدا باسم لەوە کردووە کە ئەم شۆڕشە بۆچی شکست ناهێنێ، تووشی هەورازولێژ دێ، بەلام بەردەوام دەبێ. چون فەزای خودموختاری، واتە فەزای مەجازی و شەقامی بەدەستەوە و بۆتە شۆڕشێکی بۆنەیی کە بۆی هەیە لە هەموو کات و ساتێکدا لە شوێنێکی نادیار و پێشبینینەکراو سەرهەڵداتەوە.

من لە پازدە گرتەڤیدیۆدا تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشەم دەسنیشان کردووە و بە ئاکامە گەیشتووم کە ئەم شۆڕشە سەرەتای کۆتایی کۆماری ئیسلامییە. ئێستا دەبێ کۆمەڵگەی ئێمە لە ناوخۆ و دەرەوە زۆر وریا بێ و بزانێ کە دەسەڵات هەموو فێڵ و تەڵەکەکانی بەرامبەر بەم شۆڕشە تووشی بنبەست بووە و تەنیا ستراتیژی ناهومێد کردنی بۆ ماوەتەوە.

ئەم شۆڕشە لە دەریا دەچێ و ئاساییە شەپۆلەکانی هەندێ جار لە کەنارەکان ئارام بگرن، بەڵام بە دڵنیاییەوە بێتوو تەنیا جارێک تۆفان هەڵکا شەپۆلەکانی دەریا چنگ لە ئاسمان دەدا و دواجار تۆماری ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و نگریس تێکەوەدەپێچێ. بۆیە نە گوێ بۆ درۆکانی دەسەڵات و نە بۆ شایەری شەو شل کەن. ئەم شۆڕشە ئیتر شکست ناخوا، بەورە و هیواوە ئەوەی لە دەستمان بێ دەیکەین، هەرکەسەو بە پێی تواناییەکانی خۆی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوە پێشتر نووسیبووم لە شەڕ لەگەڵ دیکتاتۆردا ئەگەر ئەو هەزار جار سەرکەوێ، ئێمە هەر هەین، بەڵام ئەگەر ئێمە تەنیا جارێک سەرکەوین، ئیتر ئەو کۆتایی دێ!

------

## دیکتاتۆر تا دواهەناسەی بەترسەوە دەژی.

چون ئەنجامی حوکمڕانی دیکتاتۆرەکانی تری بە چاوی خۆی دیوە یان لێرولەوێ بیستوویەتی. تەنانەت شتێکی سەیر، دیکتاتۆرێکی وەک خامنەیی لە لێدوانەکانیدا باس لە چارەنووسی تاڵ و تراژیکی دیکتاتۆرەکانی ناوچە دەکا. بەڵام چون بۆخۆی دەزانێ کە چەندە دیکتاتۆرە، دڵەڕاوکێی رووخان وەک مۆتەکە هەمیشە لەسەر سینگێتی. هەر ئەووەشە وای لێدەکا بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگا لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە نەپرینگێتەوە. لەڕاستیدا هەرچەند ترسی لە ڕووخان زیاتر دەبێ، زیاتر حەولی کۆنترۆڵ و سەرکوتی کۆمەڵگا دەدا. بۆیە کاتێ ترسەکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، دیکتاتۆر دەبێتە حەیوانێکی درندە! ڕێک ئەوەی ئەمرۆ خامنەیی و حکوومەتەکەی دەیکەن. فەرمان دەدا بە سیستمی دادوەری بۆ داغ کردن و کوشتنی ئەو گەنجەی لە سەر شەقام بە شۆفیرەکان دەڵێ ڕایگرن یان سیگناڵ لێدەن! (دەقی قسەکانێتی لە ڤیدیۆکەدا). ڕێک چەند ڕۆژێک دواتر گەنجێکی ٢٢ ساڵان لەبەر هاتنە سەر شەقام لە سێدارە دەدەن. یان کاتێ بۆ سەگە هارەکانی دەدوێ بۆ سبەینێکەی هێرشی دڕندانەیان بۆ سەر کوردستان دەست پێدەکەن.

لە ڕاستیدا دیکتاتۆر بۆ هەڵاتن لە واقعییەتی سەر شەقام، لە زەینی خۆیدا دوڕگەیەکی ئەمن ساز دەکا هەرچەند بۆخۆشی دەزانی ئەمە وەهمە، زادەی خەیاڵە، بەڵام ئەم دوڕگە وەهمیە ئارامی دەکاتەوە وەک ئەوەی ئەنتەهوو هیچ باس نییە. بۆیە یەکی وەک خامنەیی هەر دوو هەفتە دوای شۆڕشی ژینا، لە کاتی قسەکردن بۆ هێزە ئەمنییەکان لە کرداری ڕابردوو کەلک وەردەگرێ و دەڵێ تەواو بوو، خەلاس بوو، کۆتایی هات و... ئەمە واتە دەیەوێ لە ڕاستییەکان لابدا و بچێتەوە ناو دنیای زەینییەوە کە لەودا "ولی امر مسلمین جهان"ە یان "چفیە"کەی متفەڕکی "خواهرن زینب"ە! یان منداڵی هەشت نۆ دە ساڵان سروودی "ای فرماندە"ی بۆ بڵێن ئەویش وەک سروودێکی حەماسی باسی لێوە بکا!

بۆیە بۆ ئەوەی ئەم دوڕگەیە لە زەینیدا جێگیر بێ، بێبەزەییانە و بێڕاوەستان فەرمانی کوشتن دەدا، فەرمانی سزا دەدا، تووڕە و قەڵسە لە دەست و پەیوەندەکانی کە بۆچی ئەم شۆڕشە خڕناکەنەوە... ڕەنگە ئەو لە هەموو کەس چاکتر بزانێ کە لافاوەکە بەڕێوەیە و هەتیوەکەی مەندیلی پاشایەتی لێ دەبێتە میرات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو دەیەوێ دنیای دەرەوە، خۆی لەگەڵ دنیای زەینی ئەودا بگونجێنێ. کەچی ئەوەی ئێستا لەسەر عەرزی واقیعە شۆڕشی ژینایە کە ترسی خستۆتە گیانی دیکتاتۆرترین حوکمڕانی سەدە هەر بۆیەشە سەرجەم دروشمەکانی سەر شەقام ڕوویان لە لوولاکی خامنەیی و "بیت رهبری"یە!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## ڕەنگدانەوەی کێشە ئابورییەکان لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا




ئەنوەر کەریم

دوای مردنی مهسا ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی شاری سەقزی کوردستانی ئێران لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران بەدەستی پۆلیسی ئاکار بووە هۆی هەڵگیرسانی خۆپێشاندان و سەرهەڵدانی ناڕەزایەکان لەسەرتاسەری ئێراندا، دوای ئەوەی حکومەتی ئێران شکستی هێنا لە بێدەنگکردنی هەواڵەکانی مردنی(مهسا ئەمینی) لە ١٦ی ئەیلولی ئەمساڵدا، ئەمڕۆ ئەو ناڕەزایەتیانە زۆر بێ وێنەن. لە ساڵی ٢٠١٧وە هەموو ساڵێک خۆپیشاندانی گەورە کراون دوای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چەند ڕۆژێک سەرکوتکراون. بەس ئەوەی کە  شازە لە ئێرادە.

١- بەردەوامی خۆپیشاندانەکان
٢- فراوانی جوگرافیای خۆپیشاندانەکان گەورەیە.
٣- وە بنکەیەکی فراوانتری خەڵکی لە دەورکۆبۆتەوە.

لە خۆپێشانەدەنەکانی ئێستای ئێران داخوازیەکانیان گۆڕاوە، بەراورد بە نارەزایەتیەکانی پێشووتر، کەئەوەکانی تر زیاتر کێشە ئابوریەکان بوو وە هەروەها گۆڕانکاری لە بەڕیوەبردنی سیستەمەکەدا بوو.

بەڵام ئێستا داواکاریەکان بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا و تەنانەت نەهێشتنیی دەسەڵاتدایە. ئەم نەخۆشیە درێژخایەنەی ئابوری ئێران بۆتە جێگەی سەرنجی  ئێرانیەکان، لە چەند ساڵی ڕابردووداا بۆتە هۆی توڕەیی ئێرانیەکان و بێزاربوونیان، خۆ  پێشاندانەکانی ئێران لە مانگی ڕابردووە وا  پێشان ئەدا کە جۆرییە، قەیرانی قووڵ هەیە لە شەرعیەتی ڕژێمەکەدا.

ئەگەر ئەم جارە ڕژێم بتوانێت خۆپیشاندانەکان سەرکوتبکات، ئەوە زۆر زەحمەت ئەبێت جارێکی تر متمانەی خەڵک بەدەستبهێنێت.

بە پێی داخوازیەکانی خەڵک ووتارەکانیان ئێستا زۆر ڕونە کە کێشەکان ئابوری نیە بەتەنها، وەزیاتر دژی سیاسەت و چەوساندنەوەکانیەتی. بەڵام کێشە ئابوریەکە ژینگەیەکی دروستکردووە کە بۆتە هۆی زیاتر کردنی خۆپیشاندەران و توڕەبوونیان.

هەڵئاوسانی ئابوری گەیشتۆتە زیاتر لە ٥٠%، وە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای ئێرانی زۆرترین کاریگەری خراپیان لەسەردروستبوە، نرخەکان بە هێواشی بەرزدەبنەوە وە توانای کڕینی خێزاکان بەرەو خوارەوە دەڕۆن، تێکڕای گەشەی ناوخۆ  هێواشە و کەمە لە کاتێکدا ئابوری ئێران پاشەکشەی زۆری نەکردوە لە بەر ئەوەیە نرخی نەوت بەرزە، ئەو هەنگاوانەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئابوریەکەی گرتویەتەبەر هەنگاوەکان کرداریین و کارناکەن. (ئیبراهیم رەئیسی) سەرۆکی ئیران نەیتوانیوە تیمێکی ئابوری کە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵک بیربکاتەوە  کۆبکاتەوە، ئەو دژایەتی کردنە کە لە نێوان خۆیاندا هەیانە وایلێکردون کە نەتوانن ئەو پێوارانەی کە  پێویستە بیگرنە بەر،بۆیە  پێوەرەکان کورتیهێنا. لە کاتێکدا کە ڕەئیسی بڕیاری گۆڕینەوەی دۆلاری بەنرخێکی تایبەتی هەڵوەشاندەوە کە بەکار دەهێنرا بۆ هاوردەکردنی کەرەسە سەرەتاییەکان وەک خواردن. بەحەتمی ئەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئەو کەرەستە سەرەتایانەی کە هاوردە ئەکرێن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندە بەم کارە ئەو ڕێگایەی نەهێشت کە ببێتە هۆی گەندەڵی و بەفیڕۆدانییارەی وولات، ئەو بڕیارەی کە ویستی پەیکەرەی ئابوری ئێران لە ماوەی درێژخایەندا بۆ بودجە ی وولات کە فشاری نەکەوێتە سەربکات، بەڵام ئەمە بوە هۆی زیاد بوونی هەڵئاوسان وە لە گەڵ ئەوەشدا پیلانێک نەبوو بۆ ئەوەی کە بتوانرێت هەڵئاوسانەکە کەمبکاتەوە. بەرامبەر بەمەش حکومەت دەستی کرد بە کەمکردنەوەی فرۆشتنی قەواڵەی نوێ، وە نەبوونی داخوازی بۆ ئەو قەواڵانە لە گەڵ ئەوەشدا نەبوونی وە بەرهێنان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەهۆی نەبوونی متمانە بە سیاسەتە ئابوریەکانی حکومەتدا لە حاڵەتی وادا ئەبیتە هۆی کەمبونەوەی توانای دەستکەوتنی دراو.

## بانکی ئێرانی

بە پێ ووتەی ئابورناسەکانی ئێران کە هەڵئاوسان بەرزە، وە هەروەها کە مبونەوەی داهاتی خێزانەکان وایکرد کە بیزنسە بچوکەکان بڕۆن قەرزبکەن، وە بانکەکان یارمەتی درێژکردنەوەی قەرزاکانیان نادەن، وە هەروەها داوای ڕێژەیەکی زۆری سوودی بانکی ئەکەن ،ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بازرگانەکان نەتوانن قەرزبکەن ببێتە هۆی داخستنی بیزنسەکە، وە لەدەستدانی هەلی کاروکەمکردنەوەی چالاکیە ئابوریەکان. ئابوری بەرەو پاشەکشە بڕوات. ژمارەی بەتاڵە بەرەو بەرزبونەوە بڕوات، کە یەکێکێکە لە کێشە گەورەکان لە ناو ئێرانداو. وە هیوایەک نیە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بەم دۆخەی کە ئێرانی تیایە.

## مۆدێلێکی ئابوری هەڵە

ئابوری بەرەنگاربونەوە کە ڕابەری کۆماری ئیسلامی داوایئەکرد دەرکەوت کە ناتوانێت بەردەوامبێت بە بێ گۆڕانکاری گەورە، هەرچەندە توانی بەرگە بگرێت لە ساڵی ٢٠١٠ - ٢٠١٨، بەڵام ناتوانێت هەموو پێویستیە بنچینەیەکانی ئابوری ئێران لە وەبەرهینان و زیادکردنی بەرهەمدا بکات، وە بتوانێت وە بەرهێنەری بیانی بۆ ناو وولات ڕابکێشێت وە یان بتوانێت قەرزی درێژخایەنی بانکی بیانی وەربگرێت، وە بچێتیە ناو بازاڕی تازەوە. ئەمەش بووە هۆی کەمبونەوەی بەرهەم ، وە بەرهەم بنچینەیە بۆ دروستکردنی گەشەی ئابوری و سەقامگیری بودجەی وولات.

Annual GDP growth (%)

تێکڕایی گەشیی ناوخۆی ساڵانە(%) Consumer prices growth (2010=100%)

100=2010) بەرزبونەوەی نرخی شتومەک%) Annual inflation

rates (%)



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵانە(%) Volume of oil exports (mn bpd)

قەبارەیهەناردەی نەوت بەبەرمیل ڕۆژانەNet oil export revenues (current prices, $ bn)

داهاتیسافی نەوت  بە ملیار دۆلار

2010 5.8 100 10 2.2 76.75

2011 2.6 121 21 2.5 101.15

2012 -7.4 152 26 2.1 69.76

2013 -0.2 212 39 1.2 49.85

2014 4.6 248 17 1.1 51.74

2015 -1.3 282 14 1 29.98

2016 13.4 306 8.6 1.9 37.55

2017 3.8 337 10 2.2 55.34

2018 -6 394 18 1.5 66

2019 -6.8 551 40 0.651 30

2020 3.4 n/a 30.6 0.404 21

2021 4.1 n/a 40 0.8-1 25

2022* 2.7 n/a 50.3 1-1.5 36

2023* 2.3 n/a n/a n/a

هەر چەندە کاتێک (ڕەئیسی) بەسەرۆکی ئیران هەڵبژێرا. کە کاریگەری خراپی سزا ئابوریەکانی سەر ئێران بەتەواوی ڕەنگی دابووە بەسەر ئیراندا. لەساڵی ٢٠١٩ وە بەرهەمی هەوو پشەسازیەکانی ئێران بەرەو کەمبونەوە ئەڕۆیشتن هەر لە پیشەسازی ئۆتۆمبێل و خواردن و ڕستن وچنینەوە، ئەمەش کاریگەری تەواوی لەسەر بازرگانی دەرەوە دروستکردوە. وە بۆتە هۆی کە مبونەوەی قەبارەی هەناردەی واتە کاریگەری کردۆتە سەر کەمبونەوەی دراو، کەمبونەوەی کێشی هەناردەکەش. ئەمەش بۆتە هۆی تەرازوی بازرگانی بێجگە (لە نەوت و گاز) بە رەو پاشەکشەی نێگەتێڤ بڕوات.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئەبێت پەیکەرەی ئابوری ئێران دەستکاریبکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرامبەر کێشەکانی ناو ئێران و ئەو کاریگەریانەی کە سزاکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی داینناوە لەسەر  ئیران نەهێڵێت.

بەڵام ئەم شکاندنانە لە ژێر کامپی کۆنسەیرڤتەکانی ئێران مانای نیە، ئەوە پاراستنی ناواخنی پارێزگارەکارەکانە ئەوە نابێت بشکێت و پێشێلبکرێ'

## فاکتەرە ئابوریەکان

شکستی  سەرکردەکانی ئیران ئەوە بوە کە تائیستا نەیان توانیوە گەشەیەکی بچوکی ئابوری بکەن لە گەڵ گەشە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و پێشکەوتنی خەڵکدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئاڵنگاری گەورە لە مەودای درێژخایەندا. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ وە توانای هێزی کڕین و داهاتی خێزانەکان کەمیکردوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خەرجکردنی خێزانەکان کەمبکات تەنەنات بۆ کەرەسە سەرەتایەکانی وەک خواردن. لە ساڵی ٢٠٢٢ دا لە (١٨.٤%) خەڵکی ئێران لە هێڵی هەژاری ڕەهادان. وا دەبینرێت کە (٦٠%) دانیشتوانی ئێران لە هێڵی هەژاریدا یان لە خوار هێڵی هە ژاریدا ئەژین.

کەواتە جێگای سەرسوڕمان نیە کە ئافرەت گەنجەکانی ئێران ئێستا لەبەرەی ئامادەی پێشەوەی خۆپیشاندانەکانن. کە بەشێکن لەو (٢) گروپە لەبەرمەترسیدان و بێدەسەلاتن.

بەپێی ئابورىناسە ئێرانیەکان ڕێژەی بەتاڵە لە ناو ئافرەتاندا لە (١٣%) یە، وە بۆ پیاوان لە (٧.٢%) وە ئەم ژمارانە دەبێت بە (٢) ئەوەندە لە نێو گەنجاندا کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ - ٣٥) بە پێی هەندێ سەرچاوە ڕێژەی بەتاڵە لە ناو گەنجاندا لە تەمەنی (١٥ - ٢٤) دەگاتە (٧٧%) واتە (٧.١) ملیۆن کەس. وە هەروەها لە ناو ئێراندا جیاوازی ڕەگەزی هەیە کە لە ناو کارمەندا هەیە کەبەرامبەر (٥) پیاوی کارمەند تەنها (١) کارمەند ئافرەتە.

هێشتا بەتەنها خراپی دۆخە ئابوریەکەی ئێران ئەوە نیە کە نارازایەتیەکان ئاوا توندبێت، ئێران لەساڵی ٢٠١٧ وە بەردەوامی نرخی شتومەک بەرزبۆتەوە وە هەرگیز خۆپیشاندانەکان ئاوا گشتگیرنەبوون و توند نەبوون، هەندێ خۆپشاندانی بچوک هەبوە وە زۆری بە هۆی کاریگەرە ئابوریەکانەوە بووە، وە هەندێ جار خۆپیشاندانەکان سیاسی بوون بەڵام لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بووە. ژمارەی بەتاڵەی زۆرو دیاریکردنی چینەکانی (چینانەدن) کۆمەڵگە هەر بوونی هەبووە لە دەیەیەکانی رابردووەوە،

خراپی بارە ئابوریەکەی ئێران بۆتە ڕویەکی گەورە بۆ یارمەتیدانی ناڕەزایەتیەکانی ئێستا، بەڵام فاکتەری سیاسی هاریکاری ناڕەزایەتیەکانی ئێستا ئەکات، (خەڵکی ئێران باوەڕی بە دنیابینینی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە).

دۆخی ئابوری ئێران ئەوەندە ناجێگیرە کاتێک کەسێک ئەچێت بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی بازاڕ بکات بەردەوام خواردنەکەی ناو سەبەتەکەی کەمئەبێتەوە، لە بەر ئەوەی نرخەکان بەزوی بەرز ئەبنەوە، کەسێک بە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ووت کە ناوی (نادر) بوو تەمەنی ٤١ ساڵە ووتی لەساڵی پارەوە خواردنی گۆشتی سورم تەرککردوە، دوای ئەوەش خواردنی مریشکم تەرکرد، ووتی هەموو پاشەکەوتەکەم بۆ خەرجکردنی نرخی کرێی خانوەکەم بوو، کەکرێکەی بووە بەدوو ئەوەندە. لەم کاتەدا تۆ هەر چەندە ڕابکەیت هەر فریا ناکەوێت. داواکاری خەڵک ئەوەیە لەحکومەت کە ئابوریەکە چاکبکات چونکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵک شکاوە لە ژێر ئەم فشارە داراییەدا.

نادر ووتی سەرەڕای ئەوە خەڵک لەژێر فشاری بەرزبونەوەی نرخدایە، وە ژمارەی بەتاڵەی بەرز، گەندەڵی و چەوساندنەوەی سیاسی، وە داواکاری زۆر لەئافرەتان لەبارەی پۆشێنی جل و بەرگ.

فاکتەری بێ ئومیدی لە ئابوری وایکردووەکە خەڵکی نەیاری حکومەت و خەڵکی پشتیوان لە حکومەت لەناو ئێراندا یەکخستوە هۆکارە ئابوریەکەیە (عبدلرزاق دەڤاری) کە (شیکەرەوویەکی کۆنسێرڤتڤە) دژی ناڕیزایەتیەکانی ئێستای ئێرانە،

ئێستا بێگوێدانە ڕووئیای سیاسی لەناو ئێراندا لە ٩٥٪ خەڵکی ئێران وایدەبینێت کە ژیانیان زەحمەتە و وە ژیانی منداڵ و نەوەکانیان لەداهاتوودا نادیارە.

دەیەیەک لە خراپ بەڕیوەبردنی ئابوری و گەندەڵی و ٢ خولی سزاکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەسەر ئێراندا وە پەتای کۆڤید - ١٩ بووە هۆی چەقبەستوی ئابوری ئیران لەپێش ساڵی ٢٠١٢ یان خراپتری کردوە.

ئیرانیەکان کە چەند ساڵێکە گەڕان بەدوای کاردا بەسەرئەبەن وە خواردنی گۆشت لەسەر سفرەکەیان نەماوە. بۆتە هۆی دواکەوتنی دروستکردنی خێزان و دروستکردنی منداڵ، تورەو بێزارن لە سەرکردەکانیان وایان ئەبینن کە بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی خراپی ئابوریەکەیان. لە ئیستادا براند و بەرهەمە بیانیەکان لە ناو دوکانەکانی ئێراندا نەماون یان ئەگەر مابن نرخەکانیان ئەوەندە گرانن کە لە کڕین نایەن، ریاڵی ئێرانی ئەوەندە بەهاکەی لەدەستداوە،

هەر بۆیە بڕیاری سفرەکانیان هەڵگرت لەسەر دراوەکەیان. دەرچووی زانکۆکان ناتوانن کاربدۆزنەوە کە لە گەڵ بڕوانامەکەی خۆیاندا بێت، زۆربەیان بوون بە شۆفێری تەکسی یان لە دوکانەکاندا کاردەکەن ئەمە قسەی کەسێکە کە ناوی (ئەمیر) تەمەنی ٢٤ ساڵە دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری تەلارسازیە. ووتی بیر لەوە ناکەمەوە کە خانوو بەکرێبگرم، یان ئۆتۆمبێل بکرم یان ژن بهێنم، یان بیر لەدروستکردنی منداڵ بکەمەوە. ووتی تەنها ڕێگا ئەوەیە کە ئێران بەجێبهێڵم. لە ساڵی ٢٠١٥ کە ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکە کرا، ئێرانیەکان دڵیانخۆش بوو کە ئابوریەکەیان بەرەو باشی ئەڕوات هەندێ لە وەبەرهێنەرانی بیانی و هەندێ سیستەمی شەراکەت کرا لە گەڵ حکومەتی ئێران بەڵام لەساڵی ٢٠١٨ کە لە لایەن (سەرۆک ترامپ) سەرۆکی پێشوی ئەمریکا سزا قورسەکان کەسەپێنرا بەسەر ئێراندا بە تایبەتی سزاکان بەسەر نەوت و گازداو، کۆمپانیا بیانیەکان لە ئێران چونە دەرەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ئێرانیەکان بیرلەوە ناکەنەوە کە ئایا ساڵی پار ئابوریەکەیان باشتر بوو بەراورد بەئەمساڵ(ئەسفەندیار باتمان خلیجی) کە دامەزرێنەری سایتی (بۆرسەو بازاڕ) تیمی تویژینەوەکەی کە تایبەتە بە(سیاسەت و ئابوری) ئێران، ووتی شتەکان کاریگەری لەسەر هەمووماندا دانـاوە لە بنچیـنەدا وڵاتەکە تووشی ئیفلیجی ئابوری بووە زیاتر لە دەیەیەکە، ووتی خەڵک پرسیار ئەکات بۆ خۆشگوزەرانی زیادناکات بۆدۆخێکی باشتر.

هەڵئاوسان توندە لە(٣٠ - ٤٠- ٥٠%) یە ،ئیرانیەکان بە ڕێژەی ٧٥% زیاتر پارە ئەدەن بە شتومەک بەبەراورد بەساڵی ڕابردوو. (وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢١ دا ووتی (سێ یەکی) خەڵک یان (٣٠ ملیۆن) خەڵک لە ئێراندا لەهەژاریدا ئەژین.

سەختی ژیان و ناخۆشیەکان وای لە ئێرانیەکان کردوە کە کۆچ بەکۆمەڵ بکەن وەک ئەوکاتەی کە ساڵی ١٩٧٩ لە شۆڕشی ئیسلامی دژی شای ئێران روویدا. بەهۆی سزاکان و(کۆڤید - ١٩) ئەوکەسانەی کە لەدەرەوە دەیانخوێند یان کارمانـدی تەندروستی کە لە دەرەوە کاریان کردوە نەگەڕاونەتەوە بۆ ئێران.

دەسەڵاتدارانی ئێران بەناوی ئابوری بەرەنگاربونەوە کە ئێران بتوانێت خۆی بژێنێت و لەسەرپێی خۆی ڕابوەستێت، وە هاوردە لە ووڵاتان نەکات، حکومەت وەبەرهێنانی کرد لە کارگە ناوخۆیەکاندا.

وا داوای لەئێرانیەکان کرد کە شتومەکی ناوخۆی بکرن، وە توانیان کە خۆیانبدزنەوە لە سزاکان بە فرۆشتنی نەوت بە چین بە نرخی داشکاندنێکی گەورە.

ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران روویدا. ژمارەی دەنگ نەدەران زیاتر بوو لە ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە سەرۆک (رەئیسی) یان هەڵبژارد، ئەمە یەکەم هێمابوو بۆ ئاگادارکردنەوەی سیستەمە سیاسیەکەی ئێران. خەڵکی ئێران ڕازی نەبوون بەو بڕیارەی کە ئەبێت رەئیسی هەڵبژێرێت لەسەر حسابی ئەوەی کە کاندیدەکانی تر کە خەڵکێکی زۆر بەناوبانگ بوون وە نەهێشتنیان بۆخۆکاندیدکردن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

ئیدارەی(رەئیسی) سەرکەوتوو نەبوو لەبەرنامە کۆمەڵایەتی - ئابوریەکەی لە ساڵی ڕابردووەوە، بەڵکو خەڵکی زیاتر تورەکردوە و بێزارکردوە، بۆتە هۆی ئەوەی شکست بەو بۆچوونانە بهێنێت کە کەمپی پارێزگارەکان ئەتوانن سەقامگیری لە ئابوریدا بکەن و بتوانن گۆڕانکاری بکەن، هەرچەندە لەسەرەتا رەئیسی بەڵێنیدا بەخەڵک کە هەڵئاوسان دابەزێنێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ خوار (١٠%) لە چەند ساڵی داهاتوودا، وە گەشە بە ئابوری بدات و (٢ ملیۆن) هەلی کار برەخسێنیت هەتا مانگی ئازاری ساڵی (٢٠٢٣).

### دراوی ئیرانی؛

دراوی ئیرانی زۆر دەمێکە کێشەی هەیە ئەم هەفتەیە نزمتترین ئاستی تۆمارکرد بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی. بە هۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانەوە وە هیوایەک نیە بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکە، بۆتە هۆی ئە برانی تەواوی ئێران لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بە هۆی ئەو ڕەفتارە دڵرەقانەی کە سوپای پاسداران بۆ بەرانگاربونەوەی خۆ پێشاندەران گرتویانەتە بەر وەهەروەها ئەو رەخنانەی کە لەسەر ئێران ئەگیرێت بە هۆی پەیوەندیەکانی بە روسیاوە. ریاڵی ئێرانی بەهاکەی بە ڕێژەی ١٣.٨% دابەزیوە لەو کاتەی ناڕەزایەتیەکانی ئیران دەستیان پێکردوە بە هۆی گیان لەدەستدانی خاتوو (مهسا ئەمینی) شاری سەقزی کوردستانی ئیران، بازرگانەکانی دراو بەتەواوی بێ هیوا بوون لە دراوی ئێرانی لە ئەنجامی ئەو ڕێگایەی کە سیستەمی ئیرانی گرتویەتە بەر بەرامبەر خۆپیشاندەران و وە هەروەها پەیوەندیە سەربازیەکانی ئێران لە گەڵ روسیادا بەتایبەتی فرۆشتنی فرۆکەی(بێ فرۆکەوان) بە ڕوسیا. هەر ئەم هەفتەیە کەنەداو ئوسترالیاو ئەمریکا بەردەوام سزای زیاتریان سەپاند بە سەر ئێراندا. وە بەریتانیا سزای زیاتری سەپاند بەسەر بەرپرسە ئێرانیەکاندا لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵی بەرپرسەکان، وە ئەڵمانیا ئیدانەی ئێرانی کرد بە هۆی لە سێدارەدانی یەکەم خۆپیشاندەری ئیرانەوە. وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بڕیاریان داوا پاکێج سزای زۆر قورس بەسەر ئێراندا بسەپێنن، وەسایتی (EcoIran)نوسیویەتی بە هۆی ئەم هەواڵانەوە، زیاتر فشار دەکەوێتە سەر ریاڵی ئێرانی، وە ئەو کاتە لەوانەیا بانکی ناوەندی ئێران یارمەتی پشتیوانی ریاڵ بکاتەوە.

### چارەسەر

بە پێی قسەی شیکەرەوەکان و قسەی زۆربەی ئێرانیەکان بۆ ئەوەی باری ئابوری چاکبێت تەنها ڕێگا ئەوەیە کە ڕێکەوتن لە گەڵ ڕۆژئاوا بکرێت لە بارەی ئەتۆمی ئیرانەوە.

بەلام لە کاتێکدا کە ئەمریکاو ئێران هەر یەکەیان پابەندن بە داواکاریەکانی خۆیانەوە، دیارنیە کە هیچ ڕێکەوتنێک بکرێت، هەر بەیانێک کە دەرئەچیت لەسەر ڕێکەوتن یان چەقبەستنی ڕێکەتنەکە کاریگەری هەیە لەسە دراوی ئیرانی و پێوانەی دڵخۆشی ئیرانیەکان دیاریدەکات، هەر ڕێکەوتنێک بکرێت لە سەر ئەتۆمیەکە کاریگەری خێرای ئەبێت لەسەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئابوری ئێران چونكە بەملیارەها دۆلاری ئێران كە ئیستا لە بانكەكاندا ڕاگیراون دەگەڕێتەوە بۆ ئیران، وە هەروەها نەوت و گـاز دەتوانرێـت بفرۆشـرێت لە بازاڕەكـانی جیهانـدا. بەڵام بـۆ ئیـرانیەک گەشـبینیەكەی وەسـتاوە بەوەشـەوە كە ئەبێت سیستەمەكە لە خراپ بەرێوەبردن و گەندەڵی پاكبكرێتەوە، بەڵام لەوە ناچیت ئێران بەپەلەبێت لە ڕێكەوتنەكە هەتـا مسـۆگەركردنی نەبێت بە قـایلبوونێكی زۆر لە لایەن ئەمریكایەكـانەوە ئەوەش كـارێكی سـەختە بـۆ ئەمریكیەكـان كە ڕازیبن.

لەساڵی پاردا كە خۆپیشاندان ڕوویدا لە ئەسفەهان لە ئەنجامی( كەمی ئـاو)دا وە لە خوزستان لە ئەنجامی بەرزبونەوەی نرخ لە نـان و ڕۆنـی چێشت لێنانـدا،. حكومەت بەناچاری و بە پەلە دەستیكرد بەزیـادكردنی پاڵپشتی پـارەی زیـاتر بـۆ خێزانەكـان. هەر لە شـۆفێری پـاس و مامۆسـتاو فەرمـانبەرانی كەرتـی گشـتی و بازرگـانی نـاو بازاڕەكـان و خانەنشینان هەموویان خۆپشاندانیان كرد. ئەوە بوو سەركوتكرا.

سزاكانی سەر ئێران بەتەواوی ئێرانی بەستۆتەوە وەكارەكـانی دیـاریكردوە لەسەر ئێـران، بەڵام كۆنسیرڤتڤەكانی ئێران وا بیردەكەنەوە كە نابێتە هۆی داخستنی هەموو ڕێگاكانی پێشكەوتن ئەمە(محمد نـوری سـاڵحی) كەسەرۆكی دەستەی شارەوانی ئەسـفەهانە لەسـەر پـارێزگەرانە وە هەورەهـا ووتـی سـزاكان نەیتوانیـوە چالاكیەكـانی ئـێمە ڕابگرێـت. ئەمە ئەمریكـاو هاوپەیمانەكانیشی دركیان پێكردوە. بە هۆی سزاكانەوە ئێران نەیتوانیوە كێشە سەرەكیەكان چارەسەر بكـات بـۆ نمونە وەک كەمی ئاو لە شاری ئەسفەهان دیارە باری ئابوری ئێران بە ئاشكرا كاریگەری هەیە لەسەر نارەزایەتیەكان.

## خەڵكانی خۆپیشاندەر؛

هەر چەندە ئابوری تـاڕادەیەک توانیویەتی بەرەنگاری سزاكان بێتەوە، تێكرای گەشەی نـاوخۆ پاشەكشەی كـردوە بە رێـژەی (٦%) بە پێێی ڕاپۆرتی سندوقی نێودەوڵەتی وە نرخی ڕیاڵ زۆر دابەزیوە. بەمەش كۆمپانیاكـانی كەرتـی تـایبەت خەڵكیـان دەركرد لە كارەكانیان وە هەروەها( كۆڤید - ١٩) كە بەدوایدا هات، بەیەكەوە بـووە هـۆی بەرزبـونەوەی نـرخ، خەڵكـی بـردە هێڵـی هەژاریەوە كە كە داهاتیـان لە خـوار (٥.٥٠ دۆلار) بێـت گەیشـتۆتە ڕێـژەی لە ٢٠% دانیشـتوانی ئێـران بە پێـی ڕاپۆرتی بانكی نێو دەوڵەتی.

وە هەروەها سەرۆكەكانی پێشوی ئێران هەر نەیان توانیوە گۆڕانكاری بكەن، ئەمەش شەرعیەت ئەدات بەو پرسیارەی ئایا ئەم جۆرە سیستەمە ئەتوانێت گۆڕانكاری و پێشكەوتن بكات.

بەڵام هەر كە هەواڵی مردنی (مهسا ئەمینی) بلاوبـووەوە، ناڕەزایەتیەكـان دەستیان پێكردەوە، چونكە خەڵكی ئێـران لە زۆر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافە سەرەتاییەکان و شارستانیەکانیان بێبەشبن لە هەموو پیداویستیەکانی ژیان. هەرلەنووسین و خوێندن بەزمانی دایک، وە ئازادی ڕادەربڕین و مافە سەرەتاییەکان لە پۆشینی جلوبەرگ، هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەوادا. وە نەبوونی ئۆپۆزۆسیۆن. جیاوازی زۆر لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، چەوسانەوەی چینایەتی، وە جیاوازی زۆر لە نێوان نەتەوە جیاوزاکاندا و مەزهەبە جیاوازەکاندا هەیە. وە نەبوونی ڕێکخراوە مە دەنیەکان و چەوساندنەوەی ئاشکرای نەتەوەیی بۆ نمونە هەر لە کاتی ئەم خۆپێشاندانەدا ژمارەی کوژراوان زۆر زیاترە لە و ناوچانەی کە مەزهەبی نەتەوەی سەردەست نین.  وەک ناوچەکانی کوردستان و بلوچستان. ئەمە جیاوازیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەردەخات نەرەخساندنی هەلی کار لە ناوچەکانی تری کە لە سنوری نەتەوەی سەردەستەو مەزهەبی سەردەستدا نیە، لە هەندێ ناوچەدا تەنانەت ناتوانرێت (ئاوی پاک) بۆ خواردنەوە دابینبکرێت وەک لە ناوچەکانی خوزستاندا کە زۆر دەوڵەمەندە بەنەوت و گاز.

هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی مردنی (مهسا ئەمینی)، بەهۆیەوە نارەزایەتیەکان دەستیان پێکردووە. چونکە دۆخەکە وەک بەرمیلێک باروت وایە تەنها پریشکێکی بچوکی ئەوێت بۆ گرگرتن. بۆیە خەڵک لە سەرتاسەری ئێراندا ڕژانە سەرجادەکان و داوای ( ژن، ژیان، ئازادی) ئەکەن کە ئەم داوایانە  بۆتە ئامانجی گەلانی ئێران، لە ژێر ئەم سیستەمی بەڕێوبەردنەدا ئەم ئامانجانە زەحمەتە بهێنیتە دی.

هەڵە گەورەکەی (رەئیسی) ئەوە بوو  کە بڕیاریدا نە هێڵێت لە هیچ شوێنێک، ڕێگابدات بەو کەسانەی کەیاساکانی (حیجاب) بشکێنیت وە یان ئاهەنگی ماڵان و ئاهەنگی مۆسیقای گۆرانی بێژان و هەرکەس خواردنەوەکحولیەکان وە یان وەرگرتنی مادەهۆشبەرەکان وەربگرێت، هەرچەندە بە (شیوەیەکی سەرەکی نایاساییە) ئیستا کە خەڵک لە ژێر باری سەختی ئابوریدا ئەژی ئەمەش وایکرد کە خەڵکی هەندێ بڕیار پشتگوێ بخەن.

وە هەروەها سەرۆکەکانی پێشوی خۆی هەر نەیان توانیوە گۆڕانکاری بکەن، ئەمەش شەرعیەت ئەدات بەو پرسیارەی ئایا ئەم جۆرە سیستەمە ئەتوانێت گۆڕانکاری و پێشکەوتن بکات.

بەڵام ئەم شکاندنانە لە ژێر کامپی کۆنسەیرڤتەکانی  ئێران مانای نیە، ئەوە پاراستنی ناواخنی پارێزگارەکارەکانە ئەوە نابێت بشکێت و پێشێلبکرێ'

**سەر ئەنجام**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندە هەتا ئیستا خۆ پێشاندانەکانە بەردەوامەو تـاران نەیتوانیوە بە ئاسانی سەرکوتی بکات، ئەگەر بێتو لە ئیستا سـەرکوت بکرێـت، ئەبێـت کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران گۆڕانکـاری گەورە بکـات. گۆڕانکـاری قـوڵ و فـراوان چـونکە ئەم سیستەمەی ئێستا لە گەڵ خواستی خەڵکی ئیراندا یەکناگرێتەوە، بۆیە ئەگەر گۆڕانکاریەکان گەورە نەبێت لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتی، متمانە لای خەڵکی ئێران دروستنابێتەوە بە سیستەمە سیاسیەکەی ئێستای ئێران هەڵدانەوەی نارەزایەتیەکان لە ئایندەدا چاوەڕوانکراو ئەبێت.

'Out-of-Reach Dreams' in a Sickly Economy Provoke the Rage in Iran, at;
https://www.nytimes.com/2022/10/02/world/middleeast/iran-protests-economy.html
The economic backdrop of Iran's protests, at;
https://www.mei.edu/publications/economic-backdrop-irans-protests
Winter of protests exposes economic pressures in Iran as nuclear talks stall, at;
https://www.ft.com/content/86e0e8cc-7770-416e-a49a-659616dc28a4
Iranian currency slides to new low amid unrest, isolation;
https://www.reuters.com/world/middle-east/iranian-currency-slides-new-low-amid-unrest-isolation-2022-12-10/

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ١٢ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئینسان کوشتن ڕژیمی ئیسلامی لە ڕوخانی حەتمی ڕزگار ناکات



سایتی پەیام

ئێعدامی جەنایەتکارانەی دوو لاوی تێکۆشەر موحسین شکاری و مەجید ڕەهنەوەرد، سەرەڕای نارەزایەتی بەرینی نێوخۆیی و نێو نەتەوەیی شەپۆلێک لە قین و نفرەتی سەبارەت بە ڕژیمی ئیسلامی لە سەرتاسەری دنیادا بەدی هێناوە. ئەم جەنایەتە لە پاڵ ئینسان کوژیەکانی ڕۆژانە لە گوشە و کەناری ئێران، لە بارودۆخێکدا ڕوو ئەدەن کە ڕژیم لە ئەزموونی سێ مانگی ڕابردودا بە ڕوونی بۆی دەرکەوتوە کە سەرکوت خەڵک لە درێژەدان بە شۆڕش سارد ناکاتەوە. ڕژیمی ئیسلامی ئێران بێ هیوا لە دامرکانەوەی ئاگری ئاخێزی شۆڕشگێرانەی خەڵک، تەنیا ڕێگا چارەی بۆ پاراستنی حکومەت لە ئێعدامی زیاتر لە زیندانەکان و کوشتنی زیاتر لە دەرەوەی زیندانەکاندا بینیوەتەوە.

ئێستا ئیتر هیچ گوشەیەک لە ئێران شک نابەی کە لاوێک لە جەماوەری خەڵک لە زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجە و یان لە سەرشەقامەکان بە گوللەی بەکرێگیراوانی ئیسلامی گیانی لەدەست نەدابێت. بە هەزاران بنەماڵە بەشوێن چارەنووسی ئازیزانیانەوەن لە زینداکاندا و دەیان هەزار بریندار لەنێو بنەماڵەکاندا بە ئیمکاناتی کەمەوە لەژێر چارەسەر و دەرماندان. هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ کەسیش لە ماوەی سێ مانگدا بە قەتڵی حکومەتی گیانیان بەختکردوە.

دادگا نیزامی - ئەمنیەتیەکان کە شاکی، قازی و دادستان و تماشاچی بەگشتی حکومەتین لە ماوەیەکی کورت و بە شاراوەییەکی سەرچاوەگرتوو لە وەحشەتی دەسەڵاتداران، سزای قورسی ئێعدام لەدژی لاوانی ئەشکەنجە کراو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەردەکەن. زیاتر لە ٤٠ بەندکراوی مەحکوم بە ئێعدام لە داڵانەکانی مەرگدا چاوەڕێی نۆبەی ئێعدامن.

بۆچی ڕژێم وەها بێ باکانە دەست ئەداتە ئێعدام و توندتیژی حکومەتی؟ هۆکارەکەی بێ هیوابوونە لە سەرجەم ڕێگا چارەکانی تر بۆ شکست پێهێنانی ئاخێزی خەڵک و بێدەنگ کردنی بەملیۆن ئینسانی شەریف و ئازادی خواز لە نێوخۆ و لە دەرەووەی وڵات.

زۆرێک لەو کاسبکار و بازاڕیانەی کە بەشێکیان لە نارەزایەتیەکانی ٤٣ ساڵی ڕابردودا حوزورێکی بەرچاو و چالاکانەیان نەبووە ئەمڕۆ لە گۆڕپانەکەدا ئامادەن. تەنانەت بەشێک لە ڕەوت و ناوەندە مەزهەبییەکان مانەوە لە حکومەتی ئیسلامیدا بە زەرەری ئیسلام و مەزهەبی شیعە دەزانن و زیاتر لە پێشوو لە بەرانبەر حکومەتدا دەوەستنەوە.

حکومەت تەنیا و پەراویز خراوە. لە ئاستی دنیادا قەت لەگەڵ وەها گوشارێکدا بەرەو روو نەبۆتەوە، و زل هێزە ڕۆژئاواییەکان خۆیان بۆ ئێرانی بێ حکومەتی ئیسلامی ئامادە دەکەن.
حکومەتی چین وەها بە خێراییەکی بێوێنە لەگەڵ نەیارانی ناوچەیی ئێران دەستی کرد بە بەستنی قەراردادی درێژماوە، تەنانەت لە بەرانبەر بابەتگەلی کێشە لەسەریشدا، بە ئاشکرایی دژبە حکومەتی ئیسلامی هەڵوێستی گرت.

ڕوسیەش لەژێر گوشارێکی قورس دایە تا لە حکمەتی ئیسلامی دوور بکەوێتەوە. بەرژەوەندی درێژ ماوەی ڕوسیە بە درێژەدان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی کەوتۆتە مەترسیەوە.

سێ مانگ نارەزایەتی و مانگرتن زەوی لەژێر پێی کۆماری ئیسلامیدا گەرم کردوە. نە ڕێگای بۆ بەرەو پێشەوە چوون هەیە و نە گەرانەوە. نە دەتوانێ میلەکانی کاتژمێری مێژوو بگەڕێنێتەوە بۆ بەر لە قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی، و نە دەتوانێ بەسەریدا بازبدات. تەنیا بژاردە بۆ حاکمانی ئیسلامی جەنایەت و تیرۆری زیاترە.

مێژوو سەلماندویەتی کە هیچ نیزامێکی سیاسی بە تیرۆر و قەتڵی حکومەتی بۆ ماوەیەکی زۆر پایەدار نابێت. حاکمانی ئیسلامی لە پشت پەردە و لە خەڵوەتی خۆیاندا، بیر لە پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی خۆیان دەکەنەوە. ئەنجامدانی جەنایەتی زیاتر لە دنیای مۆدێڕندا ڕێگای هەڵاتن و خۆحەشاردانیشی لێ گرتوون.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شۆڕشی ڕۆژهەڵات شۆڕشی ژینایە.




**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

شۆڕشی ژینا درووشمی خۆی هەیە ژن ژیان ئازادی، ئەو درووشمەی هەموو چین و توێژێکی کوردستان هەتا ئێستە کوتویانەتەوە مامۆستایانی ئایینی نەبێت. خۆزگە جارێک لە مزگەوتێکی کوردستان پێشنوێژێکی ئایینی کورد ئەو درووشمەی بەزاری داهاتبایە و مامۆستایانی ڕۆژهەڵات سەلماندبایان لەداهاتووی ڕۆژهەڵاتدا بەشێک دەبن لەو کۆمەڵگە مەدەنی و دیموکراتیکەی وەک ئاڵتێرناتیوی دەسەڵاتی تیئۆکراتیک تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی درووست دەکردرێت.

حەماس و جیهادی ئیسلامیش خەمی نەتەوەییان هەیە، مەلا کرێکار و ئەنساروسوننە و کۆمەڵی ئیسلامیش خەمی نەتەوەیان هەیە بەڵام تێکڕایان دژی گەوهەری ئازادین.

ژنانی نیشتیمانی ئێمە وەک نیشتیمانەکەمان بندەستن و شۆڕشی نەتەوەیی دیموکراتیک سێکۆلاری کوردستان تێچوویەکی بەنرخی بۆ ئازادی ژن داوە. ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیەی ئەوڕۆ لە کوردستان هەیە شۆڕشی ئازادیە، ئازادی وەک بەهایەکی ڕێزلێگیراوی جیهانی.

بە بڕوای من دەگەڵ سوپاس و هاندانی مامۆستایان بۆ پشتگیرییەکانیان لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی ڕۆژهەڵات پێویستە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەو ئەو ئاراستەیە هان بدرێن لە مینبەرەکانیانەوە پرسی ئازادی ژن و هەبوونی ناسنامەی جیاوازی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ڕێزلێبگرن و نەبنە لەمپەر لەسەر ڕێگەی ئەو ئەوگۆڕانکاریە مێژوویانەی شۆڕشی ژینا بەرهەمی هێناون و بێگومان دەیانباتە قۆناغی جێگیرکردن.

لە شۆڕشی ژینادا هەموومان پێشمەرگەین پەیامێکی گەورەی گوتارییێکی گەورە و فرەڕەهەندە و بێگومان بەشێکی مامۆستایانی ئایینیش دەگرێتەوە. بەو واتایەی پێشمەرگەی کوردستان دەگەڵ سەرجەم خسڵەتەکانی جەنگاوەری و فیداکاری بۆ نیشتیمان سەمبولێکی بەنرخی پێشکەوتنخوازییە و لەم شۆڕشە گەورەدا پێویستە بەپێی زەرورەتە مێژوویی سیاسیەکە هەنگاو هەڵبگرین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# رۆژهەڵاتییەکان چی بکەن؟



**سەردار عەزیز**

ئەوەی هەستی پێدەکەم، لەکاتێکدا شۆڕش لەڕۆژهەڵات هەیە، کەیەکێک لەڕەهەندەکان و ئامانجی ئەو شۆڕشە ئامادەبوونە لەدونیادا، یان هەوڵدانە بۆ ئامادەبون لەدونیادا، بەڵام نوخبەی رۆژهەڵاتی ئەو ئامادەییەی نیە بۆ ئامادەبوون لەدونیادا. ئامادەبوون لەدونیادا چەمک و واقیعێکی ئێجگار ئاڵۆزو سەختە. جێگای سەرسوڕمان نیە کە نوخبەی رۆژهەڵاتی کێشەی ئامادەبوونی هەیە لەدونیادا. کوردستانی رۆژهەڵات، زیاتر لەپارچەکانی تری کوردستان لەژێر کاریگەری هەژمۆنیەتی ئیمپراتۆریی فارسیدایە، هەروەها ئێران بەبەراورد بەوڵاتانی تری وەک عێراق و سوریا و تورکیا خاوەن هەژمۆنیەتێکی زاڵترە.

تورک بەلابردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی پەشۆکان و برینێکی شارستانی بوو. بەهاتنی ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لەسەر دەستی داودئۆغلۆ هەوڵی ئەوەدرا ئەو پاشخانە بهێنرێتەوە تێکەڵ بەتورکیای ناو ناتۆو ئەوروپای بکەن لەپێناو زاڵبونی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نوخبەی ئێرانی بەبەراورد بەنوخبەی وڵاتانی تر زیاتر ئامادەیە لەدونیاداو مەیلی مەعریفەی زیاترە. ئەمەش وەها دەکات شەڕی کوردی ڕۆژهەڵات سەختتر بێت. نوخبەی ئێرانی دەیەوێت ئێران وەها وێنابکات کە بێسنورە وەک حەمید دەباشی دەڵێت. هەروەها دەیانەوێت وەها وێنای بکەن کەخاوەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، یان خاوەنی کەلتورو شارستانیەت و مێژوویەکی دێرین و تایبەتە.

بۆیە شەڕی کوردانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئامادەبوون لەدونیادا شەڕە لەگەڵ ئەم میراتەدا. ئەوەی من هەستی پێدەکەم، کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیا زاڵن بەسەر ئەو پانتاییەدا بەبێ بوونی توانایەکی ئەوتۆ بۆ تەرجەمەکردنیان بۆ خوێندنەوەی واقیع. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی هەڵگری ئایدۆلۆژیایەک بیت و باوەڕت پێی هەبێت و بیکەیتە چاویلکەت و لەئەنجامدا ببیتە ڕۆبۆتی ئایدۆلۆژی، لەگەڵ توانای بەکاربردنی ئایدۆلۆژیا بۆ تێگەیشتن لەواقیع.

ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێت واقیع ببین بن. دەکرێت مرۆڤ دژ بەو واقیعە بێت کەهەیە، بەڵام هەمیشە مرۆڤ لەبەردەم دوو بژاردەدایە، بژاردەیەکیان ئەوەیە کەڕێساو ئامرازەکانی واقیعەکە بەکاردەبات بۆ ئامانجی خۆی، یان هەڵوێستی بەرامبەر وەردەگرێت و لەکەیسی کورددا دەبێتە قوربانی.

لەساڵی ١٩٧٩ ئێران لەبەردەم دوو بژاردەدا بوو، بژاردەیەک چەپ، سۆڤیەت، بژاردەیەکی تر ئیسلامی. خاوەنی هێزو واقیع لەدونیادا ئەوەی بەباشزانی کە ئێران بەئیسلامی ببێت لەبری چەپ بوونی و بوونی بەبەشێک سۆڤیەتی، ئەمە بەشێک بوو لەواقیعی سەردەمی جەنگی سارد.

کەواتە ڕێسای یەکەمی هەوڵدان بۆ ئامادەبوون لەدونیادا ئەوەیە کە واقیعبییانە توانای بینینی واقیعت هەبێت. ئەمە کارێکی ئاسان نیە، زۆرینەی زۆری خەڵک ناتوانن بیکەن، چونکە پێویست دەکات لەواقیعی زاڵیان داببڕێن. زۆرینەی مرۆڤەکان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، ئامێرێکی دووبارەکەرەوەی ژینگەکەیانن.

یەکەم خاڵی واقیعی بوون بریتیە لەتێگەیشتن لەکرۆکی سیاسەت لەهەموو ئاستەکاندا. سیاسەت گەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبی سیاسەتی ئەرستۆ، کە لەسەرەتادا پێش هەموو شتێک باس لەکۆیلە دەکات. تێگەیشتن لەکۆیلە زێدە گرنگە. پۆلێنکردنی خەڵکێک بەکۆیلەو خەڵکێکی تر بەئازاد مانای وەهایە کە پلەبەندییەک دروستدەکرێت بەوەی کێ حکومی کێ بکات. کێ مافی حوکمداریی هەبێت بەسەر کێدا؟ کێ بەسروشت پیادەکەری دەسەڵاتەو کێ جێبەجێکەر. لەدۆخی ئێستای ئێراندا ئەمە پێمان دەڵێت کە ئەوەی گرنگە لەسیاسەتکردن لەدۆخی ئەمڕۆی ئێراندا پرسیاری ئەوەیە کەکێ مافی دەسەڵاتداریی هەیەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کێ دەکرێتە دەرەوەی دەسەڵات. لە دەستوری ئێستای ئێراندا، کوردو سوننەو ئافرەت، لەدەرەوەی دەسەڵاتن. پێشتر لەسەردەمی پەهلەوی و قاجارو ئەوانیتردا زۆرینەی بێدەسەڵات بوون. لێرەدا دوو رەهەند گرنگە، یەکەم، گۆڕینی رەگەزی دەسەڵات. رەگەزی دەسەڵات هەمیشە نێر بووە، ئێستا کاتیەتی کەبگۆڕێت بۆ مێ. وەک چۆن ئەرستۆ ئافرەتیش دەکات بەکۆیلە، دوای چەندین هەزار ساڵ خەبات دەکرێت بۆ کۆتایی کۆیلەبوونی ئەو بوونەوەرە. سەرپۆشی زۆرەملێ، سیمبولی نەبونی ئازادی ئەو بوونەوەرەیە بەوەی خۆی بێت. مێینەبوونی زیاتری دەسەڵاتی ئێرانی، کەلتوری دەسەڵاتیی، لەخزمەتی جیاوازەکان و کەلتورەکان و ئەوانی تردایە. ئافرەت سنگفراوانترو مرۆڤترە لە پیاو. بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەک ئایسلەندا بنوارە.

دووەم، رەهەند شوناسی دەسەڵاتە. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران لەخەڵکانی جیاوازبوون، بۆ نموونە دوایین شا کازاخ بوو. پێشتر قاجار بوو. هەندێک باس لەزەندبوون و ئەوانیتریش دەکەن. بەڵام هەموو لەهەناو کەلتوری فارسیدا دەژی. رەنگە بۆ روونکردنەوەی ئەمە نموونەی چین لێرەدا سودمەندبێت. کاتێک خەڵکی دەرەکی حوکمی چینیان کردووە، بیرۆکراتیەتی چینی هێندە ئاڵۆزو گەورەو خاوەن شوناسی دەسەڵاتی خۆی بووە، هەمیشە ئەو دەسەڵاتە دەرەکییەیان کردووە بەچینی. ئەمە بۆ ئیسلام و ئەوانیتریش راستە. بەم پێیە کۆتایی هێنان بەو کەلتورە لەسەر یەک ژیانیەی نێوان دەسەڵات و فارسیی، ئەرکی گەورەی نوخبەی سیاسی رۆژهەڵاتە. لەنێوان حاکم و کەلتوری دەسەڵاتیی فارسیدا پەیوەندییەکی هابیتۆسی (بوون بەبەش لەیەکتری) دروست دەبێت. رەنگە مێینەکردنی دەسەڵات و فرەیی کردنی زۆر پێکەوە تەبابن. ئەمە وەک بەشی ناوەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی لەهەناو ئێراندا ئامادەبیت، دەبێت لەدونیادا ئامادەبیت، یان دونیا رێگات پێبدات کە لەدونیادا ئامادەبیت. ئەمەیان کارێکی سەختترە. نوخبەی ئێرانی زۆر زیاتر کە نوخبەی کوردی ئامادەو ئامادەباشن بۆ ئەم پرسە. پرسی ئەوەی دونیا چی دەوێت. دیارە دونیا یانی دەسەڵاتدارانی دونیا. ئەوەی دونیا دەیەوێت خواستێکی ئاسان نیە.

یەکەم، دونیا نایەوێت ئێران تووشی پشێویی درێژخایەن ببێت. دووەم، لەهەمانکاتدا نایانەوێت ئێران ببێت بەزلهێزی ناوچەکە. بەڵام پەیوەندی نێوان ئەم دووە زۆر ئاڵۆزە. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کەدەستوەردان لەوڵاتانی تر ئاسانە، لەهەمانکاتدا دۆخی جیهانیی بوونی ژیارو سیاسەت دەخوازێت وڵاتان دەست لەیەکتر وەربدەن. وڵاتێکی وەک ئێران هەرگیز بەبێ دەستوەردانی دەرەکی نامێنێتەوە. کاتێک وڵاتێک دەستوەردەدا، ئەوا دەروازە بۆ ئەوانیتریش دەکاتەوە کەهەمان کار بکەن. بەم پێیە دەتوانین بڵێین، ئێمە لەسەردەمێکداین کەهەر وڵاتێک تووشی قەیران بوو لەئەنجامدا سەرووەری بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەست دەدات. بەجۆرێک رەنگە بەئاسانی نەگەڕێتەوە دۆخی سەقامگیریی، چونکە سەقامگیریی دەبێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەرژەوەندی هەموو هێزە دەستوەرداوەکان بێت، ئەمەش ئاسان نیە.

بەڵام لەهەمانکاتدا هەموان دەزانن کەئێران ئەوەی لەخۆیدا پەنهانداوە کەزلهێزێکی هەرێمی گەورەبێت. ئێران کەئێستا ئابورییەکی نزیک لەداڕووخان بووەتەوە، لەنێو باشترین سی ئابوری جیهانە. بە نەمانی ئابلۆوقەو فشار بەخێرایی دەبێتە یەکێک لەبەهێزترین بیست ئابورییەکی جیهان. هەبوونی هەردوو ئەگەرەکە بەتوندی، ئەگەری لاوازبونی زۆرو بەهێزبونی زۆر، وەهایکردووە دۆخی ئێران سەخت بکات. نوخبەی رۆژهەڵاتی دەبێت خۆی بۆ هەردوو ئەگەرەکە ئامادە بکات . لەهەمانکاتدا دەرەوە، تەنها لەگەڵ هێزدا مامەڵە دەکات، نەک لەگەڵ ماف و خواست و بەها. بۆ نموونە لەرۆژئاڤا کورد هێزی هەبوو، بۆیە بوو بەبژاردە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "ژ" وێنەی ژن



**سپێدە ساڵحی**

لە ناو گەرمەی جۆش و خرۆشی جیهانیی مۆندیال و ڕابوونەکەی ئێران و لێدان و سەرکوتکردنی خەڵک و پێشەنگایەتیی بێوێنەی ژنان بۆ ڕەوتەکە، چوار ژنی کورد لەلایەن "بی بی سی"یەوە لە لیستی ١٠٠ ژنی کاریگەریی دنیا دانران. بێگومان ئەوەی کە پێوەرەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییانە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە چین و چۆنن، بۆ من گوماناوییە و لەناو کایە و یارییەکی جیهانی سیاسیی ڕۆژئاوا و جۆرێک لە هەژموونسازی و کۆلۆنیالیزمی میدیایی و کولتووریدا دەیبینم، بەڵام لە هەمان حاڵدا دەرکەوتن و گەشانەوەی ژنان و هێزی ژنانی ئێمەشە لە ئاستێکی دیار و بەرزدا.

جارێک لە وتووێژێکدا لە ئەنجێلینا جولی؛ ئەکتەر و ئەستێرەی درەوشاوەی هۆلیوود لە میانەی پێدانی خەڵات و ڕێزلێنانێکدا دەپرسن چ هەستێکتان هەیە؟ ئەو وەڵامەی کە بەڕێزیان خستیانە ڕوو، جێی تێڕامان و شایستەی ڕێز بوو کە گوتی، "من لە فەزایەکی هونەریدا گەورە بووم، هەم باوکم و هەم دایکم سەربە دنیای هونەر بوون، هیچ کەموکورتییەکم نەبووە و لە ڕووی ڕووخسار و ڕواڵەتیشەوە، هێندە پەسەند دەکرام کە هیچ لەمپەرێکی ئەوتۆم لە بەردەم سەرکەوتنەکانی خۆمدا نەبینیوەتەوە. ئێستە ئێوە بهێننە پێش چاوی خۆتان من چ هونەرێکم هەیە، کاتێک کەسانێک لە ئەفریقا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، کە توانایان بە ئاستی من هەیە و نەگەیشتوون بە هیچ کوێش".

ڕەنگە ئەمە کایەیەکی هونەری و میدیایی ئەکتەرێکی ناودار بێت کە لە ناو ئەو دنیایەی گەشەی کردووە و باڵی بەسەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەروونیدا کێشاوە، پێی ڕاهاتبێت، بەڵام بەدەر نییە لە ڕاستییەکی درەوشاوە و بەهایەکی ئەخلاقیی بەرز، خودی ئەم گێڕانەوەیە دەرخەری ئەو دۆخە سەختەی بەردەمی ژنان و کچانی ئێمەن، تا هەم لە ناو سیستمێکی خۆپەرستانەی پیاوسالاری و هەم لە ناو ئەخلاقێکی کۆنباو و بەرتەسکدا، هەوڵ بدەن و شایستەیی و تواناییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

لە مێژووی دوور و نزیکی ئێمەدا، ژنانێکی دیار و درەوشاوە دەرکەوتوون کە ئەگەرچی لەناو کەشێکی پیاوسالارانەدا بوون، بەڵام توانایی و شایستەیی بێوێنەیان خستووەتە ڕوو کە بۆ هەموو سەردەمەکان جێی یادکردنەوە و ڕێزە، ڕەنگە عادیلە خانم یەکێک بێت لەوانە کە هەم خاکی نیشتمانی خۆش ویست و هەمیش لە پێناویدا خەباتی کرد، عادیلە خانم (١٨٥٩-١٩٢٤) ژنی خاوەن دەسەڵات و ژیری هۆزی جاف و هاوسەری عوسمان پاشای جاف، کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕان، دایکی دوو شاعیری گەورەی گەلەکەمان ئەحمەد موختار بەگ و تاهیر بەگی جاف بووە، ئینگلیزییەکان پێیان گوتووە شاژنی بێ تاجی شارەزوور، هەر ئەم چەند ڕستەیە بەسە بۆ ناساندنی جێگە و پێگەی درەوشاوەی کەڵەژنێکی کورد کە لە ناو دنیایەکی خێڵەکی و پیاوسالاردا، ئاوەها پلە و شکۆیەکی نواندووە.

لەیلا قاسمیش یەکێک لەو ناوە دیارانەیە کە ئێستە بووە بە هێمای خەباتی نەتەوەیی و خوێندکاریی نوێمان، ئەو لەدایکبووی خانەقینە لە ١٩٥٢ و لە ١٩٧٤ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهید کراوە، لە ١٩٧٠ پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پاش دەستپێکردنی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤ لە کوردستان، لەیلا لەگەڵ هاوڕێکانی واتە جەواد، حەسەن، نەریمان و ئازاد لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد، خەبات و چالاکییەکی فراوانی ئەنجام دا و لە ٢٩ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، لە ژێر تاوانی چالاکیی سیاسی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەگیرێت و ماوەیەک لە گرتووخانەی ئەبوغرێب لە بەشی تاکەکەسیی دەبێت، بەڵام بەو هەموو پاڵەپەستۆ و ئەشکەنجەدانەوە، ددانی بە هیچ نەنا و ناوی ئەندامانی حزبی ئاشکرا نەکرد، دواتر ڕژێمی فاشیی بەعس لەیلا و هەر چوار هاوڕێکەی لە سێدارە دا.

ئەم دوو نموونەیە سەرچەشن و پەتێرنی ژنان و تەنانەت پیاوانی ئێمەشن لە مێژووی دوو سەدەی ڕابردوومان‌دا، دەبینین چۆن لە ناو ئاسمانی تاریکی سەردەمی خۆیاندا، وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار درەوشانەوە و بۆ تاهەتایە لە زەین و زاکیرەماندا جێیان خۆش کرد. دیارە نموونەی دیکە هەن و من ئەمەم تەنیا وەک دوو نموونەی دیار هێنایەوە، ئێستە و لە سەردەمی ئێستەماندا ژنان و کچانی خوێنەویست و تێکۆشەر و ژیر، زۆرن و بێگومان ئەمەی کە "بی بی سی" چوار کەسی لە باشوور و ڕۆژهەڵات خستووەتە ناو لیستی ژنانی کاریگەرەوە، بەو مانایە نییە کە ژنان و کچانی کاریگەر و شکۆمەندی تر لە کوردستان بوونیان نییە، بەڵکو نیشانەی ڕێزلێنانێکی بچووکی ڕەمزی و بگرە سیاسی و هەلپەرەستانەش بێت لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

درەوشانەوەی ڕۆحی ژنانەی کۆمەڵگەی کوردی، ژنانێک بە درێژایی سەدەی بیستەم سەرەڕای ئەوەی کە لە ژێر بۆردمانی فڕۆکە و تۆپ و تانکدا بوون، پەروەردەکاری پیاوانی داهاتوو و منداڵانی دوارۆژ بوون و خزمەتکاری کۆمەڵگەیەک بوون کە لە پانتای سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەموو مافێکی ئینسانیی داڵقووت و حەپەلوو کراوە، ژن هاوکات لەگەڵ فڕۆکە و ئەم ماندووبوونە، دەبوو لەگەڵ ڕۆح و نەریتی زاڵمانەی پیاوساریشدا هەڵبکات و لە ململانێدا بێت، ئەوان لە ئاوەها بەرەگەلێکی شەڕدا باڵایان کردووە و هاتوون، ئێستە ئەم چوار کەسە بۆ ئێمە نموونەی ڕێزلێنانن لە خۆمان، لە توانا و هەڵکەوتوویی ژن لەو دۆخە سەخت و ناهەموارەدا.

وەک لە هەواڵەکاندا هاتووە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بی بی سی لیستی ١٠٠ ژنی کاریگەری لە سەرانسەری دنیا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ئاشکرا کرد. لە ناویاندا گۆرانیبێژی بەناوبانگی جیهانی؛ بێلی ئایلش، خانمی یەکەمی ئۆکرانیا؛ ئۆلینا زێلێنسکا ئەکتەری بەناوبانگ؛ پریانکا چۆپرا و چوار ژنی کورد هەن کە ئەمانەن:

١- زارا محەممەدی، مامۆستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زارا محەممەدی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی بنکەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نۆژین، زیاتر لە 10 ساڵە کاتی خۆی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە شاری سنە تەرخان کردووە. بەڵام کۆماری ئیسلامی زارای بە "پێکهێنانی گرووپ بە ئامانجی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" تۆمەتبار کرد و حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

٢- ڕۆیا پیرایی، چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کاتێک دایکی ڕۆیای تەمەن ٦٢ ساڵ لە شاری کرماشان سەرقاڵی نارەزایەتی دەربڕین بوو، لەلایەن هێزە تەناهییەکانی کۆمارەوە تەقەی لێ کرا و کوژرا. ڕۆیا بە سەری تاشراوەوە لە تەنیشت گۆڕی دایکی وەستابوو و قژە براوەکەی بە دەستەکانیەوە گرتبوو و بە شکۆ و سەربڵندی و "نا"یەکی گەورە لە چاوانی دا، چاوی لە کامێراکە دەکرد. ڕۆیا لەگەڵ ئیمانۆیل ماکرۆندا دانیشتنی هەبووە، تاک بتوانێت جۆرێک پشتیوانی بۆ نارەزایەتییە بەردەوامەکان لە ئێران، بە پێشەنگایەتیی ژنان و ڕاکێشەریی ئیرادەی گشتیی مسۆگەر بکات. ئەو ئێستە یەکێک لەو ڕووخسارانەیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراوە و پاش پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان لە ئێران، بوو بە مانشێت و سەردێڕی زۆر لە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکانی دنیا.

٣- ڕۆزا سالح، سیاسەتوان لە باشووری کوردستانەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢، ڕۆزا ساڵح بووە یەکەم پەنابەر کە بۆ ئەنجوومەنی شارۆکەی گلاسکۆ هەڵبژێرا، دوای ئەوەی لە تەمەنی کچێکی گەنجدا گەیشتە سکۆتلەند. ڕۆزا ساڵح خەڵکی باشووری کوردستانە، ئەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (سۆلیداریتی سکۆتلەندە لەگەڵ کوردستان)، وەک چالاکێکی مافی مرۆڤ سەردانی باکوری کوردستانی کردووە.

٤- نیگار مارف، پەرستیار لە باشووری کوردستانەوە

کار و چالاکییەکانی نیگار مارف لە باشووری کوردستان، بریتین لە چارەسەرکردنی ئەو ژنانەی کە خۆیان سووتاندووە، نیگار نزیکەی ٢٥ ساڵە لە نەخۆشخانەکاندا کار دەکات، چ لە بواری سووتانی منداڵان و چ لە چاودێریکردنی چڕوپڕیاندا. هەروەها لە بەشی نەخۆشخانەکەیدا چارەسەری ئەو نەخۆشانە دەکات کە بە ڕێکەوت تووشی سووتان بوون.

شایستەیە ئەم ڕووداوە بقۆزینەوە و توانا و هەڵکەوتوویی ئەم چوار کەسە لە ڕۆژهەڵات و باشوور ریز لێ بگرین، وەک سەرچەشن و نموونەیەک بۆ نەوەکانمان بیانناسێنین، لە ئاستی ستایشی ڕەمزی بۆ بوونی پڕ توانایی و ئینسانییان بڵێین "ژ" وەک ژن، "ز" وەک زارا و "ڕ" وەک ڕۆزا و ڕۆیا و... لەلای خۆمەوە پیرۆزبایی بە ئەم چوار خانمە و سەرجەم خانمانی چالاکی کوردستان دەڵێم و دووپاتی دەکەمەوە، ئیرادە و توانایییەکانی ژنان و کچانی ئێمە زۆر لەوە بەرزترن کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بتوانێ ڕێزیان لێ بگرێت و لێیان تێبگات.

پیرۆز بێت و ئەم کاروانە پڕ ڕێبوار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا و ڕۆڵی ژنان




**سولماز دوروودی**

شۆڕشی ژینا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بە کوژرانی ژینا بە دەستی پارێزەرانی یاسای دژە ژن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە پشت بەستن بە ئەزموونی ساڵها خەبات بەرانبەر بە سەرکوت و بێمافکردنی ژنان بە دەستی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەستی پێ کرد. ژنان لە جوگرافیای ئێران ساڵهایە لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن و بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرێن. ژنان لە کوردستان تەنها لەبەر ڕەگەزیان تووشی هەڵاواردن نەبوون و بەڵکوو بەردەوام تووشی ستەمی نەتەوەییش بوون. ژنانی کورد تەنها وەکوو ژن مافیان نەخوراوە و فاکتۆری دیکەش کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژندا هەیە، دەوری بەرچاویان لەسەر دۆخی ژیان و خەباتی ژنان هەیە. بۆ نموونە لە نەتەوەی ژێردەست بوون، لە چینی هەژار یان دەوڵەمەند بوون، تەمەن، دۆخی تەندروستی، خاوەنی ئایینێکی دیاریکراو بوون یان بێ ئایین بوون، ئەندامی کۆمەڵگەیەکی کەمینە بوون (بۆ نموونە کۆمەڵی پەلکەزێڕینە) و زۆر شتی دیکە هەموویان شوێندانەرن و پێکەوە دۆخی کەسەکە دیاری دەکەن.

بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو خەباتە هەمیشەییە بەرانبەر بە هەموو ئەو زوڵمانە و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی ژنان و ئاشنابوونی زیاتریان بە مافەکانیان، هەر ڕۆژی ناشتنی ژینا لە گۆڕستانی ئایچی ژنان هاتنە ڕیزی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشەوەی خەباتەوە و بێدەنگیان شکاند و بە دروشمی ژن ژیان ئازادی لەچکەکانیان فڕێ دا و هەر ئەو بێدەنگی شکاندنە بووە بە چەخماخەیەک بۆ تەقینەوەی نارەزایەتییەکانی هەموو چین و توێژەکان و هەموو ستەملێکراوەکان. لە ڕاستیدا ژنان و برازڤەکەیان بوونە چرای ڕێنوێنی ئەم شۆڕشە بە هەموو پێکهاتە و داخوازی و چین و توێژەکانییەوە کە بۆ مافخوازی هاتوونەتە مەیدان. بوونی ژنان بە ویستی پێشکەوتووەوە کاریگەری لەسەر ڕادیکاڵیزەبوونی ناوەڕۆکی شۆڕشەکە و دروشمەکانی و داواکارییەکانی دانا، بۆیە زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ڕاپەڕینی ئەم جارە شۆڕشێکی فێمینیستییە.

ئەگەر لەم شۆڕشە یان هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا لایەنەکان و تاکەکانی بەشدار تەنها هەوڵەکەیان ئەوە بێت کە ببنە خاوەنی دروشمەکان و ناویان دەرکەوێ و نەتوانن لەگەڵ ناوەڕۆک و ناوئاخنی شۆڕشەکەدا بێنەوە و هەوڵ بۆ ڕادیکاڵ کردنەوە و پێشکەوتوترکردنی ئاخێزەکە و دروشمەکانی بدەن لە کۆتاییدا هەم شۆڕشەکە لەبار دەچێ و هەم تاک و لایەنەکان قازانجێکی لێ ناکەن. نابێ بیرمان بچێ هیچ کەس بە بیری پیاوەمەزنی ناتوانێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەو شۆڕشە چونکە دروشم و خواستەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ فیکری ئەو کەسانە نایەتەوە کە هەڵگری بیری چەقبەستووی باوک/پیاوسالار بن. لە ڕاستیدا هەر تاک و لایەنێک هەوڵ بۆ خۆ بە خاوەنکردن و داگیرکردنی شۆڕشەکە بدا دەریدەخا کە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستەمی باوک/پیاوسالارە چونکە لەو سیستەمە بەردەوام هەوڵ بۆ بە موڵکردنی کەس یان شت دەدرێ. تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی دروشمەکە یەکەمین هەنگاوە کە هەموو تاک و لایەنەکان دەبێ هەڵیگرن.

ئەم شۆڕشە بزووتنەوەیەکی گشتگیرە و ژنانێک دەتوانن چالاک و کارامە و شوێندانەر تێیدا دەرکەون کە خاوەنی هزر، جەستە و بڕیاری خۆیان بن و بیسەلمێنن و بۆیان بسەلمێندرێ کە هەڵگری ئەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگای باوکسالار بە درێژایی مێژوو بۆیانی دیاری کردووە، نین. هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو پێویستی بە وزەی گشت تاکەکانی هەیە و تاکی کۆیلە و ژێردەستە ناتوانێ لە خزمەت کۆمەڵگەکەیدا بێ. ئەم شۆڕشە هەوڵێکی هەمەلایەنەیە، بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆر و حکوومەتێک کە مافی مرۆڤ بە تایبەت ژن و کەمینەکانی هیچ کات نەپاراستووە، حکوومەتێک کە تا سەر ئێسقان هەڵگری بیری پیاوەمەزنی دژە مافی مرۆڤ بووە.ئەرکی یەکسانیخوازان و هەموو مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکانە کە پارێزگاری لە ناوەڕۆکی فێمینیستی شۆڕشەکە بکەن و هەوڵی بەهێزکردنی بدەن. نابێ ڕێگە بدرێ لە ژێر هیچ پاساوێکدا پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا وەکوو مافی ژنان پەراوێز بخرێن.

کاتێک تەماشای ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە و دروشمەکان و گۆڕانکارییەکان لە سەرەتای ئاخێزەکە تا ئەمڕۆ دەکەین هەموو شتێک وا نیشان دەدات کە شۆڕشی ژینا لە بواری یەکسانیخوازییەوە وەکوو زۆر بواری دیکە پڕ دەسکەوت بووە و هەر لەم ماوە کورت و پڕ ئازار و قوربانییەدا هەوڵی جددی بۆ گۆڕانکاری لە نۆرم و کولتووری زاڵی نایەکسان دراوە. بۆ نموونە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چلەی ژینا کاتێک لە سەقز کچان و کوڕان دەست لەناو دەست یەکتر بەشدار بوون هیچ کەس وەک جاران رەخنەی لێ نەگرتوون و بەریان پێ نەگرتوون. زۆرێک لە ژنانی ڕۆژهەڵات هەست بەو ترسە هەمیشەییە لە دەرەوەی ماڵەکانیان ناکەن و ئەمە دەکرێ بە سەرەتای شۆڕشێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێ.

ژنان لەم ئاخێزە هاوکات لەگەڵ بەشدارییان لە شۆڕش لە دژی حکوومەتی دیکتاتۆر و داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو نوێنەری بیر دواکەوتوو و دژە ژن، شەڕیان لەگەڵ سیستمی پیاو/باوکسالار کردووە کە مێژووەکەی لە حکوومەتی ئێران کۆنترە. بیرمان نەچێت کە هاوکات لەگەڵ هەوڵ بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆری فاشیستی داگیرکەر دەکرێ و دەبێ پێکەوە و بە هەوڵی بەردەوامی هەموو یەکسانیخوازەکان و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یەکسانی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان هەیە، پەرەپێدەری شۆڕشێکی فیکریش بین بۆ دانانی بناغەی کۆمەڵگایەکی تەندرووست و یەکسان کە مافی هەمووان تیایدا پارێزراو بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حکومەتی ئیسلامی وەک هێزێکی داگیرکەر لە کوردستاندا هەڵسوکەوت دەکات.



**سایتی پەیام**

سێ مانگ بەسەر بزوتنەوەی گەورە و شکۆداری خەڵکی ئێران لەدژی بەربەریەت و توندوتیژی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی دوای قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی دا تێدەپەڕێت. چەخماخەی ئاخێزی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران لە کوردستانەوە لێدرا و خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردودا هەروا پێشەنگ و پەیگیری ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە بوون. بەڵام لە هەمانکاتدا لەم ماوەیەدا کوردستانی شۆڕشگێڕ لەژێر توندترین گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. لە جەریانی ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانە کە لە ئارادایە، تا ئێستا ١٢٠ کەس لە خەڵکی کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کوژراون. لەنێو کوژراوەکاندا ناوی ٥ ژن و هەروەها ١١ منداڵ بەرچاو دەکەوێ کە هەشت کەسیان لەژێر تەمەنی ١٦ ساڵیدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەدان کەس بریندار و بە هەزاران کەسیش دەستبەسەر کراون. توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی خەڵکی کوردستان باروودۆخێکە کە ٤٣ ساڵە لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا پەیڕەو دەکرێت. ڕژیمی ئیسلامی لە سەرەتای دروست بوونەیەوە، لە کوردستان وەک هێزێکی داگیرکەر جوڵاوەتەوە. خومەینی فەرمانی جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و چوار دەیە داگیرکاری نیزامی، گرتن و ئەشکەنجەدان، ئێعدام و تیرۆ، دوای ئەو فەرمانە جەنایەتکارانەی سەرانی حکومەتی ئیسلامی بەشی خەڵکی کوردستان بووە.

خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامیەوە ماهیەتی کۆنەپەرستانەی ئەویان بەدروستی ناسی و لە ڕیفراندۆمێکی درۆینەی" ئەرێ یان نا" بۆ کۆماری ئیسلامی، بە بایکۆتی یەکگروانەی ڕیفراندۆمەکە وڵامێکی" نا"ی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەوەرەیان بە کۆنەپەرستی ئیسلامی دایەوە.

چوار دەیە خۆڕاگری جەماوەری لە بەرانبەر ڕژیمی ئیسلامیدا، ڕادەی دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامیلەگەڵ خەڵکی کوردستانی گەیاندە لوتکە. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی چاوپۆشی لە ئەنجامدانی هیچجەنایەت و پیلانێک لە کوردستان نەکردوە و بەم حاڵەشەوە بەرەو ڕووی شکست و ناکامی بۆتەوە.

بەڵام نەفرەت و تووڕەیی ئێستای حاکمیەت لە خەڵکی کوردساتن دوای قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی ئاستێکی بەرینتری بەخۆیەوە گرتوە. نارەزایەتی بەرین لە سەقز و لە کوردستان بۆ یەکەم جار ئاوێتەی شەپۆلێکی بەرین لە نارەزایەتی و مانگرتنی سەراسەری بوو. پیلانی دووبەرەکی نانەوەی حاکمیەت لە ماوەیەکی کورتدا پوچەڵ کرایەوە و خەڵک لە سەرتاسەری ئێران، سەرەرای هەر جیاوازیەکی زمانی، مەزهەبی، نەتەوەیی، عەقیدەتی و بیروبۆچوون لە بەرانبەر ڕژیمی ئیسلامیدا وێستانەوە.

حاکمانی ئیسلامی و ئیستراتیژیستە نیزامی– ئەمنیەتیەکانی ڕژیم خۆراگری کوردستانیان بە هۆکاری نارەزایەتی سەرتاسەری زانی. توندوتیژی لە کوردستان گەیشتە ئاستێک کە تەنانەت لە نیزامێکی ئیستبدادی و فاشیستی وەک کۆماری ئیسلامیش چاوەڕوان نەدەکرا. گەمارۆدانی شارەکان، بەرگرتن لە هێنان و بردنی کالا، دامەزراندنی بە دەیان بازگەی پشکنینی نێوان شاری، بەشێکی دیکەیە لە دەستپێکی قۆناغێکی تر لە جەنایەت لە کوردستان.

هێنانی بە دەیان هەزار هێزی نیزامی و ئەمنیەتی تازە بۆ کوردستان، بۆمباران و تۆپبارانی ئەحزابی سیاسی و خەڵکی بێ دیفاع لە هەرێمی کوردستان، هەڕەشە کردن لە ناوەندەکانی پزیشکی و دەرمانی بۆ ناساندنی بریندارەکان و خۆ پاراستن لە دەرمان کردنی بریندارەکان بەشێکی دیکە لە نەخشە و پلانی ڕژیمە لە کوردستان.

٤٣ ساڵ داگیرکاری نیزامی و میلیتاریزە کردنی کوردستان ئیرادەی خەڵکی کوردستانی بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری تێنەشکاند. شەپۆلی نوێی داگیرکاری ڕژیمی ئیسلامی لە کوردستان بە دروشمی کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان وەڵامدرایەوە. خەڵکی کوردستان ئەزمونی زیاتر لە چوار دەیە خەبات و خۆڕاگرییان لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هەیە، و بە خەبات و تێکۆشانی یەکگرتوانەیان بزماری کۆتایی لە تابوتی ئەم نیزامە کۆنەپەرستە مەزهەبیە ئەدەن.

سەرچاوە: سایتی پەیام - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا پارانەوە هەڵناگرێ بەشی یەک (١) و (٢)



برایم جەهانگیری

لە شۆڕشی ژینا دا کورد تا ئێستا ئەوەی توانیوێ بێ هیچ ئیدیعایەک کردوویە و هەقی خۆشی بووە، ئەو خەمی ئازادی نیشتمانی لەبەر بوو، خەمی ڕزگاری لە چنگ بێدادییەکی ٤٠ ساڵەی دەخوارد، خەڵک لە شارەکان، لاوان، کچان وکوڕانی نیشتمان، ژنان وپیاوانی ئازا، قوتابیان، مامۆستایان، مامۆستایانی ئایینی و هاوکات حیزبەکانیان لە ناوەندی هاوکاری و لە دەرەوەی ناوەندیش ئەوەی توانیان کردیان و لە شۆڕشی ژینا دا درێغیان نەکرد، هەم هەڵویستی سیاسیان دروست بوو هەم بەرخۆدان وڕاپەڕینی قارەمانانەیان دروست بووە.

ئەوانەی ئەورۆ بە شل بوونەوە و خاوبوونەوەی ئەو شۆڕشە کەوتوونە خۆ کۆتان، خۆ خەتابارکردن، پارانەوە و لاڵانەوە هەرگیز نە دەزانن شۆڕش چیە و نە دەزانن شۆڕشگێربوون چ ڕووحیانتێکی هەیە و چ ئەرکێکی لەسەر شانە. ئاخر تۆ چون دەتەوهەوێ لە ژێردەستەیی ئەو ڕێژیمە فاشیستیە قوتارت بێ و نەجاتت بێ و بەئازادی بگەی و چاوەڕێ بێ نەکوژرێی و نەگیرێی و شکەنجە وئیعدام نەکرێی؟!

ئێوە لەوان گەڕێ، ڕێگە ونەخشەیان بۆ دامەرێژن، مەڵێ دەبوو وایان کرداب وایان نەکردبا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەقەتی نالۆژیک ونادڵسۆزانە دەدوێ نەدوێ باشترە !ئەمن زۆر یەکملەو خەڵکە لەوە خاترجەمین ئەوانەی سنگیان بە گوللەوە دەنا سوور دەیانزانی گوللە بۆ گاڵتە پێکردن نابێ، ئەوانەی لە بەر چاوی خۆیان هاوڕێ و هاوشاری و کەسوو کاریان ئەوڕۆ وبەر گوللە دەدراو خەڵتانی خوێن دەبوو و سبەی دوبارە دەرژانە سەرشەقام و ئەوانیش دەبوونە قوچی قوربانی ئازادی وسەرفرازی سوور دەیانزانی کە ئەو شۆڕشە قوربانی دەوێ ئەو ئازادیە خوێنی دەوێ، وەنەبێ بێ ئاگا بووبن و وەنەبێ سادە و ساکار دەداوی ئەم و ئە کەتبن!

تکایە کە باسی ئەو خەڵکە دەکەن بە پارێزەوە قسە بکەن، ئەوان فریو خواردوو نەبوون، ئەوان سادەو ساکار نەبوون، ئەوان ڕابەری شۆڕشێکی نوێی دژی فاشیست و دڕندەی وەک ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بوون، تۆ دەبێ تۆزێ بە پارێزەوە لەو شۆڕشەو لە قوربانیەکانی بنواڕێ ، مەگەر قسەی دایک وباوک وبرای شەهیدانت لەبیر چۆتەوە! دەی چۆن لە ڕووت هەڵدێ لە جیاتی ئەوان بڕیارێ بە پێچەوانە بدەی و شرۆڤەی هەستەکی بۆ ئەو شۆڕشە بە هەبەت وگەورە گرانە بکەی کە بە دڵنیاییەوە کۆڵەکەسەرەکیەکانی ڕێژیمی سمیوە!

تکایە ئەگەر نازانی و توانای هەڵسەنگاندنی واقعی ئە شۆڕشەت نیە بەسووکی سەیری قارەکانەکانمان مەکە، بە نێوی دڵسۆزی بۆ لاوەکان ئەگەرچی لە ناخی دڵێشیەوە تۆش و هەمووشمان خەمبارین بەڵام ناکرێ لە دیدی کەسانێکەوە چاو لە وان بکەین کە ژیانیان لە پارە پەیداکردن و خۆش گوزەرانی و ڕابواردنی ئاسایی دا کورت کردۆتەوە. شەهیدان سەرقافڵەی شۆڕشێکی نوێن بە ناوی شۆڕشی ژینا کە تا لە گۆڕ نانی فاشیزم ناوەستێ.

شۆڕشی ژینا پارانەوە هەڵناگرێ بەشی ٢

لە بەشی یەکەم دا باسی ئەوەم کرد کە لە شۆڕشی ژینا دا کورد وهێزە سیاسیەکانی لە شۆڕشی ژینا دا بە سەر بلێندییەوە ئەرکی خۆیان بە جێ گەیاند، سروشتیە شۆڕشێکیش دژی فاشیزم هەلگیرسێ خوێن و قوربانی دانی دەوێ و کوردیش کەمی قوربانی نەداوە.

حیزبەکان دەوری کارا و دروستیان لەو شۆڕشە دا گێڕا چ وەک ناوەندی هاوکاری و چ وەک ئەو هێز و لایەنانەی دەرەوەی ناوەندی هاوکاری، ئەوان بە گشتی تەنانەت لە خواستی سەرەکی خۆیان لەو ماوەیە دا گوزەران و باسیان لێ نەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی ڕیزی یەکگرتووی خەبات و ڕاپەڕین دژی فاشیزم بەلاڕێدا نەبرێ و داگیرکەر بۆ دووبەرەکی و چەند بەرەکی نانەوە کەڵکی نابەجێی لێوەر نەگرێ، هەر بۆیە کورد بە گشتی بە خەڵک و بە هێزە سیاسیەکانییەوە هەم ئەرکی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەجێ گەیاند و هەمیش دروستیان هەڵوێیست گرت.

لە بەرامبەر ئەو واقعیەت وراستیە دا لە ناوەند و لە بەشەکانی دیکە دا جگە لە بلوچستان نە لەقەدەر کوردستان لە ڕاپەڕینەکەدا دەرکەوتن ونە رێکخراو و هیزە سیاسیەکانیان ئەوەی لە سەر شانیان بوو بە ئەنجامیان گەیاند و لە ڕاستی دا ئەرکی مێژوویی خۆیان لەبیر کرد.

## رەزا پەهلەوی

بە پێچەوانەی زۆر کەس کە لە خۆڕا پێی وایە کە ڕەزا پەهلەوی پێگەی ناوخۆیی نیەو خەڵکی دەگەڵ نییە من پێموایە ئەگەر خۆ لە راستی نەبوێرین رەزا پەهلەوی چ وەک خۆی و چ وەک سەلتەنەت خوازەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو خەڵکیان دەگەڵە. بەڵام بە داخەوە ڕەزا پەهلەوی خۆی لەو ئاستە دا دەرنەوکەت کە خەڵکانی خۆی چاەڕوانیان لێی هەبوو، ڕەزا پەهلەوی زیاتر لە ژێر کارتێکەری تەیفێکی سەرمایەدار و دەسترۆیشتوو و کۆمەڵێ خەڵکی کۆنەپارێز کە بە بیری ٤٠-٥٠ ساڵ لەمەو بەر لە کۆمەڵگای ئێران دەڕوانن و نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن لێدوان دەدات و ئەگەرچی جار جارە دەیهەوێ وا بنوێنێ کە دێمۆکڕاتەو باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دێمۆکڕاسی هەیە بەڵام لە نێوئاخنی وتەو لێدوانەکانی دا بۆت دەردەکەوێ کە هێشتا بیری لە کۆت و بەندی رەگەز پەرەستی ڕزگار نەکردووە و بەهەمان ئەدەبیات و بە هەمان ڕوانگەوە بە تایبەتی لە گەلانی نیشتەجێی ئێران دەڕوانن.

رەزا پەهلەوی لەباری سیاسییەوە نیشانی داوە کە کەسێکی کارا و بە برشت نیە و هێشتا زۆر کاڵ وکرچە و ناتوانێ ئەوە ی ئیدیعای دەکا بیکاتە ئەمری واقع و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدەوری یەک کۆ کاتەوە و دژ بە ڕێژیمی ئاخوندی کەڵک لە هەموو پوتانسیەلەکان وەرگرێ.

لە دوا تویتی دا کە بانگاوازی دووبارە بوو بۆ پێکەوە کار کردن ئەو بە ئاشکرا خۆی لە ناوهێنانی حیزبەکان بوارد جا چ موجاهیدن یان چەپەکان یان حیزبە کوردیەکان بێ، ئەوەش نیشان دەدا کە ناوبراو هێشتا لەو زەمینە دا و لە بەستێنی رێکخەری هێزەسیاسیەکان دا دژی فاشیزمی مەزهەبی ئێران رێگایەکی دوور و درێژی لەبەرە مەگەر لە ناو دەروونی خۆی دا و لە ناو بیر وهزری خۆی دا شۆڕشێک لە سەر بنەمای واقعیەتەکان بەرپا بکا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## موجاهیدنی خەڵک

دووهەم هێزی کاریگەر و دیاری سەر گۆڕەپانی خەباتی سەرتاسەری ئێران موجاهیدینی خەڵکە، ( من ئەووی دیارە و دەبینرێ باسی لێدەکەم و لە چەندایەتی و چۆنایەتی خەڵکی هیچیان جارێ نازانم) موجاهیدین و سەلتەنەت تەڵەب جارێ چەند خۆیان بە دژبەری ڕێژیمی فاشیستی مەزهەبی دەزانن دوو ئەوەندە وبگرە زیاتریش دژ بەری یەکترین، ئەوە خۆی گرفتی گەورەی پێک هێنانی بەرەیەکی سەرتاسەریە کە دەیتوانێ ئەو ڕێژیمە دەگەڵ گرفتی زۆر جیدیتر بەرەو ڕوو کاتەوە و خەڵکیش بە ڕووحیەیەکی باشتر و یەکگرتووتر لەو ڕاپەرینە دابەشداریان کردبایە .بەداخەوە موجاهیدنیش وەک سەلتەنەت تەڵەبەکان لە جەغزی بیرکردنەوەی چەندین ساڵ لەمەوبەر دا خول دەخۆن و ئامادە نین خۆیان دەگەڵ گۆڕانکاریە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا و جیهانیش بگونجێنن و ئیتر ئەوە دەبینین ئەو حکوومەتە لە سەرتاسەری ئێران دا نە جێگرەوە و ئالتر ناتیوی هەیە و نە ئۆپۆزسیونێکی یەکدەست وبە بەرنامە وهۆکاری مانەوەشی لە چەند ساڵ لەمەووبەرەوە هەر ئەو پەرت وپەرەوازەییەیە کە دەیبینین. کەنگێ ئەو هێزانە وەخەبەر دێن یان هیزی دیکە دەتوانێ سەرهەڵبدا و ببێ بە قسەیەک و دەنگێک لە ئێران دا بۆ نمونە کەسانی وەک مەسیحی عەلینژاد و حامیدی ئیسماعیلیون کە حامید هەر سیاسیی نیە و بەسەر هەلوومەرجێک دا کەوتووە و لە داخی منداڵەکانی کە لە فرۆکە ئۆکراینییەکە دا گیانیان لە دەست دا، بەڵام تیمێکی باشی لە دەرەوەی وڵات لە خۆ کۆ کردۆتەوە و لە سازدانی خۆپێشاندان و ئاکسیۆن لە دەرەوەی وڵات جێگە پەنجەی دیارە.

کە وایە بەو ئاکامە دەگەین کە هەتا ئێرە کورد وهێزە سیاسیەکانیان ئەرکی مێژووی خۆیان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی دیکتاتۆڕ و خوێنرێژی ئیسلامی ئێران بەجێ گەیاندووە و ئەوە هێزە ناوەندگەراکان و سەرتاسەریەکانن کە دوای ٤٠ ساڵ نەیانتوانیوە کۆدەنگییەک لانی کەم بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە ساز بکەن و باسی دیکە بێلنەوە بۆ دوای ڕووخان و پشت بە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک ببەستن بۆ جۆری حکوومەت و شێوازی بەڕیوەبردنی وڵات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سێ مانگ خۆپیشاندانو ناڕەزایی لەئێران
# توندوتیژیی دەسەڵات شەقامەکان بێدەنگ ناکات




**هاوڵاتی**

سی مانگە سەرەڕای سزای سێدارەو کوشتنی گەنجان لەشەقام و لەژێر ئەشکەنجەدا شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەئاست دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبون و بەشەوو ڕۆژو بەشێوازی جیاواز سەرجەم چین و تووێژەکان بەردەوامن لەدەربڕینی ناڕەزایەتیی.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران مێژووی ٤٣ ساڵەی لەسێدارەدانی وایکردووە ببێتە یەکەم وڵاتی جیهان لە رووی جێبەجێکردنی ئەوە سزایەوەو نەتەوەیەکگرتوەکانیش لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە لەساڵی ١٩٧٨ تائێستا زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسی دانیشتوی ئێران بەپەتی سێدارەی دەسەڵات کۆتایی بەژیانیان هێنراوە.

لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لانیکەم سزای سێدارە ٥٠ خۆپیشاندەر دەگرێتەوەو لەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژمارەیەش ٢٦ کەسیان لەقۆناغی یەکەمی دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سزای سێدارەیان بەسەردا سەپێنراوەو لەو ژمارەیەش لانیکەم ١٠ کەسیان کوردن.

سەرەڕای ئەوەی لەماوەی کەمتر لەچوار رۆژدا دوو گەنجی دەستگیرکراوی خۆپیشاندانەکانی مەشهەدو تاران لەسێدارەدران بەڵام شەقام و نارەزایەتییەکان دانەمرکاونەتەوە و تەنانەت سەرکردەکانی ریفۆرمخوازان دوای ماوەیەکی زۆر لەبێدەنگی بەئیدانەکردنی لەسێدارەدانی گەنجان ئاماژەیان بەوە کردووە دەسەڵاتی ئێران بە لەسێدارەدانی گەنجان گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت.

لەمەشهەد و تاران بەسێدارەو لەسنەو سەردەشت و شنۆ بەئەشکەنجە هەوڵی چاوترسێنکردنی خەڵکی وڵاتەکە دەدرێت، بەڵام وەک شارەزایانی کۆمەڵناسیی دەڵێن قۆناغی خەمگینی بووەتە هیواو چیتر بەو هەنگاوانە گەنجان و خەڵکی نارازیی سڵ لەهەڕەشە و تۆقاندنی دەسەڵاتی ئێران ناکەنەوە و ئەگەری هەیە ئاستی توندوتیژییەکانیش بەشێوەیەکی چاوەڕاوانەکراو زیاد بکەن.

وڵاتانی جیهان لەکاردانەوەی لەسێدارەدانی گەنجانی نارازیی ئێران پێداگرن لەوەی سنورێک بۆ پێشێلکارییەکانی دەسەڵات لەو وڵاتە دابنێن و تەنانەت وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە تارانی پایتەخت رایانگەیاند لەگەڵ ئەڵمانیا خەڵاتی هاوبەشی هەردوو وڵاتەکە بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەرووەریی یاسا دەبەخشنە ژنانی ئێران و ژینا ئەمینی کە ئەو هەنگاوەش بەهۆشداریی توندی ئەوروپا بۆ دەسەڵاتی ئێران لەقەڵەمدەدرێت بەهۆی کوشتنی گەنجان لەسەر شەقامەکان و ئەشکەنجەو سێدارە لەزیندان.

### سێدارە شەقامەکان بێدەنگ ناکات

لەگەڵ لەسێدارەدانی یەکەم گەنجی دەستگیرکراوی نارەزایەتییەکانی شاری تاران بەناوی مۆحسین شکاری لە (٨ - ١٢ - ٢٠٢٢) جارێکی دیکە خۆپیشاندان لەدەیان شەقامی پایتەخت بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستپێکردووەو تەنات سەرکردەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران سەر بەباڵی ریفۆرمخواز دوای نزیکەی ٩٠ رۆژ بێدەنگی، هۆشدارییاندایە دەسەڵات و رایانگەیاند پەتی سێدارە بزوتنەوەی جەماوەریی راناگرێت و هۆشدارییان دا ئەو سزایانە بەخواستی خامنەیی بۆ ترساندن و تۆقاندن بەکاردەهێنرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میرحسێن موسەوی، سەرکردەیەکی بزوتنەوەی سەوز لەئێران لەپەیامێکدا رایگەیاند» نە چەک و نە سێدارە بزوتنەوەی خەڵک بۆ ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان راناگرێت، شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۸ لەئێران بەمەبەستی چۆڵکردنی زیندانەکان بوونە وەک بۆ پڕکردنیان و سووتاندنیان».

هاوکات مەهدی کەڕوبی، یەکێکی دیکە لەبەرپرسانی پێشووتری کۆماری ئیسلامی ئێران لەپەیامێکدا وتی: لەسێدارەدانی یەکەم گەنجی دەستگیرکراوی نارەزایەتییەکان بەمەبەستی لەسێدارەدانی زیاتری گەنجانی نارازاییە بەخواستی دەسەڵاتخوازان، ئەو وتیشی خامنەیی بەئەنقەست بەمەبەستی لەسێدارەدانی گەنجانی نارازیی، خۆپیشاندەران بەدەستی دەرەکیی ناودەهێنێت تا بواری سەرکوتی زیاتری ئەو نارەزایەتییانە بخوڵقێنێت.

ئەگەرچی قسەی ئەو دوو بەرپرسە باڵایەی ریفۆرمخوازانیش دادی مەجید رەزا رەهنەوەرد، گەنجێکی دیکەی دەستگیرکراوی نارەزایەییەکان لەشاری مەشهەدی نەداو تەنها دوای چوار رۆژ ئەویش لەسێدارە درا، بەڵام مەرگی ئەویش نەبووەتە هۆی کپکردنی نارەزایەتییەکان دژی دەسەڵاتی ئێران.

مەجید رەزا رەهنەوەرد کەوەرزشوان بوو دوای ۲۳ رۆژ لەدەستبەسەرکردنی سزای سێدارەی بەسەردا سەپێنراو لەتاریک و روونی بەرەبەیانی دووشەممە (۱۲ - ۱۲ - ۲۰۲۲) بەبێ ئەوەی پێشوەخت کەسوکاری ئاگاداربکرێنەوە لەسێدارەدرا.

هاوکات لەگەڵ لەسێدارەدانی دووەم گەنج لەئێران، هەواڵی گیانلەدەستانی گەنجێکی دیکەی شاری رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ئەشکەنجەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەشاری سەردەشت بڵاوکرایەوە.

تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان ئاشکرایکرد شەهریار عادلی تەمەن ۲۷ ساڵ کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەنارەزایەتییەکان شاری سەردەشت دەستگیرکرابوو بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەوە گیانی لەدەستداوە.

بەپێی ئامارەکان تائێستا تەنها لەرۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم نۆ گەنج بەئەشکەنجە و ئازار لەزیندان و بنکەی ناوەندە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستداوە و بڵاوبوونەوەی ئاسەوارەکانی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی ساردوسڕی ئەو گەنجانە بووەتە مایەی تووڕەیی زیاتری خەڵک.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هەوڵی دەسەڵات بۆ خنکاندنی نارەزایەتییەکان

دوو یاسای مەترسیدارو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەکاریگەرترین هۆکاری جێبەجێکردنی سزای سێدارە لەوڵاتەکە لەقەڵەمدەدرێن بەتایبەت کە بەپێی دەستور، ڕێبەری وڵاتەکە بە راوێژ لەگەڵ دەزگای داد دەسەڵاتی تەواوی راگرتنی سزای سێدارەی هەیە.

زۆربەی ئەوانەی لەماوەی رابردوودا سزای سێدارە چاوەڕوانیان دەکات بەپێی یاساکانی (محاربة) دژایەتی خوداو (الإفساد فی الارض) سزادراون کە هەر یاساکیان دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی بێتاوانێکیش بەو مەرجەی تەنها نارەزایەتیی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕێت لەسێدارە بدرێت.

### هەڵگەڕانەوەی لە دین و ئایینی ئیسلام یا دژایەتیی خودا (ارتداد موحاربە)

بەپێی ئەم یاسایەی ئێران هەر کەسێک لەدینی ئیسلام هەڵگەڕێتەوە و سوکایەتی و تۆمەتی ناڕەوا بخاتە پاڵ (پێغەمبەری ئیسلام) و ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی گشتی دەکرێت بەپێی توندترین سزای تایبەت بەو تاوانە، لەسێدارە بدرێت کە ئەم سزایەش دەکرێت لێخۆشبوون بیگرێتەوە و تۆبەکردنیش یان بوون بەتەواب سزاکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

### (الإفساد في الآرض)

بەپێی یاسای تاوان لەئێران هەر کەسێک یان کەسانێک بەشێوەیەکی بەربڵاوو فراوان تاوانێک ئەنجامبدەن و ببنەهۆی زیانگەیاندن بەتەندروستیی گشتی و بەشداربن لەتاوانی دژە ئاسایشیی ناوخۆو دەرەوەی وڵات و بڵاوکردنەوەی درۆو تۆمەت، کێشەدروستکردن لەسیستمی ئابوریی گشتی وڵات، ئاگربەردان و وێرانکاریی ماڵ و حاڵی گشتی، بڵاوکردنەوەی ماددەی ژەهراوی و مەترسیدارو میکرۆبی و کوشندە، دروستکردنی کۆڕو کۆمەڵی تاوان و لەشفرۆشی و هاوکاریی لەتێکدانی سیستمی گشتیی وڵات، تێکدانی ئاسایش و زیانگەیاندنی بەتەندروستیی جەستەیی گشتی یان دارایی گشتی و تایبەت، یان ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و لەشفرۆشی لەئاستی بەرفراون، بەتاوانبارێکی گەندەڵکار یان (مفسد في الارض) لەقەڵەمدەدرێت و سزای سێدارە دەیگرێتەوە.

هەر بڕیارێک لەلایەن دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ جێبەجێکردنی دواقۆناغی سزای لەسێدارەدان، دەبێت لەلایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، واژۆ بکرێت و دواجار سەرۆکی دەزگای داد لەو وڵاتە بڕیاردەدات کەسزای سێدارە جێبەجێ بکرێت یان نا، لەکاتێکدا خامنەیی دەتوانێت هەموو بڕیارێکی سێدارە جگە لەسزای سێدارەی تایبەت بەکوشتنی بەئەنقەست نەبێت ڕاگرێت بەڵام ئەویش توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایەی بۆ هیچ بکوژێک نییە تەنها دەتوانێت داوای دانیشتنی دادگای پێداچوونەوە بۆ ئەو بەرپرسە باڵایانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات کەسزای سێدارەیان بەسەردا سەپێنراوە.

بەپێی یاساکانی ئێران هەر جۆرە دژایەتییەکی حکومەت و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەکرێت بخرێتە خانەی جەنگ لەگەڵ دینی ئیسلامدا، بۆیە هەر چالاکوانێکی سیاسیی کورد یان هەر نەتەوەیەکی دیکە لەئێران ئەگەر دژایەتی حکومەت و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکات یان ببێتە ئەندامی پارتێکی نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران، دەکرێت بچێتە ئەو خانەیەوە و سزای سێدارەی بەسەردا بسەپێت کەهەندێکجار دادگاکانی ئەو وڵاتە بەسوودوەرگرتن لەیاسای کوشتنی بەئەنقەست، مەرگی چەکدارانی سەر بەحکومەت و پلەدارە سەربازییەکانی ئێران دەخەنە ئەستۆی چالاکوانانی سیاسی و بەمەش سزای سێدارە بە\هیچ جۆرێک هەڵناوەشێتەوەو جێبەجێ دەکرێت.

لەئامارەکاندا دەردەکەوێت لەماوەی ٤٣ ساڵی حوکمڕانی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس لەسێدارە دراون ئەگەرچی دەزگای دادوەریی ئێران ئەو ژمارە لەجێبەجێکردنی سزای سێدارە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایانکردووە لەو ژمارەیە نزیکەی ١٠ هەزار کەسیان گوللەباران کراون یان بەگوللە کۆتایی بەژیانیان هێنراوە.

### سێ مانگ نارەزایی و خۆپیشاندان

هەر لەچوارچێوەی توندوتیژییەکانی دەسەڵاتی ئێران جگە لەئاشکرابوونی دەستدرێژیکردنە سەر زیاتر لە ١١ کچ لەزیندان و گرتووخانەکانی ئێران کە لەڕێگەی تەلەفیزیۆنی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە چالاکوانانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەبێ ناوهێنان و بڵاوکردنەوەی ناسنامەیان ئاماژەیان بەوە کردووە دەستدرێژیی سێکسی لەناوەندە ئەمنیی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامی بووەتە ئامرازێک بۆ بێدەنگکردن و بێزرێزیی بەکوڕان و کچانی ناڕازیی ئەو بەشە لەکوردستان و ژمارەیەک لەو کەسانەش بە ڕەچاوکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتیی بێدەنگیان لەئاست ئەو تاوانە کردووە کە بەرامبەریان کراوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەشارەکانی جوانرۆ، سنە، بۆکان، سەقزو کامیاران، کرماشان تاوانی دەستدرێژیی کراوەتەسەر دەیان گەنج و ئەووش نیگەرانیی زۆبەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی لێکەوتووەتەوە بەتایبەت کە ڕەنگە زۆرینەی ئەو کوڕ کچانە ئامادە نەبن ئەو تاوانەی بەرامبەریان کراوە، ئاشکرا بکەن.

شاری سنە کە لەسەرەتای نارەزایەتییەکانەوە بەمانگرتن و خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی مێژوویەکی دیکەی لەسەرهەڵدان و نارەزایەتیی تۆمارکردووە بەیەکەم شاری ناو جوگرافیای ئێران لەقەڵەمدەدرێت کە ٩٠ ڕۆژی تەواو گەنجان و کچان و پیرو لاوی بێدەنگ نەبوون لەئاست دەسەڵات و لەسەر شەقام و گۆرەپانەکان بەردەوامبون لەدەربڕینی نارەزایەتیی.

تەنها لەو شارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەدەستەخوشکی شاری سلێمانی ناودەهێنرێت ١٨ کەس لەنارەزایەتییەکاندا کوژراون کە دوو گەنجیان لەژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستداوە.

شاری سنە بەهۆی ئەو مێژووە لەنارەزایەتیی دژی دەسەڵات لەئێران هەیەتی و بەبەردەوامی ڕووبەڕووی توندترین سەرکوت و هێرش بووەتەوە، بەسنەی خوێناویی ناودەهێنرێت.

### ئامارەکانی سێ مانگ نارەزایەتیی دژی دەسەڵاتی ئێران

بەپێی ئامارەکانی مافەکانی مرۆڤ تا ٨٩ ڕۆژی نارەزایەتییەکان لانیکەم ١٢٦ کەس لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەستداوە کە نۆ کەسیان بەهۆی ئەشکەنجەو ئازار لەزینداندان و بنکەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بووەو ژمارەی دەستگیرکراوانی ئەو بەشە لەکوردستانیش شەش هەزار کەسی تێپەڕاندووەو تائێستا سزای لەسێدارەدانی ١٠ گەنجی کورد لەقۆناغی یەکەمی دادگاییەکاندا یەکلابووەتەوە.

ناوەندی مافەکانی مرۆڤی ئێران (هەرانا) بڵاویکردووەتەوە بەگشتی لەماوەی سێ مانگ نارەزایەتیی و خۆپیشاندان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زیاتر لە٤٩٠ کەس کوژراون کە ناوو ناسنامەی ئەو ژمارەیان دیارەو لەو ژمارەیەش ٦٨ کوژراویان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە و نزیکەی ٦١ ئەندامی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و پۆلیس کوژراون و سوپای پاسدارانیش دانی بەوەدا ناوە کە لەو ژمارەیە ٥١ کەسیان ئەندامی سەر بەو سوپایەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له ١٦٠ شارو شارۆچکه خۆپیشاندان و نارەزایەیی لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕێوچووە و له ١٤٣ زانکۆی وڵاتەکەش مانگرتن و نارەزایەتیی بەردەوام بوە.

بەپێی ئامارەکانی ئەو ناوەندە زیاتر له ١٨ هەزارو ٢٥٩ کەس بەهۆی نارەزایەتییەکانەوە دەستگیرکراون کەنزیکەی دوو هەزار کەسیان خوێندکاری زانکۆکان بوون.

### بەرپرسان توانای نکۆڵیان نەماوە

لەنوێترین لێدوانیدا سەرۆکی پەرلەمانی ئێران دوای لەسێدارەدانی دووەم گەنجی نارەزایەتییەکان رایگەیاند: هەندێک کێشەی وڵاتەکە لەکاتی خۆیدا چارەسەر نەکراوە و رەنگە چارەسەری ئەو کێشەیە لەئێستادا هیچ بەهاو نرخێکی نەبێت بۆیە دەبوایە لەکاتی خۆیدا کێشەکانی وڵاتەکە چارەسەر بکرانایە.

لەلایەکی دیکەوە غوڵام حسێن ئێژەی، سەرۆکی دەزگای داد لەئێران رایگەیاندووە نابێت چیتر لەپڕوپاگەندەی نەیارانی سێدارەو سزاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سڵ بکەینەوە، چونکە دۆخی وڵاتەکە لەمەترسیدایە.

ئەو داواشی لەدادوەری دادگاکان کرد کە لەژێر کاریگەریی فشارەکانی دەرەوە چاوپۆشیی لەدەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکان نەکەن و سزای پێویستی تاوانباران بدەن بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی مەترسیی گەورەتر نەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دژه ژن ترین حکومەتی دنیا لە کوموسیۆنی پێگەی ژن وەدەرنرا




**سایتی پایام**

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ ی مانگی سەرماوەز شورای ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان قەتعنامەی دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆموسیۆنی پێگەی ژنی خستە دەنگدانەوە. زۆربەی بەشدارانی دەنگیان بە دەرکرانی کۆماری ئیسلامی دا. بەم جۆرە ڕژیمی دژی ژنی ئیسلامی لەم کۆموسیۆنە وەردەر نرا. چەند دەوڵەتی ئوپورتونیستی وەک وێنزوئیلا، ڕوسیە و سوریە، کە ڕژیم لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا نەوت و پارەیەکی زۆری وەک ڕیشوە پێداون، لەدژی قەتعنامەکە دەنگیاندا. هەشت دەوڵەت کە لەگەڵ قەتعانەکە دژایەتیان کرد هەموویان لەبواری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵی ئیداریدا لەسەرەوەی جەدوەلی جیهانیدان.

گرنگی سیاسی و سیمبولێکی ئەم دەرکرانە ئابڕوبەرانەیە بۆ ژنان و پیاوانی تێکۆشەر و نارازیانی ئێران سەرکەوتن و لە ڕاستیدا دەستکەوتێک و کاردانەوەی مانگرتن و نارەزایەتی خەڵکی ئێران و بە تایبەت ژنانە. ئەم دەرکرانە بۆ حکومەتی ئیسلامیش گورزێکی قورسی سیاسی - ئەخلاقیە کە بۆ خەڵکی دنیای دەسەلمێنێ کە سیستمی ئاپارتایدی جنسیەتی ئیسلامی جێگایەکی لە دنیای مۆدێرندا نییە.

دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کموسیۆنی پێگەی ژن نیشانی ئەدات کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەم ناوەندە جیهانیە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆی چۆن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و داخوازی زۆرینەی خەڵکی وڵاتانی ئەندام لە ناکۆکی دایە. دەنا چلۆن دەکرێت وڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی لە کۆموسیۆنەکانی ژنان، مافیمرۆڤ، مافەدیموکراتیکەکان و ئازادیدا مافی ئەندام بوونی هەبێت. کۆماری ئیسلامی نەک ئەمڕۆ بەڵکو ٤٣ ساڵە کە وڵاتی ئێرانی بە بەر چاوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە کردۆتە زیندانێکی گەورە. بۆ ماوەیەکی دووردرێژ جەنایەت و پێشێل کرانی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئێران بەهۆی بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتەکانەوە نادیدە گیراوە. لەمڕۆدا دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆموسیۆنی پێگەی ژنی سازمانی ملەل نیشانی ئەدات کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵک دەتوانێ ئەم ملاحزاتە سەوداگەرانەیە تێکبشکێنێت. دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆموسیۆنی پێگەی ژن یەکەم هەنگاوی دەرکرانی نیزامی کۆنەپەرست، دەژی ژن، مندالٚ کوژە لە سەرجەم ڕێکخراو و ناوەندە نێونەتەوەییەکان. حکومەتێک کە سەرکوت لەنێوخۆدا و تیرۆریزم لەدەرەوەی وڵات سیاسەتی سەرەکیەتی، دەبێ وەک ئەفریقای باشوری پێشو لە ئاپاتاید دا بایکوت و گەمارۆی بەرینی بخرێتەسەر.

داخوازی خەڵکی ناڕازی و ستەم دیتوی ئێران داخستنی سەرجەم باڵوێزخانە و کونسولگەریەکانی کۆماری ئیسلامیە لە دەرەوەی وڵات. سفارەتخانەکانی بوونەتە ناوەندی سیخوڕی و ڕێکخستنی باندە مافیاییەکان بۆ تیرۆری نەیارانی حکومەتی ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات.

کۆماری ئیسلامی لە سەرودەمی دەنگدان کۆمەڵێک ئامرازی ژەنگگرتوی بەکار هێنا بۆ بەرگرتن لە پەسندکرانی قەتعنامەکە. لە ڕاستیدا کاربەدەستان چارە و ئیمکانێکیان بێجگە لەوەی کە خۆیان بە چەند هەودایەکی پەڕتوکاوەوە هەڵبواسن نەبوو. وەزارەتخانەی عولومی کابینەی ڕەئیسی داوای لە کۆمەڵێک مامۆستا کرد بە ناردنی ئیمەیل بۆ وڵاتان سەبارەت بە دەرکرانی ڕژێم هۆشداری بدەن. بەڵام ئەم جۆرە کەسانە کارێکیان لە دەست نایەت، کە لەنێو خوێندکارانی خۆیاندا نە تەنیا بێ نفوزن بەڵکو بێزراویشن.

ئەو دەستکەوتانەی لە ٩٠ ڕۆژ خەباتی فیداکارانە لە شۆڕشی ئازادی خوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی خەڵکدا بەدەست هاتووە بۆتە هۆی سەرکوتنی موافقانی دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆموسیۆنی پێگەی ژن. لەم پێوەندیەدا دەوری هاتنە مەیدانی بەملیۆن ئێرانی پەنابەر و کۆچبەر لە وڵاتانی ئوروپایی، ئامریکایی، ئوسترالیا و هەروەها پێشڕەوانی ئەو وڵاتانە بۆ داکۆکی لە شۆڕشی ئێران نابێ لەبەرچاو نەگیرێت. ئەم جەماوەر ملیۆنیە، کە زۆربەیان لە بەرهەمهێنانی کالا و خزمەتگوزاریدا دەوریان هەیە، دەتوانن بە دەنگیان لەسەر چارەنووسی هێندێک لە سیاسەتمەداران کاریگەریان هەبێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە شۆڕشی بەهێزی و شکۆداری" ژن، ژیان، ئازادی" گەلێک سەرکەوتنی لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا دەستەبەر کردوە. لە تێکشکاندنی گەشتی ئیرشادەوە تا فەراهەم کردنی زەمینە بۆ دەرکرانی حکومەتی ئیسلامی لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆموسیۆنی پێگەی ژن و گەلێک دەستکەوتی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

یەکێتی، ئیدامەکاری و بەشداری هەرچی بەرین تری بە ملیۆن کەس لە خەڵکی ناڕازی دەتوانێ بوار خۆشکەری دەرکرانی کۆماری ئیسلامی بێت لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و باقی ناوەندە جیهانیەکانی دیکە. ئەم سەرکەوتنە شکۆدارانە کاتی روخانی حکومەتی ئیسلامی نزیکتر دەکاتەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## دەسکەوتەکانی تا ئێستای ڕاپەڕینی ژینا لە ئێران و کوردستان




**سمایل شەرەفی**

١- بەهێزکردنی زەینییەت و ئیرادەی خەڵکی ئێران - چ ئەوانەی ڕاپەڕیون و چ ئەوانەی لەچاوەڕوانیدان - بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢- بەهێزکردنی هەستی یەکگرتوویی گەلانی ئێران بۆ بەگژداچوونی ڕیژیم.

٣- دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی شۆڕشگێرانی سەرشەقام بۆ چۆنیەتی درێژەدان بە ڕاپەڕین.

٤- لە سەرخەتبوونی بەردەوام و هاوئاهەنگی هێزی دیاسپۆرا لە گەڵ ڕاپەڕین لە نێوخۆی وڵات بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٥- گۆڕانکاریی ئەرێنیی زەینی و فکریی گەلانی دیکەی ئێران - بەتایبەت ناوەندنشینان - بەرانبەر بە کورد و کوردستان وەک دەرفەتێکی بێوێنە ئەگەر بتوانین کەڵکی لێ وەربگرین.

٦- پشتیوانی و هاوسۆزیی خەڵک شوینەکانی دیکەی ئێران بەرانبەر بە کوردستان وەک دەرفەتێکی بێوێنە ئەگەر بتوانین کەڵکی لێ وەربگرین.

٧- بەهێزبوونی هەستی باوەڕبەخۆبوون لە کۆمەڵگەی کوردستان کە بە درووشم و هێما و دەستپێشخەرییەوە، لە ڕیزی پێشەوەی ڕاپەڕینەکەدا جێی گرتووە.

٨- پووچەڵبوونەوەی پیلانەکانی ڕێژیم و ئیدیعاکانی بەرانبەر بە کوردستان و حیزبە سیاسییەکان لای خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران.

٩- سەلماندنەوەی هوشیاری و لەسەرپێبوونی کۆمەڵگەی ئێرانی و کوردستانی دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و هەرجۆرە فاشیزمێکی زەینی.

١٠- لێکگرێدانی ئەم ڕاپەڕینە بە ناوی کورد و کوردستان کە لە سێ بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌دا ئێعتبار و کەسایەتیی لێ دەکەوێتەوە.

١١- پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ڕاپەڕین و بێزراوبوونی کۆماری ئیسلامی.

سڵاو لە شەهیدانی ڕاپەڕینی ژینا

بەردەوامی تا سەرکەوتن بۆ ڕاپەڕینی ژینا

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٥ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێراندا



برایم جەهانگیری

زۆر جاران لێرە و لەوێ دەبیسترێ کە حیزبی دێمۆکرات دوای تێرۆری سەرکردە ناودارەکانی وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی زەبرێکی گەورەی وێ کەوتووە و کەلێنی ئەو دوو ڕێبەرە لەوحیزبەدا پڕ نەبۆتەوە.

ئەو قسەیە لەبارەی سەرکردە و وەک کەسایەتی بەتایبەتی کەسایەتیی کاریزماتیک و لێهاتوو ڕاستە و، کەلێنی بەتاڵی هەڵسووڕ و چالاکیی سیاسیی و دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی، کەموکورتییەک نییە کە هەستی پێ نەکرێ و، کەلێنێک نییە کە وا زوو پڕ بکرێتەوە. خۆ لە خۆڕا نەبوو ڕێژیم سەرەڕای ئەوەی سوور دەیزانی ڕەنگە تێرۆری دوکتور قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ تووشی هەزینەی زۆر گەورەی سیاسیی و دیپلۆماسیی بکا، بەڵام دیسان ئەو تێرۆرەی لەنێو دڵی ئورووپادا ئەنجام دا.

ئەوە ڕاستییەکە کە تا ئەم چرکەساتەش لەنێو حیزبی دێمۆکراتدا شوێنی ئەو سەرکردەیە وەک کەسایەتی پڕ نەبۆتەوە، دوکتور قاسملوو، سیاسەتزان، هەڵسوور و چالاکی کەموێنەی دنیای دیپلۆماسیی سەردەم بوو. ئەو بە شاهیدیی مێژوو زۆر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جار وەپێش ڕووداوەکان کەوتووە و بە تێروانین و هەڵسەنگاندنی ورد بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەباری سیاسییەوە لەمەڕ ڕووداوەکانەوە داوە. نموونەی هەرە زیندوو و دیار، ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی بوو کە لە حاڵێکدا ئەوکات کەمتر کەس هەستی بەو ڕاستیە کردووە، دوکتور قاسملوو زۆر پێش ڕووخانی ڕێژیم ڕێبەری حیزب ئاگادار دەکا کە دەبێ خۆیان ئامادە بکەن و بچنەوە نێوخۆی کوردستان، چونکی حکوومەتی ئێران دەڕووخێت.

دوای دوکتور قاسملووی نەمر، ئەوە مودیرییەت و بەڕێوەبەریی دوکتور سادق شەرەفکەندییە کە جێگای تێڕامانە. ئەو وەک سەرکردەیەکی حیزبی باوەڕی تەواوی بە چوارچێوە و پرەنسیبە تەشکیلاتییەکانی حیزب هەبوو و بەڕێوەبەرێکی کەموێنە بوو لە حیزبدا. دیارە لە سەردەمی بەڕێوبەریی دوکتور قاسملووشدا، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەنێو حیزبدا ئەو دەورەی هەر دەگێڕا و، لە ڕاستیدا ئەو وەک وەزیری نێوخۆی حکوومەتێک کاروباری ناوخۆی ڕادەپەراند. بۆیە تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیش پرۆژەی تێرۆری موتۆڕی هەڵسووڕێنەری حیزبی دێمۆکراتی بۆ ڕێژیم تەکمیلتر کرد.

ئێتر ئەوە بوو کە حیزب بە سەر بارودۆخێکی تەواو نالەبا دا کەوت و لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواری گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا شانی وەبەر باری قورسی لەدەستدانی دوو ڕێبەر و سەرکردەی بلیمەتی کورد و حیزبی دێمۆکرات نا. لەو هەلومەرجە سەختەدا کە تا ئێستاش دەبینین گوشارەکان زیادیان کردووە و کەمیان نەکردووە، ئەو حیزبە توانیوتی لەسەر پێ بێ و سەنگ و قورسایی خۆی بپارێزێ و هەر ئەوەش نا، بەڵکوو لەنێو ڕووداو و پێشهات و هاوکێشەکانی ئێران و ناوچەدا حیسابی تایبەتیی بۆ بکرێ. بەڵام بۆچی ئەو حیسابە بۆ حیزب دەکرێ؟ خۆ کارەساتی لەدەستدانی دوو سەرکردەی لێهاتوو و بلیمەتی حیزب بە سەر هەر حیزبێکی دیکەدا هاتبا ڕەنگە ئەو حیزبە خۆی نەگرتباوە، خۆ لەبەرچاومانە حیزبی وا هەیە بە مێژوویەکی دەیان ساڵەوە بە نەمانی سەرکردەکەی ئاداری بەسەر پادارییەوە نەماوە. وەڵامەکە ڕوونە:

حیزبی دێمۆکرات بەگشتی زۆر چاک سیاسەت لە دوکتور قاسملوو فێر بووە. ئەو حیزبە لە هەڵسەنگاندن و لە بڕیاردان و هەڵوێستگرتندا بەرامبەر بە هەر ڕووداوێک کە هاتبێتە پێش، هێندە ورد و دەقیق و بە دوور لە گوشاری ئەو و ئەم بڕیاری دروستی داوە و هەڵوێستی بەجێی نواندووە، کە ئەوی کردووەتە خاوەنی جێگەوپێگەیەکی ئەوتۆ کە لە سەرتاسەری ئێران و لە ناوچەشدا کەس نەتوانێ پەراوێزی بخات.

لە ڕاپەڕینی ئێستای "ژینا"ش و لە ماوەی سێ مانگ خۆپیشانداندا و ڕاپەڕیندا حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری خاوەنی باشترین و دروستترین بڕیار و هەڵوێست بوون، بە جۆرێک کە دەمارگرژترین کەس و لایەنە ئێرانییەکان لە بەرانبەر سیاسەتی دروستی حیزبی دێمۆکرات و بە گشتی حیزبەکانی دیکەی ناوەندی هاوکاریدا نەیانتوانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێدەنگ بن و هەوڵی پەراوێزخستنی ئەو حیزبانەیان بۆ نەچووە سەر. هەروەها دانیان بەوە دانا کە ئەو هێزانە خاوەنی چ جێگەوپێگەیەک لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێراندان و دەتوانن چ کارتێکەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان هەبێت.

بەڵێ جێگا و کەلێنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەک کەسایەتی بەوزووانە لەنێو حیزبی دێموکراتدا ڕەنگە پڕ نەبێتەوە، بەڵام لەباری سیاسییەوە ڕێبوارانی ئەو دوو کەسایەتییە دەگەڵ ئوسوول و پرەنسیپەکان و دەگەڵ خوارەپێچەی وردی سیاستدا وەها تێکەڵاو بوون و و لەگەڵ سەختی و دژوارییەکان وەها ڕاهاتوون و خاراون، کە باشترین هەڵوێستی سیاسییان لە دوای دوکتور قاسملوو لەمەڕ ڕووداو پێشهاتە گرینگەکاندا هەبووە؛ بە جۆرێ کە دوژمن هەرگیز نەیتوانی لەو بارەوە ئامانجەکانی وەدی بێ. حیزبی سیاسیی کاتێک بەرەو شکست و دارمان دەڕوات کە لەمەڕ پرسە گرینگە سیاسیەکاندا تووشی هەڵە و هەڵدێر بێت، کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات تا ئێرە لەوبارەوە سەربڵیند و سەرکەوتوو هاتۆتە دەر. هەر بۆیەشە کە ڕێژیم بەردەوام بە مووشەک و درۆن پەلاماری بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبە دەدات و کردەوە تێرۆریستییەکانی لەدژی ئەم حیزبە ناوەستێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆچی ئێران لە ئاژانسێکی جیهانی دەرکرا؟



**هیوا سەید سەلیم**

وەک هەڵوێستیک لەبەرامبەر سیاسەتی توندوتیژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرکوتکردنی شۆڕشی " ژن ژیان ئازادی" کە "ژینا ئەمینی" بە خوێنی ئاڵی خۆی چەغماغەی ئەو شۆڕشەی لێدا،کۆمسیۆنی ژنانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان UN لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٤ - ١٢ - ٢٠٢٢، بڕیاریدا بە دەرکردنی ئێران لەو ئاژانسە گرنگە.

شایانی باسە، کۆمسیۆنی ژنان بەشێکە لە لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لیژنەیەکی گرنگە لە کۆی ئەو شەش لیژنانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان UN پێکدەهێنن، کۆمسیۆنی ژنان ساڵی ٢٠١٠ بە ئامانجی بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری لە نێوان ژن و پیاو ، نەهێشتنی جیاکاری بەدەنگی ئەندامانی لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە ٥٤ ئەندام کە نوێنەرایەتی وڵاتەکانیان دەکەن پێکهات، ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە پێی جوگرافیا لە کۆی ئەو ٥٤ وڵاتە پێکدەهێت، هەر وڵاتێک بۆ ماوەی ٤ ساڵ دەتوانێت ئەندامی ئەو کۆمسیۆنە بێت و بۆ یەک خولیش مافی دووبارە بوونە ئەندامیەتی دەبێت.

ئێران ساڵی ٢٠٢١ وەک ئەندام بۆ کۆمسیۆنی ژنان هەڵبژێردراوە، بەڵام بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لێیدەگیرن لە بەرامبەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوشتنی ژنان و سەرکوتکردنی ئازادیەکان و لە سێدارەدانی چالاکوانان، لەسەر پێشنیاری نوێنەری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامیەتی ئێران لەو کۆمسیۆنە درا.

بڕیاری دەرکردنی ئێران بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان کە ٢٩ دەنگی ئەریّ وەرگیراوە، ئەگەرچی لە کۆی ئەو وڵاتانەی دەنگیان داوە ٨ وڵات بە دژ دەنگیان داوە، بەڵام سەرەنجام ئێران کورسی ئەندامیەتی لەو کۆمسیۆنە لە دەستداوە، شایانی باسە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژینا ئەمینی" ئەوە دووەم بڕیارە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دژ بە ئێران دەردەچێت، پێشبینی ئەوە دەکرێت هی دیکەشی بەدواوە بێت چونکە بەرەی پشتیوانی لە ئێران لە ناو نەتەوەیەکگرتووەکان لاوازە.

شایانی باسە، کۆماری ئیسلامی ئێران کاردانەوەی بەرامبەر بڕیارەکە هەبووە، ئەمیر سەعید ئیراوانی، کە نوێنەری وڵاتەکەی دەکات لە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە بەرامبەر دەرکردنی وڵاتەکەی لە کۆمسیۆنی ژنان ڕایگەیاندبوو کە ئەو بڕیارە دیاردەیەکی مەترسیدارە لە نەتەوەیەکگرتووەکان.

ئێران لە سێ مانگی ڕابردوو سەدان چالاکوانی لە خۆپیشاندەران شەهیدکردووە بە هەزارانیشی ڕاپێچی زیندانەکان کردوە لە ناویاندا ژن و منداڵ هەیە، دۆسیەی شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" لە لایەن پۆلیسی بەناو ئەخلاق لە لایەک کاردانەوەی جیهانی لێکەوتەوە و، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش "ژینا" بۆتە سونبلی شۆڕش و سەرهەڵدان.

ئەگەر لەسەر ئاستی جیهان بە تایبەت نەتەوەیەکگرتووەکان و، یەکێتی ئەورپا، دادگای مافی مرۆڤی سەربە یەکێتی ئەورپا و، ڕای گشتی جیهانی، فشاری زیاتر نەخرێتە سەر ڕژێمی ئێران، ئەوا ئێران لە سیاسەتی خۆی بۆ کووشتنی ژنان و پەلکێشکردنی چالاکوانان بۆ کونجی زیندان و، دواتر لە سێدارەدانیان بەردەوام دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئۆپۆزسیۆنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت لەسەر دوو ئاڕاستە کاربکەن، یەکەم درێژەدان بە شۆڕش و پشتیوانیکردن لە نارەزایییەکانی ناوخۆ، دووەمیش کارکردنە لەسەر ئاستی دبلۆماسی بۆ زیاتر فشارخستنە سەر ئەو ڕژێمە تا دەست لە سەرکوتکردنی خەڵک هەڵگرێت و بچێتە ژێر باری داخوازیەکانی خەڵک.

سەرچاوە: ماڵپەری شارپرێس – ڕێکەوتی: ١٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com